IBN FADLAN

ئیبن فەزلان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان

٣٠٩ك - ٩٢١ز

وەرگێڕانی:

حەسیب مەلا حامد تلیانی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

سەفەرنامەکەی

ئیبن فەزڵان

٣٠٩ک ـ ٩٢١ز

نووسینی:
أحمد بن فضلان

وەرگێڕانی
حەسیب مەلا حامد تلیانی

سەفەرنامەکەی ئیبن فەزڵان

نووسینی: أحمد بن فضلان
وەرگێڕانی: حەسیب مەلا حامد تلیانی

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسینگەی تەفسیر
چاپی یەکەم ٢٠٢٤ز - ١٤٤٥ک

نووسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەلیشت مناڕەی چۆڵی
+964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice \

ئامادەکردنی پێڕست - نووسینگەی تەفسیر
تلیانی، حەسیب مەلا حامد
سەفەرنامەکەی ئیبن فەزڵان، أحمد بن فضلان (نووسەر) ، حەسیب مەلا حامد تلیانی (وەرگێڕ)،
١٢٨ لاپەڕە
١٧* ٢٤ سم
بابەت: گەشتنامە، میژوویی
ISBN: 978-9922-690-79-7

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان، ژمارەی سپاردنی (٧٠٣)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.

دیزاینی: نووسینگەی تەفسیر

بەناوی خودای مەزن

پێشەکیی وەرگێڕ

سەفەرنامە یەکێکە لە بابەتە گرنگە میژوویییەکان، بەو پێیەی بەڵگەنامەی کۆنە دەربارەی گەلان و شوێنی نیشتەجێبوون و سنووری جوگرافی و هەروەها سروشتیان، هێزی کار، توانای سەربازی و زانستی و دەستڕەنگینی و بەهێزیی شارستانییەت و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو بارودۆخە کە تێیدا بوون و... هتد. کەواتە کاتێک میژووی گەڕیدەکان وەک ئیبن بەتوتە، یاخود ئیبن فەزلان دەخوێنینەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە چۆن نەتەوەکانی ناوچە گەرم و ساردەکان خۆیان گونجاندووە لەگەڵ کەشوهەوادا، چۆن توانیویانە بژین و پارێزگاری لە بوونی خۆیان بکەن. هەموو ئەوانەی باسم کردن هەمیشە بابەتگەلێکی بەچێژ و سەرنجڕاکێشن بە لای خوێنەرەوە، چونکە ئارەزووی ئەوە دەکات گوزەرێک بکات بە ناو میژووی ئومەتەکانی دونیادا و بزانێت مرۆڤی ئەو سەردەمە بە چ شێوازێک ژیاون، یاخود دۆخی نەتەوەکان چۆن بوون؟ سەرەڕای ئەوە هەمیشە جێی سەرنجی ناوەندەکانی توێژینەوەش بوون. دەتوانین بڵێین هەندێکیان وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا بەڵگەنامەیی میژوویین، دەکرێت ببنە بەڵگەی پشت پێ بەستراو بۆ یەکلاییکردنەوەی سنووری نەتەوەکان و بوونیان، بۆ نموونە: کاتێک ئیبن بەتوتە باسی شنگار دەکات، دەڵێت: "کوردن و موسوڵمانن"، یاخود ئیبن فەزلان (لە ٣٠٠ک) باسی چەند ناوچەیەک دەکات کە لە چەند گوندێک پێک هاتبوون و پێیان دەوتن (کوردەلییە و کوردبوونە).

گرنگیی ئەم کتێبە لەوەدایە کۆمەڵە زانیارییەکی میژوویی بەسوودی تێدایە دەربارەی گەلانی ڕۆژهەڵات لە ڕووی دابونەریت و بیروباوەڕ و هەڵسوکەوت و ناستی زانیاریی هەر گەلێک، وەک: (سلاڤییەکان، ڕووس، خەزەر و تورک،

تەنانەت کوردیش) لەگەڵ پەیوەندییان بە جیهانی ئیسلامییەوە. کتێبەکە بە شێوەکی گشتی وێنای ئەو سەردەمە باس دەکات لە ڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئایینی و سنووری نەتەوەکان و بە میراتێکی زانستیی کۆنی بەرز هەژمار دەکرێت. بۆیە لامان سەیر نییە کە کەسێکی وەک «جیهاد توربانی» لە کتێبەکەیدا بە ناوی (مائة من عظماء امة الاسلام غیروا مجری التاریخ) واتە: (ئەو سەد کەسە مەزنەی ئیسلام کە ڕێڕەوی مێژوویان گۆڕی)، لە پەڕە ٣٩٨دا ناوی ئەحمەدی کوڕی فەزلان «احمد بن فضلان»ی هێناوە. هەروەها ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی «کراتشۆفسکی» بە یەکێک لە سەرچاوە دەگمەنەکان وەسفی دەکات و دەڵێت: "ئیبن فەزلان لەو سەردەمەدا باسی پەیوەندییەکانی جیهانی ئیسلامی و وڵاتانی ئاسیای خواروو دەکات، هەروەها باسی هەموو ئەو گەل و هۆزانە دەکات کە لە ناوچەی حەوزی ڤۆڵگادا ژیاون. کتێبەکەی بە زمانێکی پاراو و شێوازێکی چیرۆکی سەرنجڕاکێش نووسراوەتەوە، هەموو کەس ئارەزوی خوێندنەوەی دەکات."

لەبەر ئەوەیە بۆ چەندان زمانی بیانیی جیهانی وەرگێڕدراوە، سوپاس بۆ خوا نێمەش هەوڵی خۆمان داوە، تا بە شێوازێکی جوان و زانستییانە ئامادەی بکەین و بۆ زمانی کوردیی وەربگێڕین.

«د. سامی دەهان» پێشنیاری ئەوەی کرد دەستنووسەکەی ئیبن فەزلان جارێکی تر بە زمانی عەرەبی بنووسرێتەوە بە لێکۆڵینەوەی نوێ و زانیاریی زیاتر لە لایەن (د. محمد کورد علی)یەوە.

ڕەچەڵکی ئەم پیاوە، د. محمد کورد علی، دەگەڕێتەوە بۆ شاری سلێمانی، وەک خۆی لە لاپەڕە ٥ی کتێبەکەیدا (المذکرات - یادەوەرییەکان) باسی دەکات کە باوانی لە سەرەتای سالانی ١٨٠٠ لە کوردستانەوە کۆچیان کردووە بۆ دیمەشق و لەوێ نیشتەجێ بوون؛ ماوەیەکیش وەزیری ڕۆشنبیریی سوریا بووە. لەبەر گرنگیی کتێبەکە، لە ساڵی دا١٩٥٠ سامی دەهان ڕادەسپێرێت بۆ نووسینەوەی دەستنووسەکەی ئیبن فەزلان.

منیش نووسخەیەکی کتێبەکەی د. سامی دەهانم دەستکەوت، لەگەڵ ئەوەی

«د. شاکر لعیبی» بەجوانی باسی ڕەخنە لە نووسەری ئەمریکی «مایکل کریکتۆن» دەگرێت بەوەی کە چۆن دەیەوێت مێژووی ئەو گەڕیدەیە بشێوێنێت لە کتێبی (Eaters of the Deat، اکلة الاموات، مردووخۆرەکان) کە دواتر هۆڵیود دەیکات بە فیلم بە ناوی (Th13WARRIOR، المقاتل الثالث عشر، جەنگاوەری سێزدەیەم)؛ هەروەها باسی ئەو نووسەرانە دەکات کە کەوتوونەتە داوی مایکڵ کریکتۆنەوە وەک د. غەیبە و دکتۆر عەبدوڵڵا ئیبراهیم.

زۆر هەوڵمدا نووسخەیەکی کتێبەکەی د. غەیبەم دەست بکەوێت بۆ بەهێزکردنی وەگێڕانەکەم، بەڵام بێسوود بوو و لە کۆتاییدا نووسخەکەی د. شاکر لعێبیم پێ باش بوو. هەرچەندە لعێبی پشتی بە نووسخەکەی دەهان بەستووە، بە تێبینی و زانیاریی نوێوە، بۆیە ئەوەم وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و سوودیشم لەوەی د. سامی دەهان وەرگرتووە. لە کۆتاییدا هیوادارم کەلەبەرێکم لە پەرتووکخانەی کوردیدا پڕ کردبێتەوە.

حەسیب مەلا حامد تلیانی
وەرگێڕ

پێشەکیی
د. سامی دەهان

هاوینی ساڵی ١٩٥١ بوو، سەردانی ماڵی خوالێخۆشبوو، مامۆستا و زانای پایەبەرز (محمد کورد علی)م کرد لە ماڵەکەی خۆی لە دیمەشق. لە یادمە ئەو کات دانیشتبوو تەماشای ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی دەکرد، ئەوانەی کە دەهێنران بۆ کۆڕی زانایان، بەردەوام زانیارییەکانیانی دەخوێندەوە و ئاگاداری توێژینەوە و نووسینی زانایانی عەرەب و غەیرە عەرەب و ڕۆژهەڵاتناسەکان بوو. هیچ کات هەواڵی لە دەست نەدەچوو، لەو کاتەدا بوو ڕۆژنامەیەکی هەنگاریی پێدام کە تەنیا مانگێک بوو لە بوخارست چاپ کرابوو، لەناو پەڕەکانیدا بابەتێکی بە زمانی ئەڵمانی تێدا نووسرابوو لەسەر سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان و یەکێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان نووسیبووی؛ تێیدا باسی ئەو توێژینەوە و کتێب و وەرگێڕانانە کرابوو لەسەر سەفەرنامەکە، هەروەها ئاماژەکردن بە دیاریکردنی هەڵەکانی ناوی و ڕاستکردنەوەیان بە پشتبەستن بە دەقی گەشتەکە بە زمانی عەرەبی، لەگەڵ ئەوەشدا نووسخەیەکی لەگەڵیدا هاوپێچ کردبوو؛ نووسخەکە بە کامێرای هەتاوی (شەمسی) گیرابوو.

منیش هەندێک تەماشای گۆڤارەکەم کرد و ئیدی بۆ مامۆستام گەڕاندەوە، بەڵام نەمدەزانی نهێنی و گرنگیی بابەتەکە چییە. ئینجا مامۆستا باسی گرنگیی سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلانی بۆ کردم کە چەند پێویستە ڕۆشنبیران ئاگاداری زانیارییەکانی نێوی بن و بزانن چییە و چۆن باپیرانی ئێمە خاوەن زانست و بە هیممەت بوون، چەندێک بە زەحمەت هەوڵیان داوە لە سەرتاسەری جیهاندا زانیاری کۆبکەنەوە، لەو سەردەمەدا باسی بولگار و ڕووس و تورک و نەتەوەکانی کردووە و لە هیچ سەرچاوەیەکەوە ئەو زانیارییانەت دەست ناکەوێت؛ مەگەر تەنیا لە سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلانەوە. تەنانەت ڕووسەکان بە سەرچاوەیەکی دانسقەی بەنرخی دادەنێن، سەد ساڵ لەمەوبەر توێژینەوەیان لەسەری

کردووە و لە چاپیان داوە و لە ناوەندە زانستییەکاندا دەخوێنرێت، تا هەموو خوێندکارەکانیان پێی ئاشنابن، چونکە میژووی کەسایەتییەکانی تێدا تۆمار کراوە؛ لەگەڵ ئاوی جێگاکان و کەرەستەی جەنگی، پۆشاک و خواردن و نەریتەکان و بیروباوەڕی مرۆڤی ئەو سەردەمە.

ڕۆژهەلاتناسەکان بە تێگەیشتنی نوێوە چەندان کتێبیان لەسەری نووسیون، بە گەوهەرێکی شاراوە دادەنرێت و پێویستە ئاوڕی لێ بدرێتەوە. بەداخەوە بەشێک لەو توێژینەوانەی کە لە ڕۆژئاوا هەبوون، نەگەیشتوونەتە دەستمان.

کتێبخانەی وڵاتە ئیسلامییەکان پڕن لە گەوهەرە دەستنووسەکان کە هەندێکیان، تا ئێستا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، هەر لەبەر ئەوەیە مامۆستای پایەبەرز هانیدام گرنگی بە سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان بدەم و جارێکی تر دەستنووسەکە بەتەواوەتی ئامادە بکەم لەگەڵ پیداچوونەوە و ڕاڤەی دروست و شیکردنەوەی نوێ. بەڕاستی دڵخۆش بووم بەو ئەرکە و هەستم کرد بە داهاتێکی مەزنی زانستیدا ڕوبشتوومەتەوە، وەک چۆن هەر جارێک لە ماڵی مامۆستا گەڕایێتەوە بە دەستی پڕ لە زانستەوە گەڕاومەتەوە.

سەرەتا وام زانی ئەم ئەرکە کارێکی ئاسانە، بەڵام دواتر بۆم ڕوون بووەوە قورس و گرانە. هەر کاتێک دەستنووسەکەم دەخوێندەوە و بەوردی تەماشای دێڕەکانم دەکرد، لێی تێ نەدەگەیشتم، تەنیا نووسخەیەک هەبوو، هەر ئەوە بوو و ئەویش ماندوو بوبوو، هەندێک پەڕەی دڕابوون، هیچ شتێکی تر نەبوو پەنای بۆ بەرم و سوودی لێ وەربگرم. جا ئەگەر هاوڕێکەم، «نیکیتا ئیلیسیف»، ڕۆژهەڵاتناس نەبوایە، نەمدەتوانی کارەکەم تەواو بکەم، چونکە زمانی ڕووسیی دەزانی و ئامۆژگاریی کردم کە چاپە ڕووسی و ئەڵمانییەکان بخوێنمەوە و سوودیان لێ وەربگرم.

دوای ئەو، لە زانکۆی کامبریج چاوم بە ڕۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی «دەنلوب» کەوت، باسی کارەکەم لەگەڵ کرد، ئیدی وتارێکی دامێ کە باسی هۆزەکانی تێدا

بوو لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەندێک دەستەواژەی نارووني نێو سەفەرنامەکە، سوودم لێ بینی، بەڵام نامانجەکەمی بەتەواوەتی نەپێکا.

کاتێک لە ساڵی ١٩٥٤سەردانی زانکۆی هارڤاردم کرد لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هاوڕێکەم «ڕیچارد فرای» نامەیەکی پێدام واژۆی هاوڕێکەی خۆی«بلاک»ی لەسەر بوو، نامەکە ڕاستکردنەوەی هەندێک وشەی تێدا بوو کە لە پەڕەی سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان بوو.

هەر لەو ساڵەدا بوو مامۆستا «مەردم بێک» ئەوەی پێ وتم کە من هەڵبژێردراوم بۆ ئەوەی وەک ئەندامێکی نوێنەری کۆمەڵەی زانایان سەردانی ڕووسیا بکەم لەسەر داوایەکی کۆڕی زانیاني ڕووسی، ئەوەش دەرفەتێک بوو، تا زانیاریی تەواوم دەست بکەوێت لەسەر سەفەرنامەکە. مەبەستی سەرەکیم تەنیا ئەوە بوو کە نووسخەیەکی سەفەرنامەکەم بە زمانی ڕووسی دەست بکەوێت، بە ژێرنووس و ڕوونکردنەوەکانی دواتر لەڕێی مامۆستا (ف. بیلایف)ەوە نووسخەیەکی سەفەرنامەکەم دەست کەوت، بە ژێرنووس و ڕوونکردنەوە، لەگەڵیدا وێنەی دەستنووسەکە چاپ کرابوو، وێنەکان بە ڕوونی و جوانی گیرابوون. ئەوە بووە ڕێخوشکەری تەواو، تا بەئاسانی دەست بکەم بە تەواوکردنی کارەکەم. وردە وردە دەستم کرد بە لێکوڵینەوە لە هەموو ئەو دێڕانەی کە نارووون بوون بەلامەوە و بەراوردم دەکردن لەگەڵ ئەوانەی لای «یاقووتی حەمەوی» هەبوون، یاخود لای جوگرافیناسەکانی تر باس کرابوون.

ئەوەی لە توانای منداا بووبێت ئەنجامم داوە، هیچ کارێکیش بێ هەڵە و کەموکوڕی نابێت. لە کۆتاییدا توانیم سەفەرنامەکە تەواو بکەم و بە چاپی بگەیەنم، سوپاس بۆ خودا.

پێشەکیی نووسەر، شاکر لعێبی

سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان بە یەکێک لە کۆنترین ئەو سەفەرنامانە دەژمێردرێت کە لە مێژووی ئیسلامدا ڕووبان داوە، بە بەراورد بە گەشتەکەی ئەبی دولف کە لە ساڵی (٩٤٢ز – ٣٢٩ک) ئەنجامی داوە؛ هەروەها گەشتەکەی مەقدیسی لە ساڵانی (٩٨٥ز – ٩٩٠ز)، هەر بۆیە بووەتە جێی سەرنجی مێژوونووس و توێژەرەکان و لە هەموویشیان زیاتر توێژەرانی سەرقاڵ کردووە. هەروەها زیاتر وەک بەڵگەنامەیەکی مێژوویی تایبەت بە زانستە مرۆڤایەتییەکان (ئەنسرۆپۆلۆجی) تەماشا دەکرێت، وەک لە بابەتێکی جوگرافی.

ئیبن فەزلان لە ڕۆژی پێنجشەممەی ١١ی سەفەری ساڵی ٣٠٩ی کۆچی بەرامبەر بە حوزەیرانی ساڵی ٩٢١ی زایینی دەستی کرد بەو گەشتە قورسە، بە فەرهمانی خەلیفەی موسوڵمانان موقتەدیربیللا، ئەوەش لەسەر داوای پاشای سەقالیبە بوو لە خەلیفەی موسوڵمانان، تا هاوکاریی بکات بۆ وەستانەوە لە ڕووی دوژمنەکانیدا.

سەقالیبەکان کە دانیشتووانی کیشوەری باکووری ئەوروپا بوون، زیاتر لە سەر ڕۆخی ڕووباری «ڤۆڵگا» نیشتەجێ بوون، ئەو کات پایتەختی مەملەکەتەکەیان دەکەوتە نزیک شاری قازانی ئێستاوە کە لە مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیاوە نزیکە. ئەوەی دیارە، نوێنەری خەلیفەی موسوڵمانان لە چوار کەسی سەرەکی پێک هاتبوو لەگەڵ چەند مامۆستا و زانا و قوتابییەک و دوو خزمەتکار.

ساڵی ١٩٥٦ بۆ یەکەمجار کە سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان لە لایەن (کۆمەڵەی زانستی عەرەبی) لە دیمەشق لە چاپ درا و دکتۆر سامی دەهان لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کردبوو و کۆمەڵێکی زۆر ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی بۆ نووسی.

دواتریش چاپی دووەم لە لایەن کۆمەڵەی (زیندووکردنەوەی کەلەپووری عەرەبی) لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە ساڵی ١٩٧٧دا بڵاوکرایەوە و هەر ئەو چاپەیە کە ئێمە پشتمان پێ بەستووە و جارێکی تر بە تێبینیی خۆمان لە چاپ درایەوە.

ئەوەی شایەنی باسە دکتۆر سامی دەهان کاتی خۆی وێنەیەکی فۆتۆگرافیی هەتاویی (شەمسی) مەتنی سەفەرنامەکی گرتووە و هەر لەسەر ئەو وێنەی کە گرتبووی، لێکۆڵینەوی لە سەفەرنامەکە کردبوو، ئێستاش من بەوردی باسی ئەوەتان بۆ دەکەم:

لە ساڵی ١٩٣٤ «مارکۆرات MARKWART» توێژینەوەیەک لەسەر سەفەرنامەکە دەکات لە شاری «لیبیتسک». هەر هەمان ساڵ پەیمانگای ئاسیا بۆ ڕۆژهەڵاتناسی دوو وێنەی پەڕەی کتێبەکە وەردەگرێت کە لە بنەڕەتدا وێنەی دەستنووسە کۆنەکەیە کە لە سەردەمی کۆندا نووسرابوو، ئەم دەستنووسانە لە شاری مەشهەد (تووس) دۆزرابوونەوە دە ساڵی دواتر ئینجا وێنەی باقیی پەڕەکانی تری سەفەرنامەکە گەیشتنە پەیمانگای ئاسیا.

دیسان هەمان ساڵ بابەتێک لە ڕۆژنامەکانی ڕووسیادا بڵاوبووەوە دەربارەی ئەو نووسخەیەی کە لە گەنجینەی دەستنووسەکانی مەشهەددا بوو. لە ساڵی ١٩٢٦ گەنجینەی مەشهەد ڕیزێک ناونیشانی دەستنووسەکان بڵاودەکاتەوە و تێیدا باسی ئەو نووسخەیەی سەفەرنامەکە دەکات لە ژێر ناونیشانی (هەواڵی وڵاتەکان - عەرەبی). کتێبەکە بە خەتی (نووسخ) نووسرابوو و لە هەر پەڕەیەکدا نۆزدە دێڕی تێدا بوو و کۆی پەڕەکان بریتی بوو لە ٢١٢ پەڕە، کۆتا پەڕەیشی شێواو و پارچە پارچە بووبوو.

بۆ یەکەمجار توێژەرێکی تورک بە ناوی «زەکی تۆغان» توێژینەوەی لە سەفەرنامەکە کرد بە زمان و پیتی عەرەبی و بەراوردی کرد لەگەڵ ئەو دێڕانەی کە لە (معجم البلدان)ی یاقووتی حەمەویدا نووسرابوون، دواتر بە زمانی ئەڵمانی لە ساڵی ١٩٣٩ بڵاوکرایەوە. هەر لەو ساڵە ڕۆژهەڵاتناسی گەورەی ڕووسەکان

«کراتشۆفسکی» جارێکی تر سەفەرنامەکەی بە ژێرنووس و تێبینیی خۆی بڵاوکردەوە، لە کۆتایی توێژینەوەکەیدا هەموو پەڕەکانی مەشهەدی بە وێنەیەکی گەورە لەگەڵ کتێبەکەدا چاپ کرد. هەر ئەو کتێبەی کراتشۆفسکی بوو کە دکتۆر سامی دەهان پشتی پێ بەست و لێکۆلینەوەی لەسەر کرد، بڕوایشم وایە پشتیشی بە نووسخەکەی زەکی تۆغان (عەرەبی - ئەڵمانی) بەستبێت.

یاقووتی حەمەوی
هۆکاری دۆزینەوەی ئیبن فەزلان بوو

پێش ئەوەی دەستنووسەکەی ئیبن فەزلان بدۆزرێتەوە کە دکتۆر سامی دەهان بڵاوی کردەوە، یاقووتی حەمەوی لە زۆر جێگەی کتێبەکەیدا (معجم البلدان) ناماژەی بە ئیبن فەزلان دابوو، ئەوەش وای کرد پۆژهەڵاتناسەکان، هەوڵی تەواوی خۆیان دا، تا هەرچۆنێک بێت دەستنووسەکەی بدۆزنەوە؛ لە کۆتاییشدا توانییان بیدۆزنەوە.

هەروەها دکتۆر سامی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە (ئیستخری و ئیبن ڕەست و مەسعوودی) هەموویان کتێبەکەی ئیبن فەزلانیان خوێندووەتەوە و زانیارییان لێوە گواستووەتەوە، بەڵام ئەوەی ئەوان دەربارەی ڕووس و خەزر و بولگارییەکان نووسیویانە، چەند زانیارییەکی بڵاوبوون لەو سەردەمەدا (سەدەکانی ناوەڕاست)، تا ڕادەیەک هاوشێوەن لەگەل سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان. ئەوەی جێی سەرنجە دکتۆر سامی دەهان ئەوە دووپات دەکاتەوە کە یاقووتی حەمەوی لە سەدەی حەوتەمدا یەکەم کەس بووە ناماژەی بە ئیبن فەزلان داوە، چەند بابەتێکی لێوە گواستووەتەوە و لە فەرهەنگەکەی خۆیدا کە باسی وڵاتان دەکات، زۆر بە ڕوونی ناماژە بە ئیبن فەزلان دەدات، بەتایبەت لە باسی: (خەوارزم، باشگرد، بولگار، ئیتەڵ، ڕووس، خەزەر). نزیکەی بیست پەڕەی لە سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلانەوە گواستووەتەوە، پازدە پەڕەشی لێ بەجێهێشتووە، وەک بڵێی بە لایەنی کەمەوە دوو لەسەر سێی وەرگرتووە و ئەوەی تری وەک دکتۆر سامی دەهان دەڵێت: سەرچاوەکەی نادیارە.

بەڵام لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا یاقووتی حەمەوی یەکەم کەس بووە زانیاریی

لە ئیبن فەزلانەوە گواستوویەتەوە، یان نا؟ نەخێر، ئەوەی ئێستا لەم کتێبەدا وا ڕوونی دەکەینەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە یاقووت یەکەم کەس نەبووە زانیاریی لە ئیبن فەزلانەوە گواستبێتەوە، ئێستاش ئەوەتان بۆ باس دەکەین.

با بگەڕێینەوە بۆ لای ڕۆژهەلاتناسەکان، ئەوانەی کە شارەزایی تەواویان لەسەر ڕووس و بولگار هەیە و لەو ڕووەوە پسپۆڕن، دەبینین لە ساڵانی ١٨٠٠دا گرنگییان بەم بابەتانە داوە، ئەمەش وای کردووە بگەڕێینەوە بۆ کتێبی میژوونووسە موسوڵمانەکانی وەک ئیدریسی و مەسعوودی و ئیبن فەزلان و ... هتد.

ساڵی ١٨٤١ ڕۆژهەلاتناس «ڕاسمۆسن - Rasmussen» چەند بەشێک لە کتێبەکەی یاقووتی حەمەوی وەردەگرێت کە لە ئیبن فەزلانەوە وەری گرتبوو، ئینجا وەری گێڕایە سەر زمانی ڕووسی.

دوای چوار ساڵ لەو کارەی ڕاسمۆسن، کەسێکی تر بە ناوی «نیکلسۆن»، وەری گێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی؛ هەروەها لە ساڵی ١٨١٩دا ڕۆژهەلاتناسی ئەڵمانی «فرین» هەموو ئەو بەشانەی کۆکردەوە کە یاقووتی حەمەوی لە ئیبن فەزلانەوە وەری گرتبوون و لە ساڵی ١٨٢٢ چاپی کرد و بڵاوکرایەوە.

لە ساڵی ١٨٦٣دا ڕۆژهەلاتناس «وستنفێلد» لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر یاقووتی حەمەوی کرد و تێیدا باسی ئیبن فەزلانیشی کرد.

لە ساڵی ١٨٩٩دا «فێستبێرگ - Festberg» توێژینەوەیەکی پوخت و جوان لەسەر ئیبن فەزلان بڵاوەکاتەوە.

لە ساڵی ١٩٠٢دا ڕۆژهەلاتناس «فۆن ڕۆزن - Rosen» بابەتێک بە زمانی ڕووسی بڵاوەکاتەوە لەسەر سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان. هەروەها لە ساڵی ١٩١١دا ڕۆژهەلاتناسی چیکی «دفورجاک» لە شاری پراگ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئیبن فەزلان بڵاوەکاتەوە. دوو ساڵ دواتر، واتا ساڵی ١٩١٣ بێرتولد کتێبێکی پوخت بە زمانی ڕووسی لەسەر گەشتەکەی ئیبن فەزلان بڵاوەکاتەوە. کەواتە لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئیبن فەزلان لە کتێبەکەی یاقووتی حەمەوی (فەرهەنگی وڵاتان)دا، مەبەستی سەرەکیی ڕۆژهەلاتناسەکان بووە. کەوایە

یاقووتی حەمەوی حەلەبی پێکگەیشتنی ڕۆژهەلاتناسان و ئیبن فەزلان بووە، پێش دۆزینەوەی دەستنووسەکەی مەشهەد کە پێشتر ناماژەمان پێدا.

یاقووتی حەمەوی لە ساڵی ١١٧٨ی زایینی لە شاری حەمای سوریا لەدایک بووە و ساڵی ١٢٢٨ی زایینی کۆچی دوایی کردووە. ئەدیب و نووسەر بووە، خاوەنی چەندان کتێبی مەزنە، دیارترینیان (إرشاد الإرب الی معرفة الأدیب)ـە کە باس و هەواڵی هەموو شاعیر و زانایانی تێدا تۆمار کردووە، تا سەردەمی خۆی و بە شێوازی پیتی ئەلفبێی فەرهەنگی؛ هەروەها ناماژە دەکات بەو کەسانەی کە سەرقاڵی کتێب نووسین و شیعر بوون. کتێبەکەی بە مەزنترین دادەنرێت لەو بارەیەوە. یەکێکی تر لە کتێبەکانی بریتییە لە (معجم البلدان) کە بە گەورەترین فەرهەنگی جوگرافی دەژمێردرێت و لە چەند بەرگێک پێک دێت، بەوردی باسی وڵات و هەرێمەکان دەکات بە شێوەی ئەلفبێ. جگە لەوە زانیاریی مێژووی و ئەدەبی و زمانەوانیی لە خۆ دەگرێت و بەسوود و دەوڵەمەندە بە زانیاری.

یاقووتی حەمەوی
یەکەم کەس نەبووە کە ئاماژە بە ئیبن فەزلان بدات

هەر لەو کاتەوەی لێکۆڵینەوە لە ئیبن فەزلان کراوە، تا ئێستا وا حاڵی بووین کە یاقووتی حەمەوی یەکەم کەس بووە ئاماژەی بە ئیبن فەزلان دابێت، بە ڕوونی و لە دەستەواژەکانیدا باسی دەکات، بۆ نموونە، دەڵێت: "سەفەرنامەکەم خوێندووەتەوە کە خاوەنەکەی ئەحمەدی کوڕی فەزلانی کوڕی عەباسی کوڕی ڕاشدی کوڕی حەماد «احمد بن فضلان بن العباس بن راشد بن حماد»، نوێنەری خەلیفەی موسوڵمانان موقتەدیر بیللا بووە بۆ لای پاشای سەقالیبە. باسی هەموو گەشتەکەی کردووە لەو کاتەی کە شاری بەغداد بەجێ دەهێڵێت، تا ئەو کاتەی دەگەڕێتەوە." یاخود دەڵێت: "کتێبەکەی ئەحمەدی کوڕی فەزلانی کوڕی راشدی کوڕی حەمادم خوێندووەتەوە، نوێنەری خەلیفە موقتەدیر بووە بۆ وڵاتی سەقالیبەکان." هەروەها دەستەواژەکانی یاقووت جۆرێک لە شێوازی ڕەخنەنامێز لەخۆدەگرن سەبارەت بەوەی لە کتێبەی ئیبن فەزلاندا هەیە کە ناکۆکە لە عەقڵ و لۆژیک.

ئێستا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەتەوە کە یاقووتی حەمەوی یەکەم کەس نەبووە ئاماژەی پێ بکات، بەڵکوو زانایەکی تر بە ناوی ئەبی زەکەریای قەزوینی لە کتێبی (آثار البلاد وأخبار العباد)دا لە سێ جێگەدا ئاماژە بە ئیبن فەزلان دەدات.

١. دەڵێت: "ئیبن فەزلان لە سەفەرنامەکەیدا دەڵێت: ڕووبارێ جەیحوونم بینیوە حەوت مانگ شەختە بووە، پانیی شەختەکان حەڤدە بست بووە، ئیدی خودا خۆی دەزانێت چۆن بووە."

٢. لە دووەم جێگەدا دەڵێت: "ئەحمەدی کوڕی فەزلان نوێنەری موقتەدیر بیللا بوو بۆ لای پاشای سەقالیبەکان، کاتێ پاشاکەیان موسوڵمان بوو. دواتر لە باسی هۆزی باشگردیدا باسیان دەکان."

٣. (کاتێک پاشای سەقالیبە موسوڵمان دەبێت، ئەحمەدی کوڕی فەزلان وەک نوێنەری خەلیفە موقتەدیر دەچێتە لای و پۆشاک و پێداویستیی بە دیاری بۆ دەبات." هەروەها باسی نەریتە نامۆ و سەرنجڕاکێشەکان دەکات کە چۆن ئیبن فەزلان باسیان دەکات.

ئەبی زەکەریای قەزوینی ناوی عەبدوڵڵای کوڕی زەکەریای کوڕی موحەممەدی کوڕی مەحموودی قەزوین «عبدالله بن زكريا بن محمد بن محمود القزويني»یە، بە ڕەچەڵەک دەگەڕێتەوە سەر گەورەمان ئەنەسی کوڕی مالیک «أنس بن مالك» (خوای لێی ڕازی بێت)، ساڵی ١١٨٤ی زایینی لە شاری قەزوین لەدایک بووە و ساڵی ١٢٦١ی زایینی کۆچی دوایی کردووە. ماوەیەک بە کاری دادوەرییەوە سەرقاڵ بووە، بەڵام وێڕای ئەوەش هیچ کات لە خوێندنەوە و نووسینەوەی زانستی دانەبڕاوە، زۆر حەزی بە زانستی فەلەکناسی و زیندەزانی و زانستی سروشت و جوگرافیا کردووە. لە گرنگترین کتێبەکانی ئەوەیانە کە باسی دید و تێڕوانینی ئەم زانایە دەکات بۆ گەردوون و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوای زەوی، کتێبەکەش ناوی (عجائب المخلوقات وغرائب الموجودات)ـە.

هەروەها باسی ئەستێرە و چیا و دۆڵ و ڕووبارەکان دەکات و زۆر بەوردی و بە شێوازێکی جوان و سەرنجڕاکێش زانیارییەکانی تێدا تۆمار کردوون.

جگە لەو کتێبە، کتێبێکی تری هەیە بە ناوی (آثار البلاد وأخبار العباد). جگە لەوانەی باسم کردن، باسی هەرێمە ناسراوەکانی و تایبەتمەندیی بنیادنانی وڵات دەکات لەگەڵ کاریگەریی ژینگە لەسەر مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکەکان لەو سەردەمەدا؛ هەروەها باسی وڵات و شار وگەل و میللەتان دەکات لەگەڵ سیفەتی هەریەکەیان.

یاقووتی حەمەوییش لە ساڵی ١٢٢٩ی زایینی کۆچی دوایی کردووە، بەڵام قەزوینی ساڵی ١٢٦١ی زایینی، کەواتە نێوانیان ٣٣ ساڵ بووە، یاقووتی حەمەوی بە چەند ساڵێک لە پێش قەزوینییەوە بووە. لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت: ئایا قەزوینی زانیارییەکانی سەبارەت بە ئیبن فەزلان لە یاقووتەوە گواستوونەتەوە، یان نا؟ لە وەڵامدا دەڵێم گومانی تەواوەتیم هەیە کە قەزوینی زانیاریی لە یاقووتی

حەمەوییەوە وەرگرتبێت، دەتوانم بڵێم دوور نییە نووسخەیەکی کتێبەکەی ئیبن فەزلانی بەردەست کەوتبێت، چونکە بەڕوونی ئاماژە دەکات بە زانیارییەکانی ئیبن فەزلان، پاشان هەردوو نووسەر (قەزوینی و حەمەوی) لە یەک سەردەمدا ژیاون؛ بۆیە ئاساییە ئەو زانیارییانە کە لەو سەردەمەدا بڵاوبوون هەردووکیان بەدەر لەویتر و بەجیا وەریگرتبێت، هەروەها هیچ ئاماژەیەک نییە بەوەی کە ڕێگرییەک هەبوبێت لە بەدەستهێنانی کتێبەکەی ئیبن فەزلان. کەواتە لە ئێستادا لەوە گەیشتین کە نەک هەر یاقووتی حەمەوی، بەڵکوو قەزوینییش، بەڕوونی ئیبن فەزلانیان وەک سەرچاوەیەکی زانیاری بەکارهێناوە و بەئاشکرا ناوی دەهێنن و دان بە گواستنەوەی زانیارییەکانیدا دەنێن.

ئایا ئیبن فەزلان سەردانی وڵاتانی ئەسکەندەنافیای کردووە؟

لە دوای کتێبەکەی سامی دەهان کە یەکەم کەس بوو دەستنووسەکەی ئیبن فەزلانی دووبارە بە شێوازێکی نوێ و بە ڕوونکردنەوەوە بە چاپ گەیاند و بوو بە پێشەنگ، لە ئێستادا کتێبێکی تر دەرچووە بە ناونیشانێکی نوێوە، بە بڕوای نووسەرەکەی ئیبن فەزلان سەردانی ناوچەکانی ئەسکەندەنافیای کردووە ،کاتی خۆی بەشێک لە سەفەرنامەکەی ون بووە، تازە دۆزراوەتەوە، ناونیشانی کتێبەکەش بەم شێوازەیە (سەفەرنامەکی ئیبن فەزلان نوێنەری خەلیفەی موسوڵمانان، موقتەدیر بۆ لای پاشای سەقالیبە، بۆ ناوچەکانی تورک و خەزرە و و سەقالیبە و ڕووس و ئەسکەندەنافیا). لە ڕاستیدا ئەم کتێبە نوێیە جێی سەرنج و ڕەخنەیە، نووسەری ئەم کتێبە ناوی کریکتۆنە و د. محەممەد حەیدەر غەیبە ئامادەی کردووە و وەری گێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی و لە لایەن کۆمپانیای جیهانیی (ش. م. ل) بۆ کتێب لە ساڵی ١٩٩١ چاپ کراوە. لەم چاپەدا وا پیشاندراوە کە ئیبن فەزلان هەموو هەوڵێکی خۆی داوە بۆ ئەوەی ببێتە سوارچاکێکی سەدەکانی ناوەڕاست بۆ ناوچەکانی ئەسکەندەنافیا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا لە کوێوە مەتنی سەفەرنامەکەیان وەرگرتووە؟

وەڵامی پرسیارەکە پێویستی بە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆیە، چونکە د. غەیبە لە پێشەکیی کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات گوایە خێزانەکەی لە ساڵی ١٩٨٤ کتێبێکی بە زمانی ئینگلیزی پێ دەدات کە نووسەرەکەی ناوی «میکائیل کریکتۆن» بووە بە ناونیشانی (مردووخۆرەکان: دەستنووسەکانی ئیبن فەزلان باس لە ئەزموون و گەشتەکەی دەکات لە ساڵی ٩٢٢ی زایینی). ئەم کتێبە لە لایەن دامەزراوەی «بتنام»ـەوە بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای «ئەلفرێد نۆف» لە ساڵی ١٩٧٦ بڵاوکراوەتەوە. لە ڕاستیدا کۆمەڵە بابەتێک باس دەکات دوورن لە ڕاستییەوە و جێی گومانن، هەروەها لەسەر بەرگی دووەمی کتێبەکە وەک چۆن

د. غەیبە باسی کردووە پێناسەیەکی تری بۆ کردووە کە بریتییە لە: (مردووخۆرەکان: ڕۆمانێکی نوێی ترسناکە، خاوەنەکەی نووسەری ڕۆمانی "هەڵکوتانە مەزنەکە بۆ سەر شەمەندەفەرەکە" بوو). لێرەدا وشەی ڕۆمان، یاخود چیرۆکی درێژ، ئاماژەیە بەوەی کتێبەکە نووسین و کاری کریکتۆنە، چونکە وشەی ڕۆمان ئاماژەیەکی ڕوونە، بەڵام هەردوو نووسەری ئەم کتێبە نوێیە، (کریکتۆن و غەیبە) هەردووکیان هەموو هەوڵێکیان داوە بۆئەوەی خوێنەر قایل بکەن بەوەی ئەم چیرۆکە درێژە ڕووداوێکی میژوویی ڕاستەقینەیە و هیچ گومانێک هەڵناگرێت، بەڵام لێرەدا من ئەوە ڕوون دەکەمەوە کە ئەو بەشەی بۆی زیادکراوە، هەمووی دروستکراوە:

١. مەبەستی سەرەکیی کریکتۆنی نووسەر، خۆی لە کۆکردنەوەی بەشەکانی سەفەرنامەکەی ئیبن فەزڵان و وەرگێڕانی هەندێکی و ڕوونکردنەوە و ژێرنووسکردنی هەندێکی دیکەیدا دەبینێتەوە، بۆ ئەوەش لە سێ بەشی یەکەمی پشتی بە دەستنووسەکانی هەریەک لە: (ب. بلیک، ڕیچارد، ن. فرای، ئەلبێرت ستانبورک کوک) بەستووە.

٢. کریکتۆن لە بەشەکانی تری کتێبەکەیدا زانیاریی لە چاپە نەرویجییەکەی سەفەرنامەکەی ئیبن فەزڵانەوە وەرگرتووە کەوا (بیرفراوس ـ دولوس) بەشەکانی سەفەرنامەکەی لە هەموو زمانەکانی ترەوە، کۆکردوونەتەوە و بۆ زمانی نەرویجیی وەرگێڕاون، لەنێوان ساڵانی ١٩٥١ — ١٩٥٩ی زایینی.

لێرەوە ئاڵۆزی و جۆرێک لە تێکەڵیی کارەکانی د. غەیبە دەست پێ دەکات، ئایا ئەو سێ بەشەی یەکەم لە کتێبەکەی کریکتۆن هەمان ئەوەیە کە لە دەستنووسەکەی مەشهەدەوە وەرگیراوە؟ لە وەڵامدا دەڵێم لە ڕووکەشدا وا دەردەکەوێت کە لە نووسخەکەی مەشهەدەوە وەرگیراوە، بەڵام ئەو سێ بەشە تازەیە خزێنراونەتە نێو سەفەرنامەکەوە بە کۆمەڵی دروستکراوە. کەواتە تۆژەری نەرویجی «بیر فراوس دولوس» پێی هەستاوە و هیچ پەیوەندییەکی بە دەستنووسەکەی مەشهەدەوە نییە و سەرچاوەکانی جێی گومانن، ئایا دەبێت لە کوێوە هێنرابێت؟

د. غەیبە باسی ئەوە دەکات کە هەر یەکێک لە کریکتۆن، نووسەری

(مردووخۆرەکان) و تۆپژەری نەرویجی بیر فراوس، پشتیان بەو بەشانە بە ستووە کە لە (معجم البلدان)ی یاقووتی حەمەوی و سەفەرنامە وەرگێڕاوەکانی تری زمانی لاتینی و فەڕەنسی و دانیمارکی و نەرویجی و سویدی و ئینگلیزیدا هەن، بێ ئەوەی دەستنووسەکەی مەشهەدی تێدا بێت؛ ئەوەش کارێکی ناموّیە چۆن دەبێت دەستنووسەکەی مەشهەد پشتگوێ بخرێت لە کاتێکدا بە زمانی عەرەبی و وەرگێڕانی ئەڵمانی بەردەستە؟! هەروەها د. غەیبە ستەم و کارێکی نارەوای زانستی دەرهەق بە سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان دەکات، چونکە هاتووە باسی قسەیەکی د. سامی دەهان دەکات کاتێک دەڵێت: (دوو پەڕەی سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان ون بوون، بۆیە ئەو بەشانەی کە کریکتۆن باسیان دەکات هەمان ئەوانەن کە ون بوون و سامی دەهان ئاماژەیان پێ دەدات)، ئەوەش لە ڕاستیدا ستەمە و جۆرێکە لە هەڵە زانستی سەبارەت بە سەفەرنامەکە، چونکە ئەو هەموو باسانەی کریکتۆن هێناونی، نەک دوو پەڕە؛ بەڵکوو دەیان پەڕەش دەبن، ئیتر چۆن دەوترێت شوێنی دوو پەڕە دەگرێتەوە!

بە هەرحاڵ بە هۆی ئەو کەلێنەی کە لە دەستنووسەکەی مەشهەددا هەبوو لە ونبوونی دوو پەڕەکە، د. غەیبە پێشنیازێکی نوێی کردووە بۆ هێڵکاریی گەشتەکەی ئیبن فەزلان، بە پشتبەستن بە نووسخە عەرەبی - نەرویجی و ئینگلیزییەکەی، نەخشەی گەشتەکەی بەم شێوازە دارشتووە:

أ- لە ڕۆیشتندا:

١- وڵاتی عەجەم و تورک.

٢ - ڕووسیا.

٣- باکووری ئەوروپا و وڵاتانی ئەسکەندەنافیا.

ب - لە گەڕانەوەدا بەرەو پایتەختی خەلافەت - بەغداد:

١- مەملەکەتی سەقالیبە.

٢- هەرێم و ناوچەکانی خەزەر.

بەو هێڵکارییە باکووری ئەورووپای خستووەتە نێو نەخشەی سەرەکیی گەشتەکە ئیبن فەزلانەوە .ئەم هێڵکارییە بە ئاشکرا لە چاپەکەی کریکتۆندا دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا گەشتێکی دروستکراوی گریمانەیە، بەتایبەت لە بەشی پێنج بۆ پازدە. بە بڕوای نووسەر گوایە سازانێکی ئەنجام داوە لەنێوان چاپی عەرەبیی سەفەرنامەکە و چاپە ئینگلیزییەکەیدا.

بەڵام چی دەبێت ئەگەر بڵێین نووسخەکەی کریکتۆن کە بە زمانی ئینگلیزی بەردەستە، تەنیا کۆمەڵێک خەیاڵی دروستکراوە و لەسەر دەستی چیرۆکنووسێکی بەتوانا نووسراوەتەوە، تەنانەت د. غەیبە خۆیشی گومانی هەیە لە ڕاستیی نووسخە ئینگلیزییەکە، لە کاتێکدا ئەوەی لە بیر کردووە سەرەتا زۆر بە گوڕوتینەوە باسی کردووە!

ئەگەر بێت و بەوردی سەیری پێشەکیی کتێبەکەی کریکتۆن بکەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بابەتێکی میژوویی تێکەڵی خەیاڵی چیرۆکنووسێکی بەتوانا بووە؛ هەروەها لە بەشێکی کتێبەکەدا ناونیشانەکەی (سەرچاوەی دەستنووسەکە) نووسراوە، نازانم مەبەست لێی ئەو نووسخەیەیە کە ڕۆژهەڵاتناسەکان لە یاقووتی حەمەوییەوە وەریان گرتووە، یان هەمان دەستنووسە ڕەسەنەکەی ئیبن فەزلانە؟ ئەوە خۆی بۆ خۆی سەرنێشەیە، ئەگەر لەبەر دڕێزدادڕی نەبێت، ئەوا گفتوگۆم سەبارەت بە هەموو بڕگەکانی نێو کتێبەکەوە دەکرد، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەندێکی باس دەکەم:

دوای ئەوەی کریکتۆن باسی چەند بڕگەیەکی ئیبن فەزلان دەکات کە لە یاقووتی حەمەوییەوە وەرگیراون، لەپڕ باسی چەند شتێکی تر دەکات و دەڵێت: (لە کۆتاییدا بەشێکی دەستنووسەکە لە ساڵی ١٨١٧ لە ڕووسیا دۆزراوەتەوە، بە زمانی ئەڵمانی لە ئەکادیمیای «سانت پترسبۆرگ» لە ساڵی ١٩٢٣ بڵاوکراوەتەوە، چەند پارچەیەک لەخۆدەگرێت کە پێشتر لە لایەن «ج. ل. ڕاسموسن»ەوە لە ساڵی ١٩١٤دا بڵاوکرایەوە؛ هەروەها ڕاسموسن زۆربەی هەواڵەکانی لەبارەی سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلانەوە لە دەستنووسێکەوە وەرگرتووە کە کاتی خۆی لە کۆبنهاگن دەستی کەوتبوو، دواتر دیارنەما و سەرچاوەکانی جێی گومانن. هەر لەو

سەردەمەدا چەند وەرگێڕانێک بۆ سەفەرنامەکە کرابوو بە زمانی سویدی و فەرەنسی و ئینگلیزی، هەموویان کەلێن و کەموکوڕییان پێوە دیارە و هیچ شتێکی نوێی تێدا نییە).

ئەوەی لێرەوە دیارە ئاماژەن بەوەی کە وێنەی ئەو دوو پەڕەیەی دەستنووسەکە کە لە شاری مەشهەدی ئێران دۆزرانەوە، ڕەسەنن. دواتر پەیمانگای ئەسیا بۆ ڕۆژهەڵاتناسی وەری گرت، بەڵام لە کاتێکدا کە دەستنووسەکەی کۆبنهاگن جێی گومانە و تەنانەت کریکتۆن خۆیشی گومانی لێیەتی، بۆیە هەموو ئەو وەرگێڕانەی بۆی کراون هیچیان بێ کەلێن و کەموکوڕی نین و هیچ شتێکی نوێیان تێدا نییە. بەڵام دواتر ڕاستەوخۆ دێت و دەڵێت: "دوو دەستنووسی نوێ لە ساڵی ١٨٧٨ دۆزراونەتەوە لەنێو کۆمەڵێک دیاریی کۆن و شوێنەواری تایبەتی نوێنەری بەریتانیای پێشوو «سێرجۆن ئیمرسۆن» (لە قوستەنتینییە. یەکێکیان خاوەنەکەی ئەحمەد تووسییە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٠٤٧ی زایینی، ئەوەش وای کردووە بە نزیکترین دەستنووس دابنرێت لە دەستنووسە ڕەسەنەکەی ئیبن فەزلان." لە کاتێدا تورژەران دەڵێن: (دەستنووسی تووسی جێی متمانە نییە بەراورد بە هەموو دەستنووسەکانی تر، هەرچەند لەگەڵ بوونی هەڵە و کەموکوڕیی زۆربەی نووسەران کە تەماشای کتێبەکەیان کردووە بەلایانەوە جێی سەرنج بووە، تەنانەت ئەم سەرچاوەیەش لەسەر زاری کریکتۆنەوە جێی گومانە و هەڵەی تێدایە. جگە لەوانەی باس کران، هەروەها سەرچاوەیەکی تری بەکارهێناوە و باسی دەکات کە دەستنووسەکەی (ڕازی)یە و باسی تورکەکانی غەزیە دەکات لەگەڵ چەند بەشێکی تر لە جەنگەکان لەگەڵ (دێوی نێو تەمەکان) کە ڕازی تەنیا بەشێکی کەمی لە ئیبن فەزلانەوە وەرگرتووە، تەنانەت کتێبی حەوت هەرێم (هفت إقلیم)ـەکەی ڕازی زانیاریی لە ئیبن فەزلانەوە وەرگرتووە و ئەویش ون بووە؛ بۆیە کریکتۆن خۆی ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک زانیاریی وەرگرتووە و هیچ پەیوەندیی بە ئیبن فەزلانەوە نییە. کەواتە دیسانەوە کریکتۆن چاوبەستی و فێڵێک لە خوێنەر دەکات، زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە بەکاری هێناون گوماناوی و هەمەچەشنن ،بەتایبەت چاپە لاتینییەکان ،ئەو بەشانەی کە باسی ناوچەکانی

باکووری ئەورووپا دەکەن. لەوانەیە باسی سەرچاوەی تری کردبێت، ئەوانیش تەنیا ئاماژەیان بە ئیبن فەزلان دابێت و ئیدی دراوەتە پاڵ ئیبن فەزلان و نەهاتوون ڕاستەوخۆ لە دەستنووسە ڕەسەنەکەی ئیبن فەزلانەوە وەری بگرن.

ئەوەی جێی باسە دەتوانم بڵێم کریکتۆن بە زیرەکی و فێڵاوییانە ئاماژە دەدات بەوەی کە کتێبەکەی لەگەڵ بەکارهێنانی زۆربەی سەرچاوەکان لە هەمان کاتدا پشتی بە دەستنووسە ڕەسەنەکەی بەستووە، لە ڕاستیدا ئەوە کاری نووسەری ڕاستەقینە نییە، بەڵکوو کاری چیرۆکنووسێکی بەتوانایە، تەنانەت نەک د. غەیبە و بگرە زۆرێک لە شارەزایان و مامۆستایانی زانکۆ، وەک: د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم هەڵخەڵەتاون بە کریکتۆن و وەسفی کتێبەکەی دەکەن و بە زانستی و ورد و متمانەپێکراو ناوی دەبەن.

ئاماژەیەکی سەرپێییانە سەبارەت بە ژیاننامەی کریکتۆن: ناوی تەواوی «جۆن مایکڵ کریکتۆن»ـە، لە بنەڕەتدا خەڵکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، چیرۆکنووس و سینەماکارە و ساڵی ١٩٤٢ لەدایک بووە. خوێندنی لە زانکۆی هارڤارد تەواو کردووە لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و زیندەزای (ئەنسرۆپۆلۆجی و بیۆلۆجی). کۆتایی تەمەنی خۆی بە نووسینی کتێبەوە بەسەربردووە. توێژینەوەیەکی زۆری ئەدەبیی ئەنجام داوە لەگەڵ کتێبی زۆر و چەندان فیلمی سینەمایی کە بەشێکی زۆریان خۆی سەرپەرشتیی دەرهێنانی کردوون. هەندێک لە کتێبەکانی چیرۆکی خەیاڵین و وەرگیراوی بابەتە مێژووییەکانن و پڕ فرۆشترین بوون لە ئەمریکا، لەوانە:

1. The Andromeda 1969
2. The Terminal man 1972
3. Eaters of the Deat 1976
4. Congo 1980
5. The last World 1995
6. Tarmenal Lin 1999

ئەمانەی کە ناویانم هێنا، بەشێک بوون لە بەرهەمەکانی کریکتۆن. نووسینەکانی بەناشکرا بابەتی چیرۆکی میژوویین و تێکەڵ بە خەیاڵ (fiction) کراون، لەسەر ڕێچکە و شێوازی نووسینی ئەمین مەعلوف، ناسراو بە لیۆنی ئەفریقی نووسراون. ئەوەیشی نەشاردووەتەوە و لەسەر بەرگی کتێبەکەی ئاماژەی بە خەیاڵ داوە، هەرچی ئەمین مەعلوفە زیاتر گرنگی دەدات بە ورد و درشتی بابەتە میژوییەکان و لە قاڵبێکی چیرۆکی درێژدا دەینووسێتەوە بە تێکەڵکردنی هەندێک لە خەیاڵ، بەڵام کریکتۆن کەمێک لە وردەکارییە میژوییەکان باس دەکات، بەڵکوو زیاتر ڕووداوەکان بە شێوازێکی خەیاڵیی دروستکراو دادەڕێژێت و ئەم نووسینە بە ناشکرا لە ئیبن فەزلان دەردەکەوێت؛ ڕێوێناسا ڕێگایەکی سەرنجڕاکێشی فێڵاوییانە بەکار دەهێنێت لە نووسینەوەی زنجیرە ڕووداوەکاندا، سەرەتا بە گەرمی و نیمچە ڕژدی پێناسەیەک بۆ ئیبن فەزلان دەکات، پاشان دێت و بە ناڕوونی سەرچاوەی کتێبەکان دەژمێرێت، بە شێوازێک ئەگەر کەسێک تەواو شارەزا نەبێت وا تێ دەگات ئەمە سەد لە سەد لە ناوجەرگەی ڕووداوە میژوییە ڕاستەقینەکانەوە وەرگیراوە؛ لەگەڵ ئەوەدا دێت و لە پەراوێزی کتێبەکەیدا باسی دابونەریت و عیبادەتە ئیسلامییەکان دەکات، هەتا خۆئەر ڕاستی و خەیاڵ تێکەڵی یەکتر بکات و سەری لێ بشێوێت. ئەوەش فێڵێکی سەردەمییانەی هۆڵیودە، تەنانەت لە ڕەخنەی ئەمریکییەکان دەربازی نەبووە، ئەوانەی کە بەوردی کار لەسەر بابەتە میژوییەکان دەکەن، لە پەڕەی ڕۆژنامەکان نووسیویانە: (بابەتێکی خەیاڵی وەرگیراوە لە چیرۆکی نوێنەرێکی عەرەبی بۆ پایتەختی خەلیفە لە بەغداد).[1]

کاری ڕۆمانتووسی لەسەر زاری ڕەخنەگری ئەمەریکی، «دەیڤد لانگراد»: ئەو پەڕاوەیە کە گوزارشت لە چەندان مانا دەکات، ئەوەش ئەو کارەیە کە

[1] لەم دەستەواژەیەدا نەک هەر کریکتۆن، بەڵکوو تەنانەت خەڵکە شارەزا ئەمریکییەکانیش نەفامن بە میژووی ئیسلامی و دەبوو بنووسن نوێنەری خەلیفەی موسوڵمانان بۆ لای پاشای سەقالیبە، نەک نوێنەر خەلیفە بۆ پایتەخت بۆ لای خەلیفە! ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم بابەتە زۆربەی تێکەڵ کراوە بە خەیاڵ، واتە: هۆنراوەتەوە. (رحلة ابن فظلان، حررها وقدم لها: شاكر لعيبي، ص ٢٣)

ڕۆمانnووس مایکل کریکتۆن گوزارشتی لێوە دەکات و دەیەوێت کارەکەی وا پیشان بدات کە ڕاستەقینەیە، نەک خەیاڵ، بەتایبەت ئامرازەکان و ڕێکارە سەرکەوتووەکان وەک لە ڕۆمان و فیلمی (مردووخۆرەکان)دا دەردەکەوێت.

بەڵام ئەم فێڵە بەسەر چوو، بەتایبەت ئەوانەی بێئاگان لە میژووی موسوڵمانان و دەیانەوێت بیشێوێنن. بێگومان د. غەیبە کە ڕۆمانی خەیاڵیی کریکتۆنی وەرگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی ،دەرفەتێکی پێداین، تا بزانین چیی تێدایە؟ بە بڕوای خۆی بەڵگەیەکی میژوویی ڕاستەقینەیە، بەڵام هیچ کات ڕاستی و خەیاڵ نابن بە یەک!

کەسایەتیی ئیبن فەزلان لە ڕۆمانەکەی کریکتۆندا بە ناشرینی وێنا کراوە، وەک پاڵەوانێک خاوەنی کۆمەڵێک سیفاتی نەرێنی بووە، وەک چۆن هەمیشە بیرمەندە ڕۆژئاواییەکان موسوڵمان و عەرەب بەو سیفەتە ناشرینانە وێنا دەکەن؛ کەواتە ئیبن فەزلانیش هەر بەو جۆرەیە، چونکە کەسێکی دیاری میژووی ئیسلام بووە ،بۆیە کەوتووەتە بەر ڕەخنە و گاڵتەپێکردنی ڕۆژئاواییەکان و شێواندنی میژووەکەی. بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێت:

"کەسێکی ترسنۆک بووە، چارە گرژ و نەگونجاو لەگەڵ خەڵکی، پرسیاری زۆری کردووە دەربارەی هەموو شتێک ،تەنانەت ئەگەر پەیوەندییشی بەوەوە نەبووبێت هەر پرسیاری کردووە، بۆیە بە پێیدا هەڵشاخاون و شەرمەزار کراوە. بە ترسەوە نوێژە فەرزەکانی کردووە، هیچ کاتێک نەیویستووە ببێتە پاڵەوان، لە دینداریدا تووندڕەو بووە، پاشان هەڵسوکەوتەکانی پێچەوانەی بیروباوەڕەکەی بووە. گەمژە بووە و مەلەی نەزانیوە. زۆر سەرسام بووە بە جەنگەڵ و سەوزایی، چونکە لە بیابانەوە هاتبوو، بەڵام بەپێچەوانەوە پیاوە زەبەلاحەکانی باکوور، ڤایکینگەکان؛ بەهێز و پاڵەوان بوون، ترسیان لە هیچ شتێک نەبووە. تەنانەت ئیبن فەزلان لەچاو ئەواندا وەک مشکێکی ترسنۆک وا بووە کە لە ژێر زەویدا خۆی حەشار دەدات.

ئیبن فەزلان بە شێوەیەکی گشتی دیمەنێکی نامۆی سەرنجڕاکێشی هەبووە، جێی گاڵتەجاڕی بووە و لە هەمان کاتدا چێژبەخشیش بووە!"

گاڵتەجاڕی و لاقرتێکانی کریکتۆن هەموو سنوورێک دەبەزێنن، بەتایبەت دژ بە عەرەب و موسوڵمانان کە هەڵگری پەیامی وەحین. ئەم جۆرە گاڵتەجاڕییە، نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر د. غەیبە، چونکە وەسفی کارەکانی کریکتۆن دەکات و بە بەڵگەنامەیەکی گرنگی میژوویی دادەنێت. لەوەش سەیرتر قسەکانی د. عەبدوڵڵا ئیبراهیمە کە دەڵێت: (کتێبەکەی بەڵگەیەکی میژوویە). زۆر بەگەرمییەوە باس لە نامرازەکان و شێوەی باسکردنی دەکات لەسەر شێوازی چیرۆک، ئەوەی لە بیر کردووە کریکتۆن لەنێو بابەتە میژوییەکاندا پێچوپەنا دروست دەکات و بە گاڵتەجاڕییەوە باسی عەرەب دەکات (مەبەستی لێدانی موسوڵمانانە).

فەرموو خۆتان ئەو دەستەواژانە ببینن: (ئەی عەرەب! ئێوە دڵتان وەک باخێکی گەورە وایە و پڕە لە هۆکارەکان)، وەک گاڵتەجاڕییەک بە عەرەب کە بۆ هەر کارێک باسی هۆکارەکەی دەکەن، لە کاتێکدا هیچ حیکمەتێک لە کاروباریاندا نییە!

(ئەی عەرەب! ئێوە زۆر لەوە گەمژەترن کە ئێمە بیرمان لێ کردنەوە).

(نامەوێت گوێ لە پرسیاری گەمژەیەک بگرم).

(ئەگەر کەسێک جادووی لێ نەکرابێت، ئەوا بێگومان عەرەبە، چونکە ڕۆژانە پۆشاکی ژێرەوەی دەشوات و خۆی دەشۆرێت). ئەوەش گاڵتەجاڕییە، چونکە موسوڵمانان ڕۆژانە دەستنوێژ دەگرن و خۆیان دەشۆن و پۆشاکیان پاک ڕادەگرن!

(بە کەنیزەکەکە دەڵێت: بەردەوام عەرەبییە، چونکە ڕۆژانە برینەکانی پێستیی لە لایەن کچێکی باکوورییەوە بە ئاو و خوێ دەشۆردەوە).[1]

لە کتێبەکەی کریکتۆندا ئیبن فەزلان زمانی لاتینیی زانیوە و قسەی پێ

[1] هەموو ئەم بڕگانەی کە باس کران، لە د. غەیبەوە وەرگیراون. (پەراوێزی لاپەڕە ٢٦)

کردووە. دەبوو د. غەیبە زۆر بەجددی قسەی لەسەر ئەم بابەتە بکردایە ،چۆن و لە کوێوە کریکتۆن ئەم زانیارییانەی هێناون؟ کەچی وای نەکردووە!؟

لە شوێنێکی تری کتێبەکەدا، کریکتۆن نووسیویەتی گوایە ئیبن فەزلان چەند ئاژەڵێکی دەریایی بینیون و بە درندەی دەریا ناوی بردوون، لەو لایشەوە د. غەیبە لە پەراوێزەکەیدا نووسیویەتی بە لای منەوە شتێکی نامۆیە کە چۆن ئیبن فەزلان نەیزانیوە ئەوانە نەهەنگی دەریان؟!

هەروەها کریکتۆنی چیرۆکنووس جارێکی تر ستەم و بێویژدانییەکی تر دەکات بەوەی گوایە ئیبن فەزلان سەرجێیی لەگەڵ ئافرەتێکی باکوری کردووە! د. غەیبە بە حیسابی خۆی بەرگری لە ئیبن فەزلان دەکات، بەسادەییەوە قسەی خۆی لە پەراوێزەکەدا کردووە و دەڵێت: "قورسە باوەڕ بەوە بکەین ئیبن فەزلان دانی نابێت بەوەی کاری سەرجێیی کردبێت لەگەڵ ئافرەتێکی باکووریدا، چونکە ئیبن فەزلان پیاوێکی دیندار بووە، خۆ ئەگەر وای کردبێت، پێدەچێت لەگەڵ کەنیزەیەکدا ئەوەی کرد بێت و ئەوەش لە ئیسلامدا ڕێگەپێدراوە کە لەگەڵ کەنیزەکی خۆتدا ئەو کارە بکەیت، یان پێدەچێت ئیمانی لاواز بووبێت و کەوتبێتە ژێر کاریگەریی ئارەزووەکانەوە"!

دوای چەند پەڕەیەک د. غەیبە بەئاشکرا دەڵێت: "گومانی تەواوەتیم هەیە لەو دەقانەی کریکتۆن هێناونی، بەڕاستی جێی گومانن کە قسەی ڕاست و ڕەسەن بن، هەموو ئەو دەستەواژانەی لە بەندی نۆی کتێبەکەی کریکتۆندا هاتوون، زانیاریی دروستکراوی زیرەکانەی سەردەمین!"[1]

باشە بۆ پێشتر د. غەیبە دانی بەوەدا نەنا کە کتێبەکەی کریکتۆن دروستکراوە و دوورە لە نووسخە ڕەسەنەکە؟ یان بۆچی د. عەبدوڵڵا ئیبراهیم بڕوای وایە کە نووسخەکە ڕەسەنە وێڕای ئەوە لە هەندێک جێدا چەند ناماژەیەکی ناڕوون دەخاتە ڕوو سەبارەت بە ناڕەسەنیی هەندێ دەستەواژەی هاتوو؟

---

[1] (پەراوێزی لاپەڕە ٢٦. لە د. غەیبەوە وەرگیراوە.)

لە وەڵامی ئەمەدا دەڵێم :هەندێ هەڵەی کوشندە هەن لای ڕۆشنبیران و ئەم دوو دکتۆرە گوزارشتیان لێ دەکەن، لە کاتێکدا دەبوو پێش هەموو کەسێک هەردووکیان خوێنەریان لێ ئاگادار بکردایەتەوە، لە هەڵە و حەزەری مەنهەجی کە یەکێکە لە گرنگترین مەرجەکانی توێژینەوەی زانستی.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کریکتۆن خۆی ئەمرۆ دەیەوێت ئەم بەرهەمەی لەوانی تر جیا بکاتەوە، بۆ؟! چونکە وەک ڕەخنەگری ئەمریکی «دانی یی» دەڵێت: ئەوەی کریکتۆن باسی دەکات کە بەرهەمەکەی پشت بە بەڵگەنامە ڕەسەنەکان دەبەستێت، لە ڕاستیدا وا نییە و بەڵگەکانی ڕاستەقینە نین!

بۆیە لە ڕیسوابوونێکی تەواو دەترسێت لە ئاست ڕۆشنبیران لەبەر ناشکرابوونی بەڵگە سەختەکانی، دیارە نووسخە وەرگێڕاوەکەی مەشهەدی نەخوێندووەتەوە کە بۆ چەندان زمانی بیانی وەرگێڕاوە و لە سەرووی هەموویانەوە نووسخە ئینگلیزییەکەی، ئینجا هاتووە بە شێوازێکی فەنتازییانەی[1] تەواو چیرۆک دەنووسێت و نووسینەکانیش بوون بە فیلمی هۆڵیود!

ئێمە لەبەر ئەوە بەوردی باسی د. غەیبە دەکەین، چونکە کارەکەی زیانبەخشە و ناشرینکردنی گەشتەکەی ئیبن فەزڵانە، لەبەر ئەوەی کتێبەکەی دەکەوێتە دەستی هەموو خوێنەرێک، نەک تەنیا هەر ئەو، بەڵکوو نووسین و قسەکانی د. عەبدوڵڵا ئیبراهیمیش سەر لێ شێواندنە و ناکرێت بە کەم تەماشا بکرێت. هاتووە زۆر بەجددی و لە دڵەوە شیکار بۆ بەرهەمێکی خەیاڵیی دروستکراوی هۆڵیودی دەکات! تەنانەت د. ئیبراهیم گومانی هەیە لە یاقووتی حەمەوی، بڕوای وایە یاقووتی حەمەوی خۆی ئەو قسانەی ئیبن فەزڵانی بەڕاست نەزانیوە کە سەردانی ناوچەکانی باکووری ئەسکەندەنافیای کردبێت، بۆیە ئەو بەشانەی پشتگوێ خستوون! وا ئێستا کریکتۆن بۆی گەڕاندووەتەوە.

---

[1] فنتازییانە واتە: ڕاستی تێکەڵ بە خەیاڵ بۆ دارشتنی ڕۆمان. (وەرگێڕ)

ئیبن فەزلان کێیە؟

ئیبن فەزلان باسی لە ناوی خۆی کردووە، ناوی: ئەحمەدی کوڕی عەببасی کوڕی ڕاشدی کوڕی حەمادە، هیچ شتێکی تری نەدرکاندووە دەربارەی ژیانی، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە دەقی سەفەرنامەکەیدا هاتووە، وەک یاقووتی حەمەوی باسی دەکات پێشتر ئیبن فەزلان خزمەتکاری ئەمیری میسر، محەممەد فاتح بووە، دواتریش چووەتە لای ئەمیری ئیمانداران. لە ڕەچەڵەکدا عەجەمێکی عێراقی بووە، بەڵام ئایا لە عێراق لەدایک بووە ،یان لە وڵاتی عەجەم؟ چ پلەیەکی هەبووە لە خیلافەتی عەباسیدا؟ ئایا هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی، یان زانستیی هەبووە جگە لە سەفەرنامەکەی؟ یان سەفەرنامەکەی تەنیا لە ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی نوێنەری وڵاتێک دەچێت، وەک چۆن نوێنەرەکان ڕاپۆرتی دوورودرێژ ڕەوانەی وڵاتەکانی خویان دەکەن؟

ئەو کەسەی نوێنەرایەتیی وڵاتی خۆی دەکات بۆ شوێنە زۆر دوورەکانی دونیا، دەبێت کەسێکی دانا و ژێر و خاوەن ئەزموونی ژیان بێت، بۆیە وا گومان دەبەین تەمەنی ئیبن فەزلان لە چلەکاندا بووبێت، کارەکەی بۆ مەملەکەتێکی تر ئەوە دەخوازێت کە کەسێکی ژێر و وریا و بەئەزموون بووبێت؛ هەر وا بووە، چونکە بە جوانی و وردی و ژێرانە باسی هەرێمەکان دەکات .هەروەها باسی گەلان و دابونەریتە سەرنجڕاکێشەکان دەکات .پێدەچێت پۆشاک و جلوبەرگی قەشەنگ و ڕەسەن بووبێت، بۆیە چووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ پاشا و سەرکردەکان، ئەمە جگە لەوەی کە ڕووخساری خوازراو بووە لای ئەو گەلانەی سەردانی کردوون، چونکە تا ڕادەیەک لە شێوەدا لەوانەوە نزیک بووە.

لە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لەبەردەستمانن باسی ئیبن فەزلان نەکراوە، وەک چۆن باسی ژیانی مەقدیسیی خاوەنی کتێبی (أحسن التقاسيم في معرفة الأقاليم)یش نەکراوە. هەروەها تەنانەت باسی ژیانی گەڕیدەی ناودار، ئەبی دولفیش نەکراوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە کاتی خۆیدا بە چاوێکی کەم

تەماشای ئەدەب و هونەری گەڕیدەکان کراوە و وەک سەرچاوەیەکی زانستی هەژمار نەکراوە، زانایان نەهاتوون وەک زانستێکی گرنگ پۆلێنی بۆ بکەن و تۆماری بکەن، وەک چۆن زانستەکانی تر تۆمار و پۆلێن کراون و ژیانی زانایانیان تێدا نووسراوە، بۆ نموونە: (فیقهـ شیعر، پزیشکی ،زمانەوانی و ... هتد).

گرنگیی سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەندێ زانیاریی میژوویی تێدا تۆمار کراون، بەتایبەت شێوازی گوزەرانی گەلانی ڕووس و سلاف کە لەو سەردەمەدا دەگەمەنە ئاوەها تۆمار کرابێت، گەورەترین کەلێنی میژوویی پڕ کردووەتەوە، بۆیە بە پێشەنگ دادەنرێت لە ئاماژەدان بە میژووی سڕب و ڕووسەکان؛ بەتایبەت ڕووسەکان، هەر لەبەر ئەوەیە بۆ دەیان زمانی جیهانی وەرگێڕدراوە. لێرەدا حەزم کرد ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم:

١. پەیوەندیی عەرەب بە گەلانی ترەوە:

لەو سەردەمەدا پەیوەندیی نێوان عەرەب و گەلانی تر زۆر لەم سەردەمە باشتر بووە ،هەرچەندە زمانی عەرەبی ئەو کات پێویست و گرنگ بووە لەبەر ئەوەی خیلافەتی ئیسلام خاوەن هێز و ئیمپراتۆریەتێکی مەزن بوو، خاوەن شکۆ بوون؛ بۆیە فێربوونی زمانی عەرەبی لە هەرە پێویستییەکان بووە، بەڵام هیچ کات جیاوازیی من لەگەڵ ئەوانی تر نەبووەتە هۆی جیاکاری و بە گومان تەماشاکردنی یەکتری، بۆیە دووانەی (دار الکفر) و (دار الإیمان) ڕێگر نەبووە لەو پەیوەندییە .ئەوەی لە کتێبەکانەوە بە نووسین باس کراوە، یان هەندێ ڕۆشنبیری سەردەم باسی لێ دەکەن لە ڕاستیدا لەسەر ئەرزی واقیع وا نەبووە، ئەوەش لە سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلان دەردەکەوێت. ئەگەر ئاوەڕێک لە میژوو بدەینەوە، ئەوە بەئاشکرا دەردەکەوێت، بۆ نموونە: لە سەردەمی خیلافەتی عەببباسیدا بە هەزاران کەس لە زانا و پیشەوەرانی بواری زانستی فەلەک و پزیشکی و شارەزایانی دروستکردنی قاپی فەخفوری و بیناسازی لە چین و هیندستان و ناوچەکانی ترەوە کۆچیان دەکرد بۆ بەغدادی

پایتەختی عەببابسییەکان ،هەموو ئەمانە لە (دار الکفر)ـەوە دەهاتن بۆ (دار الإسلام)، لەبەر ئەوە هەرچی لەوبارەیەوە دەوترێت دروستکراو و بێ بنەمایە.

٢. کۆچی هێزی کار و پیشەوەر بۆ ناوچە دەڵەمەندەکان:

کاتێ پایتەختی وڵات بەهێز دەبێت لە ڕووی ئابووری و پێشکەوتنی شارستانییەتەوە، کەواتە ئەو شوێنە بووەتە جێی کۆبوونەوەی ئاڵتوون، ئیتر دەبێتە ویستگەی کۆچبەران و لە هەموو سووچێکی دونیاوە خەڵکی ڕووی تێ دەکەن و بە دوای پاروو نانێکدا دەگەڕێن؛ وەک ئەوەی ئەمڕۆ دەبینین لە پایتەختی وڵاتانی وەک: فەڕەنسا، ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئەمریکا و ... هتد، زۆربەی ئەوانەی خاوەن هێز و پیشەوەر و پسپۆڕی جۆراوجۆری زانستەکانن بە لێشاو کۆچ دەکەن بۆ ڕۆژئاوا. بۆیە لە کۆنەوە وتراوە: (هێزی کار چاوی لە ناوەندی کار و ئاڵتوونە).

لە سەردەمی عەببابسییەکاندا بەغداد هەمان دۆخ و شێوەی نێستای وڵاتە بەهێزەکانی هەبووە، چۆن نێستا لە زۆربەی پایتەختەکانی ڕۆژئاوا گەڕەکی تایبەت هەیە بە کۆچبەران و خاوەن پیشە و کاری خۆیانن و سەرقاڵی کاری بازرگانین، بەغدادیش بوویووە شوێنی پیشەوەر و بازرگانە چینی و هیندی و ڕۆمەکان و زۆربەیان شارەزای بازرگانی و زانست بوون. جگە لەم بوارانەی ئاماژەم پێدا ،چەندان کەسی تر هەبوون لە پایتەختی خیلافەتی عەببابسی سەرقاڵی نووسین و وەرگێڕان بوون، تەنیا کتێبی نەتەوەکانی تریان وەرنەدەگێڕا، بەڵکوو کەسی وایان تێدا بوو کاریان وەرگێڕان بوو لەنێوان هەموو ئەو وڵات و مەملەکەتانەی هاوسنووری دەوڵەتی ئیسلامی بوون.

ئەوەش بەڕوونی لە سەفەرنامەکەی ئیبن فەزلاندا دەردەکەوێت کە ئێمە باسی دەکەین، بۆیە نێردەکەی ئیبن فەزلان لە چوار کەس پێک هاتبوو، ئەوانیش:

١. سووسەنی ڕووسی کە لە ڕەچەڵەکدا خەڵکی وڵاتی ڕووسەکان بووە.

٢. پارسی سەقالیبە، ناوەکەی ڕوونە کە سلاڤییە.

٣. تەکینی تورکی، دیارە لە بنەڕەتدا تورک بووە و زمانی هەموو هۆزە کۆچەرییەکانی زانیوە کە نێردەکە پێیدا تێپەڕ بووە، تا ڕووباری ڤۆلگا، پێشتر لە خوارەزم ئاسنگەر بووە.

٤. ئەحمەدی کوڕی فەزلان سەرۆکی نێردەکە بوو، زمانی نەتەوەکانی تری نەزانیوە، هەرچەندە عەرەبیی باش زانیوە، بەڵام لە بنەڕەتدا عەرەب نەبووە، پێدەچێت ڕەچەڵکی فارس بووبێت. ماوەیەک خزمەتکاری سوڵتانی میسر، محەممەدی کوڕی سلێمان فاتیح «محمد بن سليمان الفاتح» بووە.

هۆکاری ئەوەی کە ئیبن فەزلان لە سەفەرنامەکەیدا وەک پاڵەوانێکی میژوویی دەرکەوت ئەوەیە کە هەموو زانیارییەکانی بە زمانێکی ئاسان تۆمار کردووە، هیچ کات جیاکاریی نەکردووە بە هەر هۆکارێک بووبێت؛ هەروەها نەیویستوە ببێتە پاڵەوان بۆیە هیچ بەرهەمێکی نییە جگە لە سەفەرنامەکەی، لەگەڵ ئەوەدا بە ئەمانەتەوە وەک نوێنەری وڵاتێکی مەزن هەرچیی بینیبێت و تێبینیی کردبێت تۆماری کردووە، هەندێکیان تەواو گرنگن و هەندێکی تریان هەڵگری گرنگییەکی کەمترن. بەڕاستی خوێندنەوەی بەرهەمەکەی خۆش و چێژبەخشە، وەختێک خوێنەر دەست دەکات بە خوێندنەوەی، ئەو کات هەستی پێ دەکات!

بارودۆخی پایتەختی خەلافەت لە سەروبەندی گەشتەکەی ئیبن فەزلان لە ساڵی ٣٠٩ی کۆچیدا

میژوونووسەکان باسی موقتەدیر بیللا دەکەن، دەڵێن: (تەمەنی تەنیا سێزدە ساڵ بووە کاتێک لە ساڵی ٢٩٥ی کۆچیدا دەسەڵاتی گرتووەتە دەست). ئیبن تەقتەقی باسی کردووە و دەڵێت: "کەسێکی بەخشندە و لێبوردە بووە، زۆر دەستبڵاو بوو، پارەیەکی زۆری خەرج دەکرد لە بۆنەکاندا، لە ماڵەکەیدا یازدە هەزار خزمەتکاری خەسێنراو هەبوون لە ڕەشپێست و ڕۆم، خەزێنەی دەوڵەت پڕ بوو لە گەوهەر."

لە دەوڵەتداریدا لاواز بووە بە هۆی بچووکیی تەمەنییەوە، لە ڕووی کارگێڕییەوە بێسەروبەری هەبوو لە وڵاتدا، ئافرەتەکانی دەوروبەری و دایکی دەستیان گرتبوو بەسەر بڕیارەکانی وڵاتدا؛ خۆیشی سەرقاڵی ڕابواردن و تێرکردنی ئارەزووەکانی بووە، وڵاتی تووشی ئاژاوە و کێشمەکێش کرد، گەنجینەی وڵاتی خاڵی کردەوە. میژوونووسان دەڵێن: (هێندە دەستبڵاو بووە زیاتر لە حەفتا ملیون دیناری خەرج کردووە لە شتی پووچ و بێسوود و بەدەر لە خەرجیی وڵات، بۆ ڕازیکردنی سەرباز و کاریەدەستەکانی دەوروپشتی، ڕاخەری گرانبەها و قاپە ئاڵتوونییەکانی دەفڕۆشت لەگەڵ زەوی و باخەکانی مەملەکەتەکەی؛ بۆیە دەسەڵاتی لێ وەرگیرایەوە و دواتر جارێکی تر گەڕایەوە بۆ دەسەڵات و دواجاریش لە ساڵی ٣٢٠ی کۆچی کوژرا و لاشەکەی بۆ ماوەیەک لەسەر ڕێگە فڕێ درا).

خەلیفە موقتەدیر بیللا چەند وەزیرێکی هەبوو کە زیرەک و شارەزا بوون لە دەوڵەتداریدا، یەکێک لەوانە حەسەنی کوڕی عەلیی ئیبن فورات «الحسن بن علي

ابن الفرات»[1] بوو کە لە باشترین وەزیرەکانی بوو، هەروەها عەلیی کوڕی عیسای کوڕی جەڕاح «علي بن عيسا بن الجراح» و حامدی کوڕی عەببباس «حامد بن العباس»، بەڵام وێڕای بوونی ئەم وەزیرانە؛ فیتنە و ئاشوویی ناوخۆیی و دەرەکی وای کرد، دەوڵەت بەرەو پێش نەچێت و بوار نەدات ئەم وەزیرانە وڵات بەرەو پێش ببەن، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو گرفت و کێشانەی سەردەمی موقتەدیر بیللا، سەردەمەکەی تا ڕادەیەک باش بووە ،ئەگەر ئەو کێشانە نەبوایەن کە ئاماژەیان پێدرا؛ دەسەڵاتەکەی دەبووە باشترینی نێو خەلیفەکان.

وەزیرەکانی موقتەدیر بیللا هەموو کارێکیان دەکرد و درێغییان نەدەکرد بۆ سەرخستنی دەوڵەت و بەهێزکرنی پێگەکەی. لە دەرەوەی وڵات، ناوبانگی پایتەختی خەلافەت و سومعەکەی، جیهانی پڕ کردبوو، ئەوەندە خاوەن شکۆ و هێز بوو هەر کەسێک دەیەوێت بزانێت چۆن بوو؛ ئەوە با بگەڕێتەوە بۆ کتێبەکەی ئیبن مەسکەوەی بە ناوی (تجارب الأمم).

بۆیە پێم خۆشە باسی ڕووداوێکتان بۆ بکەم لە کاتی هاتنی نوێنەری ڕۆمەکان بۆ بەغداد لە ڕۆژی ٢٨ی موحەڕەمی ساڵی ٣٠٥ی کۆچی، واتە چوار ساڵ بەر لە ڕێکەوتنی نێردەکەی ئیبن فەزلان کە ئیبن مەسکەوەی باسی دەکات و دەڵێت: دوو نوێنەری پاشای ڕۆم هاتن بۆ شاری ناشتی (بەغداد)، لەڕێی ڕووباری فوراتەوە هاتن، دیاریەکی زۆریان پێ بوو، لە ڕۆژی دووشەممەی مانگی موحەڕەمی ساڵی ٣٠٥ی کۆچی بوو، سەرەتا لە ماڵی ساعیدی کوڕی موخەللەد «صاعد بن مخلد» مانەوە، ئەبولحەسەنی ئیبن فوراتی وەزیر فەرمانی کرد کە دەبێت فەرشیان بۆ ڕابخەن و هەرچی پێویستییەکیان هەبێت بۆیان جێبەجێ بکرێت، لە ئامێر و قاپ و پێداویستییەکان ،لەگەڵ شوێنی حەوانەوە و خواردن و ئاژەڵ بۆ هەموو ئەوانەی لەگەڵ نوێنەرەکە بوون.

دوای مانەوەیان نوێنەرەکە لەوە تێگەیشت ناتوانن بەئاسانی چاویان بە خەلیفە

---

[1] وێڕای زیرەکی و شارەزاییەکەی، کەسێکی دەستبڵاو بووە و ئەو دەستبڵاوییە سەری خۆی و خەلیفەکەیشیی خوارد، دواتر بە کورتی باسی ژیانی دەکەین. (وەرگێڕ)

بکەوێت و دیارییەکانی پێ بدەن، بەڵکوو دەبێت سەرەتا بچنە لای ئیبن فوراتی وەزیر، پاشان لەڕێی ئەوەوە ئینجا دەتوانن خەلیفە ببینن؛ بۆیە پەنایان برد بۆ ئەبو عومەر ئیبن عەبدولباقی «ابو عمر ابن عبدالباقي» کە پلەدارێکی دەوڵەتی ئیسلامی بوو و لەسەر سنووری خیلافەت هاوڕێیەتیی نوێنەرەکەی کردبوو تا پایتەخت، ئەویش بەڵێنی بە نوێنەرەکەدا داواکانیان لە ڕۆژێکی دیاریکراو بۆ جێبەجێ بکات.

(ئەو ڕۆژەی نوێنەرەکانی ڕۆم چوون بۆ لای وەزیر، فەرمان بە سەرباز و پاسەوانە تایبەتەکان کرا دەبێت هەموو بە ڕێکی لەنێوان دەرگایماڵ، تا شوێنی حەوانەوەی وەزیر ڕاوەستن بۆ پێشوازی. کۆشکەکەی هەیوانێکی نێجگار گەورەی هەبوو، زەوییەکەی بە ڕاخەری گرانبەها ڕووپۆش کرابوو، میچی خانووەکان بە قوماشی نەخشێنراوی ئاڵتوونی داپۆشرابوون، پەنجەرەکانی کۆشکەکەی بە جۆرە قوماشێکی سەرنجڕاکێشی وەک فەرش گیرابوون؛ نرخی شمەکەکان هێندە گران بوون، دەگەیشتە سی هەزار دینار! هیچ جێگایەک نەمابوو بە کەرەستەتی جوان نەڕازێنرابێتەوە، مرۆڤ سەری دەسوڕما لەو هەموو جوانییە! کاتێک لێی ورد دەبووەوە گەورەیی و بەهێزیی وەزیری بۆ دەردەکەوت. ئینجا خۆیشی لەسەر تەختەیەکی تایبەتی شاهانە دانیشتبوو، بە لای ڕاست و چەپییەوە سەرینی جوان و قەشەنگ دانرابوون، خزمەتکار و پاسەوانەکانی ڕاوەستابوون لەگەڵ سەرباز و کار بەدەستە نزیکەکانی. کاتێ وەفدەکە بەنێو ئەو هەموو سەرباز و ڕێڕەوەدا تێپەڕین و چاویان بە کۆشک و سەربازەکان کەوت، واقیان وڕمابوو لە گەورەیی و بەهێزیی وڵات!)

ئیبن مەسکەوی بەردوام دەبێت لە گێڕانەوەی باسەکانی بە وردی و درێژی و لە باسی کۆشک و باخچە و سەربازەکاندا و دەڵێت: (نوێنەرەکانی ڕۆم هاتبوون و لەگەڵ خۆیان وەرگێڕیان هێنابوو، وەسفی هەموو جێگا و شوێن و قسەکانی بۆ دەکردن، ئەوەیان باس کرد کە هاتوون تا فدیە بدەن بە دەوڵەتی ئیسلامی لە بەرانبەر ئازدکردنی بەندکراوەکانی ڕۆم لای موسوڵمانان. کاتێ ڕۆژی چاوپێکەوتنی سوڵتان (خەلیفە) هات، سەربازەکان هەموو لە کۆشک بە

جلوبەرگی تایبەتی سەربازی بە جوانترین شێواز ڕێزیان بەستبوو، زۆر سەرسام بوون بەو هەموو سەرباز و پاسەوانانەی کۆشک، کاتێک چوونە لای خەلیفە؛ سەرەتا زەوییان ماچ کرد و ئینجا لەو شوێنەدا ڕاوەستان کە بۆیان دەستنیشان کرابوو، پاشان نامەکەیان ڕادەستی وەزیر کرد و کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکە هات. کاتێک وەفدەکە دەرچوون، دیاری و پۆشاکی جوانیان پێشکەش کرا کە لە ئاوریشمی تایبەت دروست کرابوون، لەگەڵ چەندان دیاریی دیکە).[1]

[1] (رسالة ابن فضلان حققها وعلق عليه د. سامي الدهان، مطبوعات مجمع علمي دمشق، ص ١٩) لە کتێبی (تجارب الأمم)ی ئیبن مەسکەوەیەوە وەرگیراوە، بە هەمان شێوەی ئیبن مەسکەوەی، ئیبن کەسیریش لە (البداية والنهاية، مج ١١ - ١٢، ص ١٥١، ط. دار المعرفة - بيروت) باسی هاتنی ئەو وەفدەی ڕۆمەکان دەکات کە چۆن تووشی سەرسوڕمان بوون لە بە هێزیی پێگەی خەلافەتی ئیسلامی و جوانیی شاری بەغداد کە پایتەختی خەلافەت بووە لەو سەردەمەدا، واتە ساڵی ٣٠٥ک. (وەرگێڕ)

پلانی ئیبن فەزلان بۆ ڕێڕەوی گەشتەکەی

ئەگەر تەماشای ڕێڕەوی گەشتەکەی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت ئەو مەملەکەتانەی پێیاندا تێپەڕ بووە ئەمانەن: (عەجەم و تورک، سەقالیبە، ڕووسیا، خەزەر).

هەر لەبارەی ڕێڕەوی گەشتەی ئیبن فەزلانەوە گفتوگۆی زۆر کراوە، دەبوو پێش ئەوەی باس لە ڕووسەکان بکرایە باسی خەزەرییەکانی بکردایە، چونکە ڕۆیشتن بۆ ناوچەی ڕووسەکان بەنێو خەزەردا تێپەڕ دەبوو.

ئایا بەشێک لە دەستنووسەکەی ون بووە، وەک ئەوەی سامی دەهان باسی دەکات، یان ئەوەندەی گرنگیی بە سەقالیبەکان داوە و بەلایەوە گرنگ بووە، ئەوەندە گرنگیی بە خەزر و ڕووسەکان نەداوە؛ هەروەها هەرچی خۆی تێبینیی کردبێت و سەرنجڕاکێش بوویێت بە لایەوە، تومارى کردووە، بۆیە ڕێڕەوی گەشتەکەی بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە:

١. بەغداد
٢. نەهرەوان
٣. دوسکوورە
٤. حەلوان
٥. قرمسین (کرماشان)
٦. هەمەدان
٧. ساوە
٨. ڕەی (نزیک بووە لە تاران)
٩. خوار ڕەی
١٠. سمنان
١٢. دامەغان

١٣. نەیشاپوور
١٤. سەرخەس
١٥. مەروە
١٦. قشمهان
١٧. نامەل
١٨. نەفریر
١٩. بیکەندە
٢٠. بوخارا
٢١. جورجانییە
٢٢. خوارەزم
٢٤. جیت
٢٥. ناوچەکانی سەقالیبە
٢٦. ڕووسیا
٢٧. خەزەر

سەرەتای دەستپێکی گەشتەکەی ئیبن فەزلان

مەتنی دەستنووسەکەی ئیبن فەزلان وەک خۆی:

ئیبن فەزلان دەڵێت: کاتێک نامەی پادشای سەقالیبە[1]، ئیلمشی کوڕی یەڵتەوار [2] گەیشتە دەستی ئەمیری باوەڕداران، موقتەدیر[3]، داوای لێ کرد کە

---

[1] سەقالیبەکان: سلاڤییەکان بوون، موسوڵمانەکان کاری بازرگانییان بۆ ئەو ناوچەیە کردووە لەوێوە کۆیلەیان هێناوە و بازرگانییان پێوە کردووە، فراوانی خاکەکەیان هێندە زۆر بووە ماوەکەی دوو مانگە ڕێ بووە، وەک (ئەستەخری) ناماژەی پێ کردووە. «بولغار»یش شارێکی بچووک بووە، ئەوەندە گوند و ناوچەی ناوەدانیی لەسەر نەبووە، پێگەیەکی گرنگی ئەم پاشایە بووە، ڕووسەکان لای باکوورەوە هاوسێیان بوون، ئەوروپییەکان بڕوایان وایە سەقالیبەکان بولغارەکان بوون. (سامی دەهان، ل ٦٧)

[2] لەو دەستنووسەی کە یەکەمجار لە مەشهەد دۆزرایەوە و دکتۆر سامی دەهان کاری لەسەر کردووە ناوەکەی بە ئەلحەسەن بن یەڵتەوار «الحسن بن یلطوار» هاتووە، لە یەکێک لە لاپەڕەکانیدا ناوی بە ئیلمشی کوڕی شەلکی زاوای تورک هاتووە، بەڵام لای یاقووتی حەمەوی کە لە چەند شوێنێک بڕگەی جیاوازە لەگەڵ ئەو دەقەی کە لە مەشهەد دۆزراوەتەوە بە ئیلمشی کوڕی شەلکی یەڵتەوار هاتووە. هەندێک لە ڕۆژهەڵاتناسەکان بڕوایان وایە ئەم کەسە لەوانەیە (فلادمیر)، واتە پادشای ناسن بووبێت، بەڵام توێژەرەکان کە د. سامی دەهان پشت بە قسەکانیان دەبەستێت، دەڵێن: (ئەڵپ ئیڵتەوار، یان وایڵتەوار، یان بڵتەمار) بووە، هەرچی ڕۆژهەڵاتناس «فێرمان»ـە دەڵێت: "یەکێک لە پادشاکانی تەتار ناوی «ئیدار» بووە، و دواتر گۆڕدراوە، لەوانەشە پادشایەکی ڕووسی ناوچەی ڤۆلگا بووبێت بە ناوی «ئیگۆر»، بەڵام عەرەب ناوەکەی گۆڕیوە بۆ(ئیڵتەوار)." هەروەها ڕۆژهەڵاتناس «بێرتولد» دەڵێت: "پادشای بولگار ناوی «بەڵتڵتۆن» بووە دواتر بووە بە «ئەلب ئیلتەوار»." (پەراوێز لاپەڕە ٣٧)

[3] موقتەدیر: ئەبو فەزڵی کوڕی جەعفەر «ابو فضل بن جعفر»ی خەلیفەی عەباسییەکان بوو لە دوای موکتەفی برایەوە جڵەوی حوکمرانیی کەوتە دەست لەنێوان ساڵانی (٢٩٥ک - ٣٢٠ک - ٨٩٩ز). ئەو کات تەمەنی تەنیا سێزدە ساڵ بووە کە دوازدە هەزار خزمەتکار لە کۆشکەکەیدا هەبوون ئەو کات خەزێنەی وڵات پڕ بوو لە گەوهەر و خاوەن پارەیەکی بێشومار بوو و وڵات زۆر دەوڵەمەند بوو، بەڵام بە هۆی ئەوەی تەمەنی بچووک بوو زیاتر دایک و نافرەتەکانی دەوروبەری زاڵ بوون بەسەریدا. کەسێکی لێبورده و دەستبڵاو بووە، هەموو ئەوانەش وایان کرد وڵاتەکەی نوقمی فەوزا و گێژاو ببێت. سەرقاڵی دونیاپەرستی و خۆشگوزەرانیی خۆی بوو، بۆیە دەسەڵاتی لێ وەرگیرایەوە و کۆڕا، ←

نێردەیەک لە زانا و شارەزایانی ئیسلام ڕەوانەی وڵاتەکەی بکات؛ بۆئەوەی دەست بکەن بە دروستکردنی مزگەوت بۆ بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە گشت مەملەکەتەکەیدا. جگە لەوەش، ئەمیری ئیمانداران یارمەتیی بدات بۆ دروستکردنی قەڵای پتەو لە شارەکاندا، تا ببنە لەمپەر لە ڕووی دوژمنەکانیدا. ئەویش وەڵامی نامەکەی دایەوە و داواکانی بۆ جێبەجێ کرد.

وڵاتی سەقالیبە نوێنەری خەلیفەی لێ بوو کە نەزیر حەرمی بوو،[1] بۆیە منیان دەستنیشان کرد، تا نامەی خەلیفە بخوێنمەوە بۆ پاشای سەقالیبە و دیارییەکانی پێبدەم و سەرپەرشتیی کاروانەکە بکەم، ئیتر خەلیفەی ئیمانداران نامەی بۆ ئیبن فورات[2] نارد و داوای لێ کرد لەو پارانەی کە لای بوون و لە باج و داهاتی ناوچەی «ئەرسەخشمین» وەری گرتبوون خەرج بکرێن بۆ ئەو مەبەستە.

نوێنەری پاشای سەقالیبە بۆ لای موقتەدیر، پیاوێک بوو بە ناوی عەبدوڵڵا پەشتۆ خەزەری، بەڵام نوێنەرەکانی ئەمیر موقتەدیر بۆ لای پاشای سەقالیبە[3] بریتی بوون لە: سەوسەنی ڕووسی، خزمەتکاری نەزیری حەرەمی و تەکین تورکی

ماوەیەک لاشەکەی لەسەر ڕێگە فڕێ درا. (پەراوێزی لاپەڕە ٣٨)

[1] د. غەیبە دەڵێت: (نوێنەری خەلیفە موقتەدیر بووە لای پاشای سەقالیبەکان، نێوەندگیریی کردووە لەنێوان خەلیفە و پادشادا، تا خەلیفە قایل ببێت بە ناردنی نێردەیەک بە سەرکردایەتیی ئیبن فەزلان بۆ وڵاتی سەقالیبە." (پەڕوایێزی لاپەڕە ٣٩).

[2] ئیبن فورات ناوی ئەبی حەسەنی کوڕی عەلیی کوڕی محەممەدی کوڕی موسای حەسەنی کوڕی فوراتە «أبي حسن بن علي بن محمد بن موسى الحسن بن الفرات»ە، وەزیری خەلیفە موقتەدیر بیللا بووە، سێ جار پۆستی وەزراتی وەرگرتووە؛ یەکەمجار ساڵی(٢٧٦ک) بووە، تا ساڵی (٢٨٩ک)، پاشان دەست دەگرن بەسەر ماڵ و داهاتەکانیدا و دوور دەخرێتەوە، تا ئەو کاتەی حەوت هەزار دینار دەگەڕێنێتەوە بۆ وەزرات. ساڵی(٣٠٤ک) دووبارە دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی، تا ساڵی(٣٠٦ک)، ئینجا جارێکی تر دەستگیر دەکرێت، دواتر دەگەڕێتەوە و تا ساڵی(٣١١ک) لە کارەکەی بەردەوام دەبێت. دەڵێن ساڵانە دوو ملیون دیناری لە داهاتی ناوچەکە بۆ سوودی خۆی بەکارهێناوە (گەندەڵ بووە - وەرگێڕ). ساڵی (٣١٢ک) بە فەرمانی خەلیفە کوژراوە. (پەراوێزی لاپەڕە ٤١)

[3] سەوسەنی ڕووسی پاسەوانی موکتەفی بوو لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی نیتەڵی(ڤۆلگا)ی ڕووس بووە. (سامي دهان، لاپەڕە ٧٢)

و پارسی سەقالیبە. ئەمیر هەموو ئەو دیارییانەی کە ئاماده کرابوون بۆ خەلیفەی موسوڵمانان و خێزان و وەزیر و کەسە نزیکەکانی وەری گرتن و لەنێویاندا دەرمانی پزیشکی هەبوو کە ئەمیری ئیمانداران پێشتر داوای کرد بوو بۆی ڕوانە بکرێت و داواکانیشی دابوون بە نەزیری حەرەمی.

باسی بەڕێکەوتنی کاروانەکە

تورک و عەجەم: لە ڕۆژی پێنجشەممەی ١١ی سەفەری ٣٠٩ی کۆچی لە شاری سەلام (مەبەستی بەغدادە ـ وەرگێڕ) کاروانەکەمان کەوتە ڕێ و چووینە نەهرەوان[١] و بۆ ماوەی ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، پشووی تەواوی خۆمان وەرگرت و بە گوڕوتینەوە کەوتینەوە ڕێ، ئینجا چووینە «دوسکوورە»[٢]، لەوێ سێ ڕۆژێک ماینەوە و پشووی خۆمان وەرگرت و چووین بۆ حەلوان (خانەقین ـ وەرگێڕ)؛ لەوێ بۆ ماوەی دوو ڕۆژێک ماینەوە و دواتر چووین بۆ «قەرمەسین»[٣]، لەوێیش بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ماینەوە و کەوتینەوە ڕێ، ئینجا چووین بۆ هەمەدان[٤] لەوێ بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ماینەوە، مەبەستمان بوو بچینە ساوە لەوێوە بۆ ڕەی[٥]، بەڵام لە ڕەی بۆ ماوەی یازدە ڕۆژ ماینەوە و چاوەڕوانی نەحمەدی کوڕی عەلی «احمد بن علي»ی برای سەعەلوکمان[٦] کرد؛ ئەو کات لە ناوچەکانی خوار ڕەی بوو، سێ ڕۆژیش لەوێ ماینەوە و ئینجا لەوێوە گەشتمان

---

[١] ناوچەیەکی فراوانی گوندنشینە دەکەوێتە نێوان بەغداد و واسیتەوە لە لای ڕۆژهەڵاتەوە. (بەراوێزی کتێبەکە، لاپەرە ٤٣)

[٢] گوندێکی مەزنە دەکەوێتە ڕۆژئاوای بەغدادەوە. (بەراوێزی لاپەرە ٤٣)

[٣] قەرمەسین: بە عەرەبی واتا کرماشان، شارێکی ناسراوە و نێوانی لەگەڵ هەمەداندا سێ فەرسخە. دەڵێن: قوبادی کوڕی فەیروز کە پادشا بووە تەماشای هەموو هەرێمەکانی ژێر دەستی خۆی کردووە لە مەدائینەوە بۆ بەڵخ، ناوی هیچ جێیەک وەک ناوی کرماشان شیرین و سازگار نەبووە. (معجم البلدان ـ ياقوت الحموي، مج٤، ص٣٣٠، دار صادر، لبنان سنة ١٩٧٧).

زۆربەی دانیشتووانەکەی و دەوروبەری کورد بووەن لە کۆن و نێستادا. (وەرگێڕ)

[٤] هەمەدان و ساوە، دوو شاری بەناوبانگی ئێرانن. (وەرگێڕ)

[٥] یاقووتی حەمەوی باسی ئەم شوێنە دەکات و دەڵێت: "شارێکی مەزن و قەشەنگ و سەرنجڕاکێشە، خانووەکانی بە خشتی سووری پتەو دروستکراون و بە ڕەنگی شین بۆیە کراون." لەم بارەیەوە ئەستەخری دەربارەی ئەم شارە دەڵێت: "ڕەی لە ئەسفەهان مەزنترە بۆیە لە ڕۆژهەڵاتدا دوای بەغداد هیچ شارێک نییە وەک ڕەی ناوەدان و خۆش بێت." (معجم البلدان ـ ياقوت الحموي، مج٣، ص١٠٩)

[٦] فەرماندەیەکی سەربازی بووە لە ئەسفەهان. (سامی دەهان، لاپەرە ٧٤)

کرد بۆ سمنان و دامەغان و لەوێ چاومان بە ئیبن قاران[1] کەوت لە لای ئیبن داعی[2] کە یەکێک بووە لە ئەمیرەکان؛ خۆمان لێ گۆڕی، تا نەماننناسێتەوە.

دوای ئەم ناوچانەی باسم کردن، کەوتینەوە ڕێ و چووینە نەیشاپوور[3]، بیستمان لەیلای کوڕی نوعمان «لیلی بن نعمان»[4] کوژراوە، هەر لەو ناوچەیە سەرکردەی سوپای خۆراسان، حەمەوییەی کوڕی کۆسامان بینی.

پاشان بەردەوام بووین لە گەشتەکەمان و چووینە سەرخەس[5] و مەروە، لەوێشەوە

---

[1] بەلازێری لە کتێبی(فتوح البلدان)دا دەڵێت: "شاری حومس هەموو شەقامەکانی بە بەرد ڕووپۆش کرابوون، کاتێک خەلیفە موعتەسیم بیلا، ئیبن قارەنی کرد بە سەرپەرشتیار بەسەر کرێکارەکانی ئەو ناوچەیەوە فەرمانی کرد بە هەڵکەندنی هەموو بەردەکان، ئیدی هەموویان هەڵکەندن. ئەم ئیبن قارانە لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی تەبەریە بوو. دەشڵێن یەکێک بووە لە قوتابییەکانی ڕازی لە بواری پزیشکیدا، ناوی وەک یەکێک لە قوتابییە پزیشکەکان هاتووە لە کتێبی (عیون الانباء)دا." قازی تەنوخی دەڵێت: "ئیبن قارانی ڕازی قوتابیی ئەبی بەکری ڕازییە کە یەکێک بووە لە پزیشکەکانی ئەو زانا مەزنە." (پەراوێزی لاپەڕە ٤٤)

[2] ئیبن داعی: حەسەنی کوڕی قاسمی کوڕی قاسمی داعی «الحسن بن القاسم الداعي» بووە یەکێک بووە لە ئەمیرەکانی دەوڵەتی عەلەوی (ڕافیزە) لە تەبەرستان. ناسر عەلەوی دەیکات بە سەرکردەی سوپاکەی و کچەکەی خۆی پێدەدات، کاتێک ناسر لە ساڵی (٣٠٤ک) دەکوژرێت، ئەم دەیێتە جێنشین و دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکانی قەزوین و زنجان و ئەبهەر و قوم دەچەسپێنێت. دەترێت نازا و دادپەروەر بووە و زۆربەی جەنگاوەرەکانی لە موسوڵمانەکانی دەیلەم بووە. لە سەردەمی ئەودا یەکێکی لێ ڕاست دەیێتەوە بە ناوی (ئەسفاری کوڕی شێرەوەی) و لەپڕێکدا دەست دەگرێت بەسەر تەبەرستاندا و جەنگ لەنێوانیاندا ڕوو دەدات و بەشێک لە سوپاکەی کە لە دەیلم بوون جیا دەبنەوە دەچنە لای ئەسفار، ئیدی لاواز دەبێت و لە شەڕدا دەکوژێت. (پەراوێزی لاپەڕە ٤٤). چونکە ئەم ئیبن داعییە ڕافیزە بوو، کێشەی لەگەڵ خەلیفەی عەباسییەکاندا هەبووە، بۆیە پێدەچێت ئیبن فەزلان خۆی لێ شاردبێتەوە (والله اعلم). (وەرگێڕ)

[3] پایتەختی خۆراسان بووە. (پەراوێز لاپەڕە ٤٥)

[4] یەکێک بوو لە نەوەکانی نەتروشی عەلەوی، والی جورجان بووە، فەرماندەیەکی باڵا بووە لای حەسەنی کوڕی داعی. ساڵی ٣٠٩ک کوژراوە. (پەراوێز لاپەڕە ٤٥) هەر لەو دەمەی کە کاروانەکە گەیشتوونەتە ئەو ناوچەیە، ئەو کوشتارە ڕوویداوە. (وەرگێڕ)

[5] دەکەوێتە سەر ڕۆخی ڕووباری مەشهەد کە لقێکی ڕووباری هیراتە. مەقدیسی وەسفی ئەم ناوچەیەی کردووە و دەڵێت: "کەشێکی خۆش و لەبارە هەیە و خاکی بەپیت بووە." (پەراوێزی لاپەڕە ٤٥)

بۆ «قشمهان» و «مفاز ئامل»[1] و ماوەی سێ ڕۆژێک لەوێ ماینەوە، وشترەکانمان حەسانەوە و پشوویان وەرگرت، تا بچینە ئامل؛ دواتر کەوتینەوە ڕێ و ڕووباری جەیحوونمان بڕی و چووینە «ئەفریر»، لەوێ لە خانەقای تاهیری کوڕی عەلی ماینەوە، پاشان سەفەرمان کرد بۆ «بیکەندە»[2] و لەوێوە بۆ بوخارا. کاتێک چووینە ئەوێ چاومان بە ئەبو عەبدوڵڵای جیهانی [3]کەوت، نووسەری ئەمیری خۆراسان و کەسێکی دەستڕۆیشتوو بوو لە خۆراسان و بە شێخ عەمید ناسرابوو، ڕێزی گرتین و خانووی بۆ دابین کردین؛ ئینجا خزمەتکارێکی خۆی بۆ تەرخان کردین، تا هەر پێداویستییەک هەبێت بۆمان دابین بکات. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ماینەوە و دواتر داوای لێ کردین بڕۆین بۆ لای نەسری کوڕی ئەحمەد.[4] کاتێک چووین و سڵاومان لێ کرد، بینیمان ئەم کەسە گەنجێکی جوامێر بوو و هێشتا موی لێ نەهاتبوو، ئێمەش بڕیاری خەلیفەمان بۆ خوێندەوە و فەرمووی دابنیشن. یەکەم شتێک پرسیاری لێ کردین ئەوە بوو کە هەواڵی خەلیفەی لێ پرسیین و وتی: "ئەمیری ئیمانداران هەواڵی چۆنە؟ خودا خۆی و کەس و دەستوپەیوەندەکانی سەلامەت بکات." ئێمەش وتمان: "زۆر باشە، سوپاس بۆ خودا." وتی: "خودا باشتری بکات." پاشان فەرمانەکەمان (نامە) بۆ خوێندەوە کە دەبێت ئەو داهاتانەی لە باج و سەرانەی ناوچەکانی ئەرسەخشمینە کۆدەکرێنەوە لە فەزڵی کوڕی موسای نەسرانی «الفضل بن موسى النصراني» وەربگیرێن کە وەکیلی ئیبن فوراتە و بدرێن بە ئەحمەدی کوڕی موسای خەوارزمی «احمد بن

---

[1] ناوچەکە بە ڕێڕەوی پەڕینەوە دادەنرا بۆ بوخارا، دەکەوتە سەر ڕووباری جەیحوون. (پەڕاوێزی لاپەڕە ٤٥)

[2] یاقووتی حەمەوی باسی ئەم ناوچەیەی کردووە و دەڵێت: شارێکە دەکەوێتە نێوان بوخارا و ڕووباری جەیحوونەوە، چەند قۆناغێک لە بوخاراوە دوور بووە، لەمێژە وێرانەیە. (سامی دەهان، لاپەڕە ٧٢)

[3] ناوی عەبدوڵڵای کوڕی محەممەدی کوڕی ئەحمەدی جیهانی «عبدالله بن محمد بن احمد الجيهاني»یە، ناسراوە بە ئەبو عەبدوڵڵای جیهانی، وەزیری خۆراسان بووە، کتێبێکیشی هەبووە بە ناوی (المسالك والممالك)، بەڵام فەوتاوە. (پەڕاوێزی کتێبەکە ٤٦)

[4] ناوی نەسری کوڕی ئەحمەدی کوڕی سامانی «نصر بن احمد السامانی»یە، یەکێکە بووە لە پادشا بە ناوبانگەکانی سامانیی ناوچەی خۆراسان، تەمەنی هەشت ساڵان دەبێت کە باوکی دەکوژرێت، لەنێوان ساڵی ٣٠١ک - ٣٣١ک دەسەڵاتدار بووە. (سامی دەهان، لاپەڕە ٧٧)

موسى الخوارزمي». هەروەها نامەیەک نووسرابوو بۆ ئەمیری خەوارزم، تا هەموو یارمەتییەکمان پێشکەش بکرێت، ئەو کات نووسراوەکە لەنێو کەلوپەلەکان دانرابوو لە ژێر چاودێریی پاسەوانەکاندا بوو، ئینجا وتی: "ئەی ئەحمەدی کوڕی موسا لە کوێیە؟" وتمان: "کاتێک ئێمە لە بەغداد دەرچووین وتی دوای پێنج ڕۆژی تر دەکەوینە ڕێ و دەگەم بە کاروانەکەی ئێوە." پاشان وتی: "گوێرایەڵی فەرمایشتەکانی خاوەن شکۆین، خوای گەورە تەمەن بکات." هەواڵەکە درا بە فەزڵی کوڕی موسای نەسرانی،[1] وەکیلی ئیبن فورات، ئەویش بڕیاریدا دەبێت هەرچۆنێک بێت و بە هەر ڕێگەیەک بێت ئەحمەدی کوڕی موسای خەوارزمی دەستگیر بکرێت، بۆیە نامەی نارد بۆ هەموو شار و ناوچەکانی سنووری خۆراسان بۆ فەرماندە سەرباز و ئەفسەرەکان کە دەبێت هەواڵگر و سیخوورەکان بەوردی چێشتخانە و خانەقا و شوێنەکانی مانەوەی ڕێبواران بپشکنن، تا دەستگیر بکرێت. پێشتر شێوە و ڕووخسار و سیفەتەکانی دیاری کرابوون بۆ هەواڵگرەکان، هەروەها داواشی کردبوو کە هەرکات ئەم کەسە دەستگیر کرا، هیچ سزایەک نەدرێت، تا بە نووسراو ئاگادار دەکرێنەوە. دواتر بە ناوچەکەدا تێپەر دەبێت و لە شاری مەروە دەستگیر دەکرێت.

---

[1] وا دیارە فەزڵی کوڕی نەسرانی هەوڵی داوە ئەحمەدی کوڕی موسای خەوارزمی دەستگیر بکات و لەناوی ببات، تا لەو نێوەندەدا ئەوە بڕە پارەیە لەناوببات، لەوانەشە ئەم نەسرانییە کاربەدەستێکی خراپ بووبێت و لەنێو دەوڵەتی ئیسلامیدا ویستوێتی کێشە بۆ نێردەی خەلیفەی عەبباسییەکان دروست بکات؛ هەروەها دەبێت لە نێو تیمەکەی ئیبن فەزڵاندا ئەو کارە کرابێت، لە دواییشدا کێشەی بۆ ئیبن فەزڵان دروست کرد و کەوتە بەر لێپێچینەوەی پادشای سەقالیبە. دواتر دێینە سەر ئەو باسە (ان شاء الله). (وەرگێڕ)

باسی خوارەزم و دراوی بوخارا

ماوەی مانەوەمان لە بوخارا بیست و هەشت ڕۆژ بوو، کەوتینە جوولّە و وتمان: (دەبێت بکەوینە ڕێ، تا سەرمای زستان زۆری بۆ نەهێناوین. هەندێ لە هاوڕێکانم هاوڕابوون لەگەڵ عەبدوڵڵا پەشتۆ و فەزڵی کوڕی موسا و ئەوانیش هەمان شتیان وت: وتیان ئەگەر چاوەڕوانی ئەحمەدی کوڕی موسا بکەن، دوا دەکەوین، پاشان سەرما زۆر بەسەختی ناوچەکە دەگرێتەوە و ئەو کات زەحمەتە دەربچن، بۆیە باشتر وایە کاروانەکەْ بکەوێتە ڕێ؛ دواتر ئەگەر ئەحمەدی کوڕی موسا هات، ئەوەلە ڕێگە بە یەکتری دەگەینەوە).

ئیبن فەزڵان دەڵێت: درهەمی وڵاتی بوخارام بینی، چەند جۆرێک بوون لەنێویاندا جۆرە درهەمێک هەبوو پێیان دەوت «غەتریفی»، لە مس دروست کرابوو، ڕەنگی زەرد بوو؛ سەد دانەی بە یەک درهەمی زیوو بوو. هەروەها مەرجیان لە مارەیی کچ بەشوودان بەم شێوازە بوو کە دەیانوت: فلانە کەس شووی کرد بە فلان کەس بە ئەوەند هەزار درهەمی غەتریفی. هەروەها لە کڕینی مەڕ و مااڵت و ئاژەڵ و خانوو و زەویدا باسی هیچ جۆرە دراوێک ناکەن جگە لە غەتریفی. جۆری تریان هەیە زەردە، یەک درهەمی بە چل دانقە[1]، ناوی «سەمەرقەندی»یە، شەش دانەی بە دانقێکە (دانقێک یەک لەسەر شەشی درهەمێکی زیوە. وەرگێڕ).

کاتێک گوێبیستی قسەکانی عەبدوڵڵا پەشتۆ (پەشتۆ هۆزێکی مەزنی

---

[1] یاقووتی حەمەوی باسی درهەمەکانی بوخارا دەکات و دەڵێت: "بوخاراییەکان لە سەردەمی سامانییەکاندا ناڵوگۆڕ و شمەک کڕین و فرۆشتن و کاری ڕۆژانەیان بە درهەم بووە، بۆیە کاریان بە دینار نەکردووە زۆربەی جار بە ناڵتوون کاری فرۆشتن و کڕین کراوە؛ هەروەها درهەمی غەتریفیان هەبووە لە ناسن و قورقۆشم و زەردە و چەندان جۆری تری خشڵ و زێڕیان هەبوو و کاریان پێوە کردووە. (سامی دەهان، لاپەڕە ۷۹)

ئەفغانین. وەرگێڕ) و خەڵکی بووین کە باسی سەرمای زستانی ئەو ناوچەیەیان بۆ کردم و ئاگاداریان کردینەوە، ئێمەش هەر زوو خێرا لە بوخارا دەرچووین بۆ سەر ڕووبار و چەند کەشتییەکمان بەکرێ گرت بۆ گواستنەوەی ئاژەڵ و پێداویستییەکان بۆ خواڕەزم. لەو ناوچەیەی کە کەشتییەکانمان لێ بەکرێ گرت، تا خواڕەزم نزیکەی دوو سەد فەرسەخ دەبوو، کاتێک کەوتینە ڕێ هەندێک جێگەمان بڕی، بەڵام لەبەر ساردی و شەختە نەمانتوانی بەئاسانی بەنێو ڕووبارەکەدا بڕۆین، چونکە هەندێ شوێنی بە تەواوی بووبوون بە شەختە؛ بۆیە بەو شێوازە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، تا گەیشتینە بوخارا و لە ماڵی ئەمیری ناوچەکە ماینەوە کە ناوی ئەحمەدی کوڕی عێراقی خواڕەزم شا بوو و زۆر ڕێزی گرتین و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ماڵێکدا ماینەوە کە بۆی دابین کردبووین، دوای سێ ڕۆژەکە دەستمان کرد بە گفتوگۆ دەربارەی گەشتەکەمان و وتمان: "دەمانەوێت بچین بۆ ناوچە تورکەکان."

وتی: "بە هیچ شێوازێک ڕێگەتان پێ نادەم گەشت بکەن، چونکە دەزانم سەرکێشی بە ژیانی خۆتانەوە دەکەن، بۆیە بە قسەی ئەم لاوە نەکەن (مەبەستی تەکین بوو)، چونکە فێڵتان لێ دەکات. ئەم کەسە (تەکین) پێشتر لای ئێمە ناسنگەر بوو، چووە بۆ وڵاتە بێباوەڕەکان بۆ کاری بازرگانیی ئاسن، هەر ئەم بوو نەزیری حەرمیی هەڵخەڵەتاند و داواکەی پاشای سەقالیبەی ڕەوانە کرد بۆ ئەمیری ئیمانداران، بۆیە ئەوەی هەستێت بە کاری بانگەوازی ئیسلام لەو ناوچەیەدا؛ ئەوا ئەمیری پایەبەرزی خۆراسانە. دەبێت ئەوە بزانن دەرچوون لەو ناوچەیە زەحمەتە، چونکە نێوان ئێوە و ئەو شوێنەی باسی دەکەن زۆر دوورە، دەبێت بەنێو هەزاران هۆزی بێباوەڕدا تێپەر ببن و ئەمەش فێڵە لە سوڵتان، بۆیە ئامۆژگاریتان دەکەم نەڕۆن."

ئینجا وتی: "دەبێت نامە ڕەوانە بکرێت بۆ ئەمیری پایە بەرزی خۆراسان، تا ئەویش نامە ڕەوانە بکات بۆ سوڵتان و پێکەوە باسی ئەو بابەتە بکەن و بڕیاری لێ بدەن. ئێوەش لێر بمێننەوە، تا ئەو کاتەی وەڵامی ئەمیری ئیمانداران دەگەڕێتەوە، خودای گەورە پایەبەرزی بکات."

ئیمەش ئەو ڕۆژە بەجێمان هێشت و بۆ ڕۆژی دواتر گەڕاینەوە لای و بەنەرمی گفتوگۆمان لەگەڵ کرد و وتمان: "ئەوە فەرمانی ئەمیری ئیماندارانە، بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر نامە ڕەوانە بکرێتەوە و چاوەڕوانی وەڵامی ئەو بین."

ئیتر دووبارە کاروانمان ڕێکخستەوە، چووینە خوارەزم و لەوێوە بۆ جورجانییە، دووریی نێوانیان بە ئاودا پەنجا و پێنج [1] فەرسەخ بوو، کاتێک چووینە ئەوێ، درهەمی خوارەزمم بینی لە جۆرێکی خراپ بوو و لە قورقوشم دروست کرابوو، هەبوو لە مەعدنی زەرد دروست کرابوو و پێیان دەوت: (تازە)، کێشی هەر درهەمێک چوار دانق و نیو بوو. ئەو کەسانەی دراوگۆڕ بوون ئاڵوگۆڕیان بە دراوەکانەوە دەکرد و لە هەموو جۆرەکانیان دەفرۆشت.

[1] یەک فەرسەخ = ٤٨٢٨ کیلۆمەتر، کەواتە ٥٥ فەرسەخ = ٢٦٥،٥٤٠ کیلۆمەتر. (وەرگێڕ)

باسی کوردەکانی ئاردکۆ (کوردەلیە)

خەڵکی ئەو جێگایانە لە هەڵسوکەوت و قسەکردندا سەرنجڕاکێش بوون، قسەکردنیان وەک قیژەی ڕیشۆڵە وا بوو، هەر لە نزیک ناوچەکانی خوارەزم گوندێک هەبوو ناوی «ئاردەکۆ» بوو و ڕۆژە ڕێیەک لە خوارەزمەوە دوور بوو؛ بە دانیشتووانەکەیان دەوت (کوردەلیە)[1]، قسەکردنیان وەک قیرەی بۆق وا بوو، لە دوای هەموو نوێژێک خۆیان لە ئیمامی عەلی بەری دەکرد و قسەیان پێ دەوت (مەبەست لەوەیە کە بیروباوەڕی خەواریجیان هەبووە. وەرگێڕ).

[1] لە هیچ سەرچاوەک باسی ئەم گونده نەکراوە، بەڵام توێژەرەکان دەڵێن خەڵکی ئەو ناوچەیە کورد بوون، چونکە ئەگەر تەماشای هۆزی فەیلی بکەین کە هۆزێکی مەزنی کوردن، دەبینین لە چەند تیرەیەک پێکهاتوون لەوانە: (مەلەک شا) و (شێروانی) و (کوردەلیە)، کەواتە کوردەلیە عەشیرەتێکی کوردی ناسراوی فەیلی بوون، ئەوەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە ئەو گوندەی نیبن فەزلان باسی دەکات کورد بوون. (پەراوێزی لاپەرە ٥٠). (هەزار و سەد ساڵ پێش ئێستا نیبن فەزلان ئاماژە بە کوردەکانی خوارەزم دەکات، دەتوانم بڵێم نیبن فەزلان کۆنترین سەرچاوەی نیسلامییە ئاماژە بە کورد بکات، پێدەچێت هەمان ئەو کوردانەبن کە، تا ئێستاش لە ناوچەکانی قەفقاز و خۆراسان بوونیان هەیە. وەرگێڕ)

باسی جورجانییە و نەریتی خەڵکەکەی

ماوەیەک لە جورجانییە ماینەوە، هەرچی ئاوی ڕووباری جەیحوون هەبوو لەم سەر بۆ ئەو سەر هەمووی بوویوو بە شەختە، پانیی شەختەکانی حەڤدە بست بوو، خەڵک و ئاژەڵ وگالیسکەکان بەسەریدا دەڕۆیشتن بەبێ ئەوەی ترسی شکاندنیان هەبێت؛ بۆ ماوەی سێ مانگ ئاوەکان دەیانبەست! هەر لەو ناوچەیە چووینە شارێکەوە ئیتر هەستمان کرد دەرگای زەمهەریر بە ڕوومانداا کرایەوە هێندە سارد بوو، هەر کاتێک بەفر دەباری بایەکی بەهێزی لەگەڵی دەبوو وەک گەردەلوولێکی بەهێزی لێ دەهات و هەموو شتێکی دادەپۆشی، یاخود هەر کاتێک کەسێک بیویستایە گفتوگۆ لەگەڵ خزمێکی، یان هاوڕێیەکی بکردایە؛ یان بچووبایەتە سەردانی پێی دەوت: "وەرە با لە ژوورەوە گفتوگۆ بکەین ئاگردانێکی خۆشمان هەیە." ئەوەش ئەوپەڕی خزمەتکردن بوو بە کەسی بەرانبەر. بەڕاستی ساردیی ئەو مەملەکەتە هێندە بەهێزە بوو هەرچەندێک وەسفی بکەیت هەر کەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خودا ڕەحمی پێ کردووون، چونکە دار و دارستانیان زۆرە و هەرزانە، باری گالیسکەیەک لە داری تاغ نرخی دوو درهەمی خۆیان بوو!

نەریتی پرسیارکردنیان وا بوو کەسێک دەچووە ژورەوە بێ ئەوەی لە دەرگا بدات، بۆ کاتژمێرێک خۆی لە پێش ئاگردانەکە گەرم دەکردەوە، ئینجا دەیوت: "بیکونده"، واتە: نان. ئەگەر نانی پێ بدرایە وەری دەگرت، ئەگینا دەڕۆیشت.

مانەوەمان لە جورجانییە درێژەی کێشا، لە مانگی ڕەجەب و شەعبان و ڕەمەزان لەوێ بووین، ئەو ماوەیە ڕێگاکان هەموو بە بەفر گیرابوون، نەماندەتوانی دەربچین، ئەوەیان بۆ گێڕامەوە و وتیان: (دوو پیاو دوازدە وشتریان پێشی خۆیان داوە و دەرچوون بۆ دارستانەکانی ناوچەکە بە مەبەستی هێنانی دار، بەڵام لە بیریان دەچێت بەردەنەستێ (چەرخ)ی ئاگرکردنەوە لەگەڵ خۆیان ببەن و شەو بەبێ ئاگر دەمێننەوە، بۆیە لەسەرماندا خۆیان و وشترەکان ڕەق دەبنەوە!

خۆم ئەوەم بینیوە بازارەکانی شار لەبەر سەرما هەمیشە چوڵ بوون، کاتێک بایەکی سارد هەڵی دەکرد، کەست بەرچاو نەدەکەوت، هەموو کۆڵانەکان دەگەڕایت و کەس نەدەهاتە دەرەوە، مرۆڤ بوێریی دەرچوونی نەدەکرد. کاتێک دەستنوێژم دەگرت ڕیشم یەک پارچە دەبووە سەهۆڵ لە حەیبەتدا پەنام دەبردە بەر ئاگردانەکە و دادەنیشتم تا دەتوایەوە.[1]

ئەو ماوەیە لەنێو ژوورێکی بنەوەی خانووەکە و لەسەر لبادێکی ئەستووری دروستکراوی دەستی تورکەکان دەنووستم، ئینجا خۆم بە فەرووی فەرەنجیی دروستکراو لە پێستی وشتر و مەڕ دادەپۆشی، جاری وا هەبوو ڕوومەتم بە سەرینەکەوە دەنووسا، فەرەنجییەکە ناوەوەی فەروو بوو دەرەوەشی بە پێستە داپۆشرابوو؛ بۆئەوەی سەرما پارچە پارچەی نەکات، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر دەقڵیشا. لەو ماوەیەی لەوێ بووم زەویم دەبینی لە بەر بەهێزیی سەرما دەقڵیشا و دارە مەزنەکانیشی دەتەقین و دەبوون بە دوو پارچەوە. کاتێک گەیشتینە ئەوێ، نیوەی مانگی شەوالی ساڵی(٣٠٩ک) بوو، کەشی دونیا گۆڕا و ئاوی ڕووبارەکە توایەوە، بۆیە خێرا دەستمان کرد بە خۆئامادەکردن و ڕەخساندنی ئامرازەکانی گەشتکردن، چەند وشترێکی تورکیمان بە کرێ گرت و چەند بەلەمێکی مەزنی دروستکراو لە پێستی وشترمان ئامادە کرد؛ تا لە ڕووبارەکە پێی بپەڕینەوە، ئینجا نان و جاروو‌س (وەک ماش وایە - وەرگێڕ) و نمەکسوزێکی[2] زۆرمان لەگەڵ خۆمان هەڵگرت، تا ببێتە تونێشووی ڕێگا بۆمان، هەموو خۆراکەکان بەشی سێ مانگیان دەکرد. هێندە باسی سەختی و ساردی و بەفری ناوچەکانیان بۆ کردین و چیرۆکی سەیروسەمەرەمان دەبیست، بۆیە ئەوانەی کە ئێمەیان دەناسی پێیان دەوتین پۆشاک فەرەنجی و کورتەک و گۆرەوی و خوفی زۆر لەگەڵ خۆتان هەڵبگرن، ئیتر ئێمەش وامان کرد. بەڕاستی دواتر بۆمان دەرکەوت ئەوەی بۆمان باس کرا زۆر

---

[1] بە هەمان شێوە یاقووتی حەمەوی باسی ئیبن فەزلان دەکات و دەڵێت نامەکەی ئیبن فەزلانم خوێندووەتەوە، ئیستا چۆن باسمان کرد ئەویش بەو شێوە باسی کردووە، بەڵام لەبەر پێویست نەبوون و خۆبواردن لە درێژدادڕی ناکرێت مەتنی هەردووکیان لێرەدا بنووسین و بەراوردیان بکەین. (وەرگێڕ)

[2] نمەکسوز: گۆشتە پارچە دەکرێت بە خوێ و بەهاراتەوە وشک دەکرێتەوە. (پەراوێزی لاپەڕە ٥٩)

لەوە کەمتر بوو کە ئێمە بینیمان، چونکە ئەوەندە ڕێگاکە سەخت بوو هەر یەکێک لە ئێمە جگە لە پۆشاک و شەروالّ و کورتەکێک، فەرەنجی و عەبایەکی (کیمخیت)ی[1] پۆشیبوو، تەنیا چاوهمان دیاربوو، جلەکانمان ئەوەندە قورس بوون بەزەحەمەت لەسەر پشتی وشترەکانمان دەمانتوانی جوولّە بکەین.

هەموو کارەکانم تەواو بوون، بەلّام فەقێ و مامۆستا و دوو لە خزمەتکارەکانی کە لە بەغدادەوە لەگەلّمان بوون، لە ترساندا لە ئێمە دابڕان و دواکەتن و نەهاتن، ئیتر من و نێردراوەکە کەوتینە ڕێ. تەکین و پارس[2] پێش کەوتن و پێم وتن: "ئەی هاوڕێیان! ئێوە باش دەزانن نێردەکەی پادشا فەرمانی پێیە و هەموو وردەکارییەکانی ئەم نێردەیەی تێدا نووسراوە لە دیاری، پاشان ئەوەشی تێدایە کە دەبێت چوار هەزار دیناری موسیبییە[3] بدرێت بە پاشای سەقالیبە، بۆیە دلّنیام پادشا نامەکە دەبینێت و داوای پارەکانمان لێ دەکات." وتیان: "مەترسە، ئێمە بەرپرس نیین لە پارەکە، داوا لە ئێمە ناکات." وتم: "دەزانم یەخەی ئێمە دەگرێت، بەلّام ئەوان گوێیان بۆ نەگرتم."[4]

---

[1] کیمخت: لە پێستی ئەسپ دروستکراوە. (پەراوێزی لاپەڕە ٥٩)

[2] د. غەیبە دەلّێت: "ئیبن فەزلّان بە وردی باسی کاروانەکە ناکات کە چەند بوون، تەنیا چەند کەس لەوانە بوون کە سەرپەرشتیاریان کردووە، هەر ئەوەندە نەبێت کاتێک باسی تورکەکانی (غەزیە) دەکات و دەلّێت: کاروانەکە لە پێنج هەزار کەس پێک هاتبوو. (پەراوێزی لاپەڕە ٦٠)

[3] دراوی موسیبییە و موحەمەدییە دوو دراوی ناوچەی بوخارا بوون، یاقووتی حەمەوی لە باسی بوخارادا باسی کردوون. (پەراوێزی کتێبەکە، لاپەڕە ٦٠)

[4] دیارە کە خەلیفەی عەبباسی، موقتەدیر فەرمان دەکات بە خەرجکردنی چوار هەزار دینار بۆ پاشای سەقالیبە، بەلّام ئەو بڕە پارەیە بە هەر هۆکارێک بووبێت دیارنامێنێت، جا ئایا لەنێو تیمەکەی ئیبن فەزلّان ئەو بڕە دیارنامێنێت، یاخود لەنێوان ئەمیرەکاندا دەشاردرێتەوە؟ نیدی ئەوە پرسیارێکە و بێ وەلّامە... (پەڕاوێزی لاپەڕە ٦٠). پێشتر ناماژەم پێداوە بڕوام وایە لەنێو ئەمیرەکاندا دیارنەماوە، جا بە هەر هۆکارێک بێت، بۆیە ئیبن فەزلّان ترساوە و هاوڕێکانی ناگادار کردووەتەوە لەو مەبەستە. (وەرگێڕ)

بەڕێکەوتن بۆ ناوچەی تورکەکان و ئاشنابووون بە نەریتیان

کاتێ کاروانەکە بە تەواوەتی ئامادە بوون بۆ ڕۆیشتن، ڕێبەرێکمان بەکرێ گرت ناوی «قلواس» و خەڵکی جورجانییە بوو، بۆیە لە دووی زیلقەعدەی ساڵی سێ ٣٠٩ی کۆچی پشتمان بە خوای باڵادەست بەست و کەوتینە ڕێ. سەرەتا چووینە خانەقای (زمجان) لە ناوچە تورکەکان، پاشان چووینە ماڵێک پێیان دەوت (جیت)، دوای مانەوەمان لەوێ بۆ ماوەی دوو ڕۆژ بەفرێکی چڕ دەستی بە بارین کرد و ئەوەندە بەهێز بوو، تا ئەژنۆی وشترێک باری؛ پاشان لە ناوچە تورکەکان دەستمان کردەوە بە ڕۆیشتن و مەبەستمان نەبوو لە هیچ جێیە لابدەین. دەشتاییەکی پان و بەرین هاتە ڕێمان و هیچ شتێکی لێ نەبوو، جگە لە زەویی وشک و سارد لەگەڵ چیا، هێندە سەرما و برسیەتی و ناخۆشی هاتە ڕێمان، هیچمان لە بیر نەما. سەرماکەی ئەوەندە سەخت بوو سەرمای خواڕەزم لەچاویدا وەک هی هاوین وابوو، ئەوەندەی نەمابوو لەناوبچین!

هەر لەو سەردەمەدا بوو کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆیشتین، تەکین و پیاوێکی تورک بە هاوشانی منەوە دەڕۆیشتن و کابرا بە تورکی دەستی کرد بە قسەکردن لەگەڵ تەکین و تەکینیش پێکەنی و وتی: "ئەم تورکە دەڵێت خودا چی داوا لە ئێمە دەکات، تا بۆی بکەین؟ ئەوەتا خەریکە بە سەرما دەمانکوژێت!" منیش بە تەکینم وت: "پێی بڵێ داواتان لێ دەکات بڵێن: اشهد ان لا إله إلا الله." ئینجا وتی: "ئەگەر بمانزانیایە دەمان کرد." پاشان چووینە جێگایەک دارێکی (تاغی) زۆری لێبوو و ئێمەش دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی و ئاگرێکی گەورە کردەوە، هەموو خۆمان گەرم کردەوە و پۆشاکە تەڕەکانمان وشک کردەوە، دواتر کەوتینەوە ڕێ و بەردەوام بووین لە ڕۆیشتین. هەموو شەوێک لە دوای نیوە شەوەوە بەخێرایی دەکەوتینە ڕێ، تا نوێژی عەسر، یان نوێژی نیوەڕۆ، ئەو کات پشوومان وەردەگرت. بەم شێوەیە پازدە ڕۆژ بەڕێگەوە بووین، تا گەیشتینە شوێنێک

چیایەکی مەزنی لێبوو لەگەڵ گابەردی مەزن کە ئاوی کانی هێنابووی و ئاوەکەش لە گۆمێکی مەزندا کۆبوویووەوە. ئەو جێگەیەمان بڕی، ئەوەندەمان زانی هۆزێکمان لێ دەرکەوت پێیان دەوت هوزی «غەزیە»، ئەم هۆزە لەو دەشتاییەدا دەژیان و خانووەکانیان لە پێستی ئاژەڵ دروست کرابوو، ماوەیەک لە جێیەک دەبوون و پاشان بە هۆی سەرما و کەمیی لەوەڕ و پێداویستییەوە دەچوونە شوێنێکی تر؛ لەگەڵ ئەوەشدا ئەمانە وەک کەری سەرلێشێواو وا بوون، چونکە خاوەن هیچ دین و بیروباوەڕێک نەبوون، هیچیان نەدەپەرست، تەنانەت بە عەقڵیش کاریان نە دەکرد؛ بە گەورەکەیانیان دەوت (ئەرباب). ئەگەر کەسێک پرسی بە گەورەکەی بکردایە، دەیوت: "گەورەم! دەمەوێت فلان شت بکەم." کاتێک هەمووان لەسەر پرسێک کۆدەبوونەوە، بڕیاریان دەدا، کەچی خراپترین و هیچ و پووچترینیان دەهات و ڕێکەوتنەکەی هەڵدەوەشانەوە!

هەروەها گوێم لێببوو دەیانوت: (لا إله إلا الله، محمد رسول الله) ئەوەش لە بیر و بڕوایانەوە نەبوو، بەڵکوو لەو موسوڵمانانەوە فێر بووبوون کە لە لای ئەم هۆزەوە تێپەڕ ببوون و ماوەیەک لەوێدا و لای ئەوان پشوویان دابوو. کاتێ کەسێک ستەمی لێ بکرایە سەری بڵند دەکردەوە بۆ ئاسمان و دەیوت (بیر تەنکەری) بیر بە زمانی تورکی واتە: یەک و تەنکەرییش واتە: خودا، واتە خودا تاک و تەنیایە (ئەوەش وەک سکاڵایەک وا بوو. وەرگێڕ).

نەریتان وا بوو بە ئاو خۆیان لە پیسی پاک نەدەکردەوە، لە دوای جوتبوون خۆیان نە دەشۆری و گرنگییان بەو پاکژییە نەدەدا، لە زستاندا هێندە خۆیان نەدەخستە نێو ئاو، ئافرەتەکانیان خۆیان لە پیاوان دانەدەپۆشی و زۆر جار لاشەیان بەرانبەر کەسی بێگانە بەدەردەکەوت بێ ئەوەی خۆیان دابپۆشن؛ یان هەست بە خەجاڵتی بکەن. جارێکیان لای ماڵێکی تورک ماینەوە، خاوەن ماڵ لەگەڵمان بوو و کەنیزەکەکەی قسەی لەگەڵدا کرد و لەپڕ عەورەتی بەدەرکەوت و دەستی کرد بە خوراندنی، ئێمەیش هەموو لە شەرمدا چاومان گرت و وتمان ئەستەغفیروڵڵا! پیاوەکەی دەستی کرد بە پێکەنین، ئینجا بە وەرگێڕەکەی وت: "پێیان بڵێ ئەوە باشترە لەوەی خۆی دابپۆشێت و دواتر داوێنپیسی بکات!"

هیچ کات نەیاندەزانی زیناکردن چییە، بەڵام هەر کاتێک کەسێکیان لەسەر ئەو کارە بگرتایە دەیانکرد بە دوو کەرتەوە، ئەوەش بەو شێوازە بوو لقی دوو درەختیان بەهێزێکی زۆر لێک نزیک دەکردەوە و هەردوو قاچی کەسەکەیان بە دوو درەختەکەوە دەبەست، پاشان بەریان دەدا و ئیتر کەسەکە دەبوو بە دوو کەرتەوە.

جارێکیان قورئانم دەخوێند، هەندێکیان گوێبیستی بوون و یەکێکیان بە وەرگێڕەکەی وت: "پێی بڵێ با نەوەستێت و بەردەوام بیخوێنێت." ئارەزووی گوێبیسی قورئان بوون، یەکێکی تر وتی: "بەو عەرەبە بڵێن خودا خێزانی هەیە؟" منیش وتم ئەستەغفیروڵڵا و ئینجا وتم سوبحانەڵڵام! ئەویش بە هەمان شێوازی من ئەو وشانەی دووبارە کردەوە، چونکە نەریتیان وا بوو هەر کاتێک موسوڵمانێک لە لایان بیوتایە سوبحانەڵڵا و ئەستەغفیروڵڵا، ئەوانیش دووبارەیان دەکردنەوە.

لە ژنهێناندا شێواز و نەریتی تایبەتی خۆیان هەبوو، سەرەتا کەسەکە داوای لە هاوڕێکەی، یان کەسێکی تر دەکرد کە خوشکەکەی، یاخود کچەکەی خۆی بداتێ؛ ئەگەر خاوەن ئافرەتەکە ڕازی بووایە، دەیوت ئەوا من ڕازی بووم فلان ئافرەتت بدەمێ لەسەر ئەوەندە پارە و پۆشاکی خواڕەزمی (کە مارەییەکەی بوو). هەندێ جار مارەیی بە ئاژەڵ و وشتر دیاری دەکرا، کاتێک هەردوو لا ڕازی دەبوون، ئافرەتەکەیان پێ نەدەدا، تا کەسەکە هەموو مارەییەکەی تەسلیم دەکرد؛ کاتێک مارەییەکەی پێدەدا ئەو کات بێ ئەوەی پرسیار بکات دەڕۆیشت و بە بەرچاوی برا و باوک و کەسەکانییەوە ئافرەتەکەی دەبرد بێ ئەوی ڕێگریی لێ بکرێت. ئەگەر پیاوێک بمردایە کوڕی گەورەی هەبووایە لە ژنێکی تر، ئەوە مارەی ژنەکەی بۆ خۆی دەبڕی! (واتە: مارەبڕینی زۆرایک لای تورک تاوان نەبووە. وەرگێڕ)

نەریتێکی تری نامۆیان هەبوو و بریتی بوو لەوەی کە هیچ بازرگانێک نەیدەوێرا خۆی بشوات، چونکە ئەگەر کارێکی وەهای بکردایە تووڕە دەبوون و دەیانوت: "ئەم کەسە نیازی خراپە، دەیەوێت جادوو و سیحرمان لێ بکات بۆیە خۆی دەشوات و لە ئاودا خۆی نقوم دەکات." گەر بازرگانێکیان بگرتایە غەرامەیان دەکرد، لەبەر ئەوە هیچ بازرگانێک بە ڕۆژ خۆی نەدەشۆرد، بەڵکوو شەوان بە نهێنی ئەو کارە دەکرد!

کەس نەیدەوێرا بەنێو ئەم هۆزەدا تێپەڕ ببێت، مەگەر یەکێکی لەوان بکردایە بە هاوڕێی خۆی ئینجا دەیتوانی بەئاسانی دەربازی ببێت؛ هەروەها لە ولّاتی نیسلامەوە پۆشاکی بۆ خۆی و ژنەکەی دەبرد، لەگەڵ بیبەر و مێوژە وشکە و گوێز. جا هەرکە دەگەیشتە ئەوێ، خێرا کابرای تورک خێوەتی تایبەتی بۆ دادەنا و مەڕێکی بۆ دەبرد، تا بازرگانە موسوڵمانەکە خۆی سەری ببڕێت، چونکە تورکەکان هیچ کات مەڕ سەرنابڕن، بەڵکوو دارێک، یان کوتەکێک دەکێشن بە سەریدا و دەیکوژن ئینجا کەوڵی دەکەن.

ئەگەر ڕێبوارەکە پێویستی بە هەرچییەک هەبووایە، ئەوا لە تورکەکانی قەرز دەکرد، تا ئەو کاتەی دەگەڕایەوە، بۆیە تورکەکە هەوالّی برادەرەکەی خۆی لە کاروانەکە دەپرسی، تا قەرزەکەی لێ وەربگرێتەوە؛ بەڵام ئەگەر مردبووایە، ئەوا تورکەکە دەچووە لای ناودارترین بازرگانی نێویان و قەرزەکەی خۆی وەردەگرتەوە بێ ئەوەی یەک درهەم زیاتر، یان کەمتر وەربگرێت. خۆ ئەگەر ئاژەڵ، یان وشری پێ دابووایە، ئەوا بە هەمان شێوە ئاژەڵی وەردەگرتەوە، ئینجا دەیوت: "ئەو کەسە ئامۆزا و نزیکی ئێوەیە بۆیە دەبێت ئێوە ئەو کارە بکەن و قەرزەکەی بۆ بدەنەوە." یاخود ئەگەر کەسەکە ڕای بکردایە بە هەمان شێوە قەرزی خۆیان لە ناودارترین بازرگانی نێو کاروانەکە وەردەگرتەوە، ئینجا پێیان دەیوت: "ئەو کەسە وەک تۆ موسوڵمانە تۆ قەرزەکەی بۆ بدەرەوە." ئەگەر موسوڵمانەکە قایل نەبووایە، ئەوا تورکەکە پرسیاری ناوچەکەی دەکرد و دەیوت: لە کوێیە؟ ئەویش دەیوت لە فلّانە جێگایە، پاشان دەڕۆیشت و قەرزەکەی وەردەگرتەوە. جاری وا هەبوو تورکەکە دەچووە جورجانیە بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسەی قەرزەکەی پێدابوو، دەگەڕا تا دەیدۆزیەوە. پاشان هەر کاتێک تورکەکە لای موسوڵمانەکە بمردایە، ئەوا چاوەڕێیان دەکرد، تا کاروانەکە بەنێو هۆزەکەدا تێپەڕ دەبوو، ئەگەر کەسە موسوڵمانەکە کە هاوڕێی تورکەکە بوو لەنێو کاروانەکە بووایە؛ ئەوا دەیانگرت و خێرا دەیانکوشت (خوێن بە خوێن)، دەیانوت تۆ هۆکاری مردنی ئەو بوویت، یان ئەگەر شەرابی پێ بدایە و پێی بمردایە دەیانکوشتەوە، ئەگەر کەسەکە لەنێو کاروانەکە نەبووایە؛ ئەوا دیسانەوە ناودارترین کەسی نێو کاروانەکەیان دەکوشتەوە لەبری کوژراوەکە!

هەروەها لەوواتە لای ئەوان کارێکی قێزەون بوو، جارێکیان پیاوێکی وارەزمی لە گەڕەکەی لای گۆزەرکین (بە جێگری پادشای تورکیان وتووە گۆزەرکین) دەمێنێتەوە و مەبەستی دەبێت کە مەڕێکی زۆر بکڕێت، بۆیە لای یەکێک لە مالّە تورکەکان دەمێنێتەوە، کابرای تورک میّرد منداڵێکی دەبێت، خوارەزمییەکە کاری نابەجێی لەگەڵ دەکات و تورکەکە سکالّای خۆی لای گۆزەرکین دەکات ئەویش هەموو تورکەکان کۆدەکاتەوە و بە باوکی میّردمنداڵەکە دەڵێت: "حوکمێکی دادپەروەرت دەوێت، یان نا؟" ئەویش دەڵێت: "دەمەوێت حوکمێکی دادپەروەری بدەیت." ئینجا دەڵێت: "باشە بڕۆ کوڕەکەت بهێنە." کاتێ دەیهێنێت، گۆزەرکین دەڵێت: "هەر ئێستا هەردووکیان دەکوژم." کابرای تورک ڕازی نابێت بە حوکمەکە و دەڵێت: "کوڕی خۆم تەسلیم ناکەم." بۆیە بازرگانە خوارەزمییەکە هەندێ مەڕ دەدات بە باوکی میّردمنداڵەکە و چوار سەد مەڕیش دەدات بە گۆزەرکین، تا لەو بارودۆخە ڕزگاری ببێت کە تووشی بووە. بەو شێوەیە کۆتایی بە کێشەکەی دێت و بەخێرایی ناوچەی تورکەکان بەجێ دەهێڵێت.

یەکەم پاشای تورک کە چاومان پێ کەوت ناوی «یەنالی بچووک»[1] بوو، دەڵێن: موسوڵمان دەبێت و ژێردەستەکانی ناڕازی دەبن و پێی دەڵێن: "ئەگەر ببیتە موسوڵمان، ئیتر نابێت پادشایەتیی ئێمە بکەیت"، دواتر پەشیمان دەبێتەوە. کاتێک گەیشتینە لای وتی: "ڕێگەتان پێ نادەم لێرەوە بڕۆن و بیریشی لێ مەکەنەوە دەربازبن." ئێمەش کەوتینە گفتوگۆی نەرم و هێمنانە لەگەڵی و ئیتر قایل بوو بڕۆین، بەڵام بە مەرجی ئەوەی هەندێک دیاریی پێ ببەخشین، ئێمەش دوو قەڵغانی جورجانیی دروستکراو لە لبادمان پێدا کە نرخەکەی دە درهەم بوو، لەگەڵ پۆشاکی بای بافی ئافرەتان و چەند نانێک و هەندێک میّوژ و سەد گوێز. کاتێک دیارییەکانی وەرگرت وەک نەریتی خۆیان سوجدەیەکی برد و پاشان وتی: "ئەگەر مالّمان دوور نەبووایە، ئەوا مەڕێک و هەندێ گەنمم پێشکەش دەکردن." دواتر بەجێی هێشتین و بۆ بەیانی پیاوێکی ناشرین و نابودی تورکمان پێ گەیشت

[1] لای تورکەکان یەنال بە واتای: شازادەی جێنشینە. (پەراوێزی لاپەڕە ٦٥)

هەتا بڵێی پیس و پۆخڵ و ئەسپێون و جلوبەرگ شڕ و بۆگەن بوو، لەو کاتەدا بوو باران دەباری و وتی: "بووەستن." ئێمەش هەموو کاروانەکە وەستاین، پێنج هەزار پیاو دەبووین بە سێ هەزار ئاژەڵەوە، وتمان: "هاوڕێی گۆزەرکینین." دەستی کردە پێکەنین و وتی: "گۆزەرکین کێیە؟ ڕیامە ڕیشی گۆزەرکین!" پاشان وتی: "نان." منیش چەند کولێرەیەکم پێدا و ئینجا وتی: "فەرموون بڕۆن، ئەوا ڕەحمم پێ کردن."

ئیبن فەزلان دەڵێت: "ئەگەر کەسێک لە تورکەکان دەوڵەمەند و خاوەن کۆیلە و کەنیزەکی زۆر بووایە و نەخۆش بکەوتایە، ئەوا لە دوور خێمەی تایبەتی بۆ دادەنرا، تا چاک دەبووەوە، یاخود دەمرد؛ خۆ ئەگەر کەسەکە هەژار بووایە، ئەوا لە دەشتایی فڕێیان دەدا و بەجێیان دەهێشت.

یان ئەگەر کەسێکیان لێ بمردایە، گۆڕەکەیان لە شێوەی چاڵێکی گەورە بۆ هەڵدەکەند وەک ماڵەکەی خۆی، ئینجا لەوێدا پۆشاک و کورتەک و پشتوێن و کەوانەکەیان بۆ دەپۆشی و پەرداخێکی لە دار دروستکراویان دەخستە نێو دەستی و پڕیان دەکرد لە عەرەقی دروستکراو لە ترێ؛ دواتر هەموو ماڵ و سامانەکەیان دەهێنا و دەیانخستە نێو گۆڕەکەی (چاڵە گەورەکە) و خۆیشیان دادەنیشتن و دواتر گۆڕەکەیان بە میچێکی دروستکراو لە قوڕ دادەپۆشی کە شێوەی گومەزی هەبوو، پاشان هەموو ئاژەڵەکانیان دەهێنا و نزیکەی سەد بۆ دوو سەد سەر ئاژەڵیان دەکوشتەوە، بەپێی زۆری و کەمیی ئاژەڵەکان و گۆشتەکەیان دەخوارد، بەڵام قاچ و سەر و کلکی ئاژەڵەکان لەگەڵ پێستەکەیان دەهێشتەوە و دواتر لەسەر گۆڕی خاوەنەکەیان بە داردا هەڵیان دەواسی و دەیانوت: "ئەوانە ئاژەڵی ئەون لە بەهەشت." یاخود ئەگەر کەسەکە ئازا بووایە پەیکەریان لە دار بۆ هەڵدەکۆڵی بە هێندەی ئەو کەسانی کە ئەو کوشتبوونی لەسەر گۆڕەکەی دادەکوترا، دەیانوت: "ئەوانە خزمەتکاری ئەون لە بەهەشت!"

جاری وا هەبوو چەند ڕۆژێک کەسوکاری مردووەکە خۆیان لە گێلی دەدا و ئاژەڵیان سەرنەدەبڕی، ئەو کات پیرە پیاوێکی نێو هۆزەکە دەهات و دەیوت: "فلان کەسم لە خەوندا بینی (مەبەستی مردووەکە بوو) و دەیوت من لە هاوڕێکانم

بەجێماوم، ئەوان بەر لە من ڕۆیشتوون و پێیان ناگەم." کاتێ ئەوەیان دەبیست دەچوون ناژەڵیان لەسەر گۆڕەکەی دەکوشتەوە و بۆ بەیانی هەمان پیرە پیاو دەهاتەوە و دیسانەوە دەیوت: فلان کەسم بینی و وتی: "کەسەکانم زانییان نێستا بە هاوڕێکانم گەیشتوومەتەوە و ئیتر پشووی خۆم وەرگرتووە!"

ئیبن فەزلان دەڵێت: "تورک نەریتیان وایە ڕیشیان دەتاشن، تەنیا چەناگەیان دەهێڵنەوە و هەریەکەیان عەبایەکی لە پێست دروستکراو دەپۆشن کە پێی دەڵێن (بۆستین)، لە دوورەوە تەماشایان دەکەیت وا دەزانیت بزنن!"

پاشای تورکەکان لە هۆزی غەزیە پێی دەڵێن «یەبغۆ» واتە: سەردەستە و گەورەی ئەمیرەکان، بە لەو بچووکتریش دەڵێن: گۆزەرکین.

هۆزی قەتغانی تورک

لە ناوچەی ئەم تورکانە دەرچووین و لە جێگایەکی تر بۆ پشوو لاماندا لەگەڵ سوپایەک کە پێیان دەوتن (تورکەکانی نەوەی قەتغان)، سەرکردەکەیان ڕەشماڵگەلێکی[1] تایبەتی تورکی هەڵدابوون، ئێمەش بۆ پشوو چووینە نێو ڕەشماڵێکەوە، ماڵ و منداڵ و کەسەکانی خۆیان لەگەڵدا بوو؛ ئینجا مەڕ و ئەسپی بۆ هێناین، مەڕەکان بۆ سەربڕین و ئەسپەکانیش بۆ ڕێگا. کۆمەڵی مەڕی بۆ خزم و ئامۆزاکانی خۆی سەبڕی و ئێمەش کۆمەڵێک دیاریمان پێشکەش کرد وەک: پۆشاک و مێوژ و گوێز و بیبەر و جاروس (جارووس جۆرە خواردنێک بووە وەک گەنمەشامی، یان ماش وایە. وەرگێڕ). بیستم ژنەکەی، پێشتر خێزانی باوکی بووە، هەندێک لەو دیاریانەی ئێمە پێمان بەخشیبوو لەگەڵ گۆشت و شیر هەڵی گرت و بردی لە دوورەوەی خێمەکە لە دەشتاییەکە خستییە نێو چاڵێکەوە، پاشان هەندێ قسەی کرد منیش بە وەرگێڕەکەم وت: "ئەوە چی دەڵێت؟" وتی: "دەڵێت ئەوە دیاریبە بۆ باوکی تورکەکان (قەتغان)، عەرەب ئەو دیاریانەی پێ بەخشیووە."

بۆ شەو من و وەرگێڕەکەم چووینە خێمە تایبەتەکەی خۆی و بینیم دانیشتووە، ئێمەش نامەی نەزیری حەرەمییمان پێ بوو بۆی کە داوای لێ دەکرد ببێتە موسوڵمان، هەروەها دیارییشی بۆ ناردبوو کە بریتی بوو لە سێ هەزار دیناری موسەیبییە و سێ مسقاڵ بۆنی میسک و پێستی ئەدیم و پۆشاکی مەروە؛ هەروەها دوو کورتەک (هێلەک)مان پێدا لەگەڵ دوو خوف واتە (گۆرەوی لە پێست دروستکراو) و پێنج دەست پۆشاکی ناورێشم، بۆ ژنەکەشی قوماشی سەرپۆش و ئەنگوێستیلەی تایبەتمان پێ بەخشی.

---

[1] ڕەشماڵی تورکی شێوەیەکی قوچەکیی هەیە لە سەروە کونە بۆنەوەی لە کاتی ناگرکردنەوەدا دووکەڵی لێوە دەربچێت، هەر کاتێکیش کۆچیان کرد بۆ جێگایەکی تر بەخێرایی کۆدەکرێتەوە. (وەرگێڕ)

دواتر نووسراوەکەمان بۆ خوێندەوە، ئینجا بە وەرگێڕەکەی وت: "هیچ نالێم، هەتا ئەو کاتەی دەگەڕێنەوە. خۆم ئەوەی بمەوێت دەینووسم بۆتان بۆ سوڵتان کە چیم دەوێت." پاشان پۆشاکەکەی خۆی داکەند، ئینجا ئەو پۆشاکانەی پۆشی کە نێمە بە دیاری پێمان دا، بینیم کراسەکەی ژێرەوەی لە پێست دروست کرابوو و پارچە پاچە بووبوو و زۆریش پیس بوو. نەریتیان وایە ئەو پۆشاکەی ژێرەوە داناکەنن، تا بۆ خۆی پارچە پارچە دەیێت. تا بڵێیت پیس و بۆگەنن. ئەم کەسەم بینی هەموو ڕیشی تاشیبوو، تەنانەت چەناگەشی، تورکەکان باسیان دەکرد و دەیانوت: "ئەم کەسە زیرەکترین و سوارچاکترینی نێویانە." ڕۆژێکیان لەگەڵیدا بووم لەسەر ئەسپەکەی بوو، تەماشای ئاسمانی کرد بینیم قازێکی کێوی بەئاسمانەوە دەفڕێت خێرا ئەم سەرکردەیە کەوانەکەی بۆ دەرهێنا و یەک تیری تێگرت و خستییە خوارەوە.

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو بانگی سەرکردەکانی تری کرد، ئەوانەی لە دوای ئەوە بوون ئەوانیش: «تەرخان» و «یەنال» و برازاکانی و «ئیلغیز» بوون، تەرخان ژیرترین کەسی نێویان بوو، بەڵام کوێر و شەل بوو، ئینجا پێی وتن: "ئەمانە نێردراوی پاشای عەرەبن، هاتوون بۆلای ئیلمشی کوڕی شەلکیی زاوامان، نامەوێت ڕێگەیان پێببڕم تێپەڕ ببن و ئازادیان بکەم بەبێ وەرگرتنی ڕاوبۆچوونی ئێوە." لە وەڵامدا تەرخان وتی: "هیچ کات نە بینیومە و نە بیستومە کە نوێنەر هاتبێت بەناوی سوڵتانەوە، یاخود تێپەڕ بووبێت، بۆیە وا هەست دەکەم ئەم سوڵتانەی کە باسی دەکەن فێڵێک، یان پیلانێک لە ژێر سەریدا بێت و بیەوێت ئەمانە بنێرێت بۆ لای پاشای خەزەر؛ بۆئەوەی سوپایەک پێکەوە بنێت بۆ هێرشکردنە سەر ئێمە، بۆیە من دەڵێم با بیانکەین بە دوو کەرتەوە و بیانکوژین، ئەوەیشی کە پێیانە (لە شمەک و ئاژەڵ) بۆ خۆمانی دەبەین."

هەندێکی تریان وتیان: "نا، با ئەوەی پێیانە لێیانی بسەنین و بە ڕووتی بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنەوە لە وڵاتی خۆیان." کۆمەڵێکی تریان وتیان: "ئێمە لای پاشای خەزەر دیلمان هەیە، بۆیە ئەمانە دەنێرین و لەگەڵ دیلەکانی خۆمان

ئاڵوگۆڕیان پێ دەکەین." بەردەوام لەنێوان خۆیاندا گفتوگۆ و مشتومڕیان بوو، قسەیان دەکرد. بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ گلیان داینەوە، مردنمان بە چاوی خۆمان بینی و زۆر ترساین، ئاخرییەکەی هەموو قایل بوون کە ڕێگریمان لێن ەکەن و ئازاد بین، بۆیە ئێمەش دیاری و پۆشاکمان دا بە تەرخان کە بریتی بوو لە دوو زرێی دروستکراو لە لبادی ناوچەی مەرو لەگەڵ دوو پارچە قوماشی بای باف[1] و بۆ هەر یەکێک لە هاوڕێکانیشی کورتەکێکمان (هێلەک) پێدا؛ هەروەها بۆ یەنالیش دیاریی تایبەتمان پێدا. جگە لەوانەی باسم کردن، بیبەر و جارووس و چەند پارچە نانێکمان پێدان و ئیتر بەجێمان هێشتن.

[1] جۆرە پۆشاکێکی تایبەت بە نافرەتان بووە. (پەراوێزی کتێبە، لاپەرە ٧٠)

هۆزی باشگرد، ئەسپێخۆرەکان و نەریتیان

کەوتینەوە ڕێ و چووین بۆ ڕووباری «یەغەند»، لەوێ خەڵکی هەموو لە پێستی وشتر کەڵەکیان دروست دەکرد، پاشان پڕی پێستەکانیان دەکرد لە پۆشاک و پێداویستی، ئینجا چەند کەسێک سواری کەڵەکەکان دەبوون کە لە پێستە دروست کرابوون، پاشان بە دار سەوڵیان لێدەدا و بەو شێوازە لە ڕووبار دەپەڕینەوە؛ بەڵام هەرچی ئاژەڵەکان هەبوو هاواریان لێ دەکرا و بە ڕووبارەکەدا بە مەلەوانی دەپەڕێنرانەوە. لە پێش هەموانەوە دەبوو دەستەیەک لەو کەسانەی کە بەهێز و بەتوانا و جەنگاوەر بوون بە چەکەکانیانەوە بپەڕنەوە بۆ ئەوبەری ئاوەکە، تا چاودێریی کاروانەکەیان بکردایە و پارێزگارییان لێ بکردایە لە تورکەکانی «باشگرد»[1]، بۆیە بەو شێوەیە بەڕێوە بووین و ڕووباری یەغەندمان[1] بڕی و دواتر

---

[1] یاقووتی حەمەوی لە ساڵی ٦٢٦دا باسی نەم هۆزە دەکات و دەڵێت: (باشگرد، یان باش قرد، هۆزێکی تورکن، خراپترین تیرەن لەنێو تورکەکان). هەروەها دەڵێت: (هەندێ لە خەڵکی نەم هۆزەم لە شاری حەلەب بینی ڕووخسار و پرچیان زەرد بوو، سەرقاڵی فێربوونی زانست بوون لەسەر مەزهەبی پێشەوا نەبو حەنیفە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت). پرسیارم لە یەکێکیان کرد و وتم: نێوە چین و لە کوێوە هاتوون و حاڵتان چۆن بووە؟ وتی: وڵاتی نێمە دەکەوێتە نەوەیوی وڵاتی قوستەنتینیەی ڕۆمەکان و نزیکین لە گەلێکەوە پێیان دەڵێن «هەنگار»، بەڵام نێمە موسوڵمانین و ژێردەستەی پادشای نەوانین. نزیکەی ٣٠ گوندمان هەیە و هەندێک لە گوندەکان گەورەن وەک شارۆچکە، وەلێ پادشای هەنگار ڕێگامان پێ نادات قەڵا و شووڕای بەهێز لە گوندەکانمان دروست بکەین، چونکە دەترسێت نێمە لێی یاخی ببین. ناوچەکانمان کەوتوونەتە نێو وڵاتی گاورە خاچپەرستەکانەوە، لای تەرەفی باکوورەوە سەقاڵیبەکانە و لە پێشییەوە وڵاتی ڕۆمەکانە ـ بە «باب» ناویان دەبرد، واتە: سەرۆک و سەرکردەی ئەفرنجەکانە ـ بە جێگری مەسیحی دادەنێن، نێمەش لەبەر نەوەی لەگەڵیان دەژیین بۆیە پۆشاکی نەوان دەپۆشین و بە زمانی نەوان دەناخفین و لە ژێر فەرمانی نەواندایین، ئەگەر دەربچن بۆ جەنگ، نەوا نێمەش لەگەڵیان دەبین.

هەروەها پرسیاری نەوەم لێ کردن چۆن موسوڵمان بوون؟ وتیان: کاتی خۆی چەند موسوڵمانێک کە ژمارەیان حەوت کەس بووە، ڕێیان دەکەوێتە نەم مەملەکەتەی نێمە (بولغار)، ماوەیەک لەنێومان دەبن و دڵیان بۆ نێمە دەسووتێت و باسی ئیسلامەمان بۆ دەکەن کە نێمە لە چ گومڕاییەکداین، نیتر خودا ←

چووینە ڕووبارێ «جام»[٢]، پاشان ئەویشمان لەڕێی بەلەمی بچووکەوە بڕی، ئینجا ڕووباری «جاخش»[٣] و پاشان «ئەزەل»[٤] و «ئەردەن»[٥] و «وارش»[٦] و «ئوختی»[٧] و ڕووباری «وتبا».[٨] هەموو ئەوانەی باسم کردن ڕووباری مەزنن، دوای ئەم ڕووبارانە، گەیشتینە هۆزی «بجناک».[٩] ئەم هۆزە لە سەر

هیدایەتمان دەدات بۆ ئەم ئیسلامە پاکە. ئێستا وا هاتووین، تا لێرە فێری زانستە ئیسلامییەکان ببین لە فیقهـ و حەدیس و قورئان، تا کاتێک گەڕاینەوە کارووباری ئایینیی گەلەکەمان بەڕێوە ببەین و ئەوانیش ڕێزمان لێ دەگرن. (معجم البلدان، مج١، ص ٣٢٢)

(٢) یاقووتی حەمەوی بە هەمان شێوە لە باسی هۆزی باشگرددا قسەکانی ئیبن فەزلانی هێناوە و لە کتێبەکەی خۆیدا تۆماری کردووە. (معجم البلدان مج١، ص ٣٢١ - ٣٢٢). جگە لە ئیبن فەزلان هەروەها ئەبی زەکەریای قەزوینییش باسی ئەم هۆزەی کردووە و ناماژەی بە ئیبن فەزلان داوە لە کتێبی (آثار البلاد وأخبار العباد)دا، ئەوەش گرنگیی گەشتەکەی ئیبن فەزلان دەردەخات. (وەرگێڕ).

هەروەها دەربارەیان دەڵێت: ئەم هۆزە سروشتیان وایە لەنێو ڕەشماڵ دەژین و هیچ شووڕا و قەڵایەکیان نییە بۆ خۆپارستن، هەر کۆمەڵەیەکیان کەسێکی زۆردار خۆی دەسپێنێت بەسەریاندا و زۆرەی جار کێشەیان هەیە لەنێوان خۆیاندایە بە هۆی دەربەگایەتی و داگیرکارییەوە، بۆیە هەندێ جار پادشاکەیان کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەکات و هەندێک لە زەوی و ناوچەکانیان بۆ دەگێڕێتەوە. کاتێک تەتار هێرش دەکاتە سەریان، خەڵکی بە پادشاکەیان دەڵێن: بە هیچ جۆرێک شەڕ ناکەین، تا ئەوەی داگیرت کردووە نەیگێڕیتەوە. ئەویش دەڵێت: ئێوە شەڕ بۆ خۆتان دەکەن بۆ ماڵ و خێزانەکانتان! بەڵام ئەوان گوێ ناگرن و بەبێ بەرگری تەتار هێرش دەکاتە سەریان و هەموویان لە ناودەبات. **(آثار البلاد وأخبار العباد ـ للإمام ابي زكريا بن محمد بن محمود القزويني ـ دار صادر لبنان، ص ٦١٠)**

(١) لە ڕۆژگاری نەمرۆدا پێی دەڵێن (زایندی - zayind)، (پەراوێزی کتێبەکە، لاپەڕە ٧٠)

(٢) ڕووباری جیمە. (پەراوێزی لاپەڕە ٧٢)

(٣) ڕووباری سەجیرە. (پەراوێزی لاپەڕە ٧٢)

(٤) ڕووباری ئویلە. (پەراوێزی لاپەڕە ٧٢)

(٥) بە بڕوای د. سامی دەهان، ڕووبارێ «زاکسبا»یە. (د. سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٦)

(٦) وارش بە بڕوای د. سامی دەهان، ڕووبارێ «کالداغایتی»یە. (د. سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٦)

(٧) بە بڕوای د. سامی دەهان لقێکی ڕووباری «ئاشی سا»یە. (د. سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٦)

(٨) بە بڕوای ڕۆژهەڵاتناسەکان لقێکی ئۆرالە. (د. سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٦)

(٩) هۆزێکی تورکن ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر هۆزی «لوغزی»ی ناوچەی «قەفجەق»، نیشتمانی ئەم هۆزە وڵاتی تورکستانی چینە. ئەم هۆزە لە ناوچەکانی ئۆرالْ و ڤۆڵگا نیشتەجێ بوون لە نزیک خەزەرییەکان، بەڵام دواتر خەزەرییەکان لەو ناوچەیە دەریان دەکەن. ئیبن فەزلان خەڵکێکی کەمی ئەم هۆزەی بینیوە. قەفجەقییەکان لە باوکوری بجناک دەژیان. یاقووتی حەمەوییش باسی بجناکی کردووە و لە ئەبی دولفی کوڕی موسعەری موهەلهەل «ابي دلف بن مسعر مهلهل»ـەوە وەری گرتووە و ←

ناوێک دەژین هێندە مەزنە وەک دەریاچە وایە، سروشتی ئەم دەریاچەیە بە جۆرێکە هیچ ناوێکی لەبەر ناڕوات، ڕووخساری خەڵکی ئەم ناوچەیە ئەسمەرن و هەموو پیاوەکانیان ڕیش دەتاشن و دەستکورت و هەژارن، بە پێچەوانەی هۆزی غەزیە کە دەوڵەمەندن و کەسی وایان هەبوو زیاتر لە دە هەزار سەر وڵاخ و سەد هەزار سەر مەڕی هەبوو. زۆربەی مەڕەکانیان لەنێو بەفردا دەلەوەڕان، مەڕەکان بە سمەکانیان بەفریان لادەبرد و بە دوای گژوگیادا دەگەڕان، ئەگەر هیچ گژوگیایەک بەر دەمی نەکەوتایە، ئەوا قەپی دەکرد بە بەفرەکەدا و دەیخوارد و زۆریش قەڵەو دەبوو. لە هاوینیشدا کاتێک گژوگیا زۆر دەبوو، گژوگیایان دەخوارد، ئیتر مەڕەکان لاواز دەبوون! یەک ڕۆژ لای ئەم هۆزە ماینەوە، ئینجا چووین بۆ ڕووباری «جیخ»[1] کە بەهێزترین و گەورەترین ڕووبارێک بوو کە بینیمان. جارێکیان هەندێ خەڵکم بینی لەسەر کەڵەکی ئاو بوون، هەموو کەوتنە نێو ئاوەکەوە و خەڵکێکی زۆر نوقم بوون لەگەڵ وشتر و وڵاخەکانیان، ئیدی زۆر بەزەحمەت خۆمان لە ئاوی ڕووبارەکە ڕزگار کرد، پاش چەند ڕۆژێک کەوتینەوە ڕێ و ڕووباری «جاخمان»[2] بڕی؛ دواتر ڕووباری «ئەرخەز»[3] و «باجاغ»[4] و «سمور»[5] و «کنال»[6] و «سوخ»[7] و «کەنجلۆ».[1]

دەڵێت: قەفجەقییەکان لە ناوچەیەکی دارستانی چڕی شاخاویدا دەژیان لە پشتیانەوە دەریەندی شیروان هەیە و دواتر دەریایەک ئەمان جیا دەکاتەوە لەگەڵ ڕووسەکان، هەر لەسەر ئەم دەریایە شارێک هەیە ناوی «سوردایق»ـە و بە ناوی دەریاکەوە ناونراوە. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بریتییە لە دەریای «نازۆف». (سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٦)

[9] ڕۆژهەڵاتناسەکان بڕوایان وایە لقێکی جەیحوونە، بەڵام دڵنیانین. (پەراوێز ٧٢)

[2] نۆجاخ یان جاخان: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێ دەڵێن: (جاغان Gagan). (سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٨)

[3] ئەرخەز: ڕووباری تلفۆکایە دەکەوێتە نێوان ڤۆلگا و نۆرالەوە Talvoka. (سامی دەهان لاپەڕە ١٠٨)

[4] باجاغ: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا مۆشایە لقێکی ڤۆلگایە Moca. (سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٨)

[5] سمور: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێی دەڵێن: (سامار، یان سەمار Samar). (سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٨)

[6] کنال: ڕووباری کینەڵە Kinel. (سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٨)

[7] سوخ: ڕووباری سوکە Sok. (سامی دەهان، لاپەڕە ١٠٨)

لە شارێک لاماندا و پشوومان وەرگرت، شارەکە هیی هۆزی باشگرد بوو و زۆر ئاگاداریان بووین، چونکە دەمانزانی کە ترسناکن و خەڵکێکی هەتا بڵێی خراپ بوون؛ ئەگەر کەسێکیان بگات بە ڕێبوارێک یاخود نەناسراوێک، لێی نزیک دەبێتەوە دواتر قاچی، یان دەستی دەشکێنێت و شمەکانی دەبات و بەجێی دەهێڵێت؛ یاخود لە پێناوی شمەک و ئەسپەکەیدا دەیکوژێت.

نەریتیان وایە ڕێشیان دەتاشن، زۆر پیسخۆرن، تەنانەت ئەسپێی خۆیان دەخوارد! هەر یەکێکیان پۆشاکی خۆی دەپشکنی و لە شوێنی تەقەڵی دەزووەکاندا دەگەڕا و هەر ئەسپێیەکی بدۆزیبایەتەوە بە ددانەکانی دەری دەهێنا و دەیخوارد. جارێکیان یەکێکیان موسوڵمان بوو و لەگەڵمان هات لەنێو کاروانەکەدا خزمەتی دەکرد، بینیم ئەسپێی دەردەهێنا و پاشان بە نینۆکەکانی دەیکوشت و دواتر بە زمانی دەیلێسایەوە و دەیخوارد! کاتێک منی بینی وتی: "ئەمە شتێکی باشە".

(1) کەنجلۆ: لە نەمڕۆدا پێی دەڵین: (کۆندۆرشا Qundurca). (سامی دەهان، لاپەڕە ۱۰۸).

بیروباوەڕی ئەم هۆزانە

زۆربەیان دارێکی بچووکیان دەتاشی و بە پەتێک بە ملیانەوە دەکرد و دەیانپەرست، جارێک بە یەکێکیانم وت: "باشە ئێوە بۆ ئەم کارە دەکەن، بە چی هۆکارێک دەیپەرستن؟" وتی: "منیش وەک ئەو هاتوومەتە دونیاوە نازانم هیچ شتێک بپەرستم جگە لەو." هەبوو دەیوت: "دوازدە خودامان هەیە خودای زستان، خودای باران، خودای با و خودای دارودرەخت؛ هەروەها مرۆڤیش خودای خۆی هەیە، ئاژەڵ و ئاو و ڕۆژ و شەو و زەوی و ئاسمان هەموویان خودای خۆیان هەیە، بەڵام خودای ئاسمان لە هەموویان گەورەترە، هەموو پێکەوە ڕێککەوتوون و کاروبارەکان بەڕێوە دەبەن."

پاک و بێگەردی بۆ خودای تاک و تەنیا، لەوەی کە کافر و بێباوەڕەکان دەیڵێن. هەندێکیان ماریان دەپەرست، هەندێکی تریان ماسی، تایەفەیەکیان باڵندەی کەراکییان دەپەرست.[1] هۆکاری پەرستنی ئەم جۆرە باڵندەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە جارێکیان دوژمنەکانیان هێرش دەکەنە سەریان، لەو کاتەدا ئەم باڵندانە دەقیڕێنن و سوپاکە دەترسن و دەگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئیتر ئەمان ئەو باوڕەیان بۆ دروست دەبێت کە ئەم باڵندەیە خودایە و لەسەر ئەوان هاتووەتە وەڵام!

---

[1] کەراکی، یان کورکی: باڵندەیەکی مل دریژی خۆڵەمێشیی دەنووک درێژی کلک کورتە، لە قەراغی ڕووبارەکاندا دەژی، خۆراکی ڕووەک و زیندەوەرە ئاوییەکانە و گۆشتی دەخورێت. وێنە و زانیاریی زۆر هەن لەبارەی ئەم باڵندەیەوە لە ئینتەرنێت: (ar.wikipedia.org › wiki کرکـــــیات). هەروەها جاحز لە کتێبی (حەیوان)دا باسی کردووە و بە یەکێک لە بەناگاترین باڵندەکانی داناوە لە پاساوانیکردندا و دەڵێت: "تورکەکان مەرجیان هەیە بۆ سەرکردە، دەڵێن: دەبێت سەرکردە دە سیفەتی تێدا بێت: دەبێت وەک کەڵەشێر سەخی و وەک مریشک بەسۆز بێت، وەک دڵی شێر قارەمان بێت؛ هەروەها هێرشبەر بێت وەک بەراز، فێڵاوی بێت وەک ڕێوی، خۆپارێز بێت وەک گورگ، نارامگر بێت وەک سەگی بریندار؛ هەستیار بێت وەک قەلەڕەش، بەناگا بێت لە پاسەوانیدا وەک باڵندەی کورکی و شارەزا و وریا بێت وەکوو کۆتر." (کتاب الحیوان، ابي عثمان عمروبن بحر الجاحظ ج۲، ص۳۵٤، ط۲، تحقیق عبدالسلام محمد هارون).

ئیبن فەزلان دەڵێت: (کەوتینەوە ڕێ و ناوچەی ئەم قەومەمان جێهێشت و چووینە «جەرمشان»[1] ئینجا ڕووباری «ئارۆن»[2] و «ئۆرم»[3] و «بیاناخ»[4] و ڕووباری «وتیغ»[5] و «نیاسینە« و «جاوشێر»[6]، نێوان هەر ڕووبارێک بۆ ئەوی تر دوو ڕۆژە ڕێیەک دوورە، هەبوو سێ، یان چوار ڕۆژە ڕێ دوور دەبوو).

---

[1] (سامی دەهان لاپەڕە ١١٠) فرای (ڕۆژهەڵاتناس) باسی ئەم ڕووبارەی کردووە دەڵێت: ناوی (جرمشان Giramsan) بووە.

[2] لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێی دەڵێن: (ئۆران Uran)، (سامی دەهان، لاپەڕە ١١٠)

[3] (سامی دەهان لاپەڕە ١١٠)، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا پێی دەوترێت Urem.

[4] بەپێی هەندێ سەرچاوە دەڵێن: ڕووباری (مایانا Mayna)، (سامی دەهان لاپەڕە ١١٠)

[5] بە بڕوای «کۆفالسکی» کە دکتۆر سامی دەهانە، ڕای ئەوی وەرگرتووە دەڵێت ڕووباری Utka)، (سامی دەهان لاپەڕە ١١٠)

[6] بە بڕوای فرای، ڕووباری (ئەکتایە Aqtay)، (سامی دەهان لاپەڕە ١١٠)

باسی سەقالیبەکان

کاتێک شەو و ڕۆژێک لە ناوچەی قالیبەکان[1] نزیک بووینەوە، پادشا نێردەیەکی بۆ پیێشوازیمان ڕوانە کرد کە پێک هاتبوو لە چوار (پاشا) سەرکردەی ژێر دەستی خۆی لەگەڵ برا و کوڕەکانی، بەگەرمی پێشوازییان لێ کردین و خواردنیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو و بریتی بوو لە گۆشت و جارووس (جاروس خواردنێکە وەک ماش وایە. وەرگێڕ) ئینجا لەگەڵ ئێمەدا کەوتنە ڕێ.

کاتێک دوو فەرسەخمان مابوو بۆ گەیشتن بە پایتەخت، پاشا خۆی هات بۆ پێشوازیمان، ئەو دەمەی ئێمەی بینی سوژدەیەکی شوکری بۆ خودا برد، هەندێک درهەمی لە چمکی کراسەکەی دەرهێنا و بە سەرماندا هەڵیدا وەک ڕێز و خۆشەویستی؛ ئینجا خێمەی تایبەتییان بۆ هەڵداین و ئێمەش تێیاندا حەواینەوە. ئەو کاتەی ئێمە گەیشتینە ئەوێ، ڕۆژی یەکشەممەی دوازدەی موحەڕەمی ساڵی ٣١٠ی کۆچی بوو. دووریی نێوان ئەم ناوچەیە بۆ جورجانییە حەفتا ڕۆژە ڕێیە، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لەنێو خێمەدا ماینەوە، واتە ڕۆژی یەکشەممە و دووشەممە و سێشەممە و چوارشەممە، تا ئەو کاتەی هەموو پاشا و فەرماندە و سەرکردەکان کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکی بۆئەوەی خۆیان گوێبیستی نامەکەی

---

[1] یەکەم: لێرەدا گرنگە جیاوازییەک بکەین لەنێوان بولگاریای نێستا و بولگاریای کۆندا، کە جیاوازییەکەی زۆر هەیە لەنێوانیاندا، چونکە کۆنەکەیان بە زەویی سەقالیبەکان ناسرابوو" ئەو شوێنە بوو کە ئیبن فەزلان مەبەستی بوو سەردانی بکات و دەکەوتە ناوەڕاستی ڕووسیا لەسەر ڕووباری ڤۆلگا، ٦٠٠ میل لە ڕۆژهەڵاتی مۆسکۆی نێستاوە دوورە. ڕایەک هەیە دەڵێت: ئەو بولگاریایەی نێستا هەمان ئەو گەلەی کۆنن، بەڵام لەنێوان ساڵانی (٤٠٠ز - ٦٠٠ز) کۆچیان کردووە بەرەو ڕۆژئاوا، نێستا هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا و یۆنان ڕۆمانیا و یوگوسلافیادا. مەغزەلەکان لە ساڵی ١٢٣٧ز ئەو ناوچانەیان داگیر کردووە. (پەراوێز لاپەڕە ٧٥، نووسەر لە د. غەیبەوە وەری گرتووە).

دووەم: ڕایەکی تر هەیە دەڵێت: سلاڤییەکان واتە سەقالیبەکان، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لە گەلانی (بیلاڕووس و کرواتیا و مەقدۆنیا و پۆڵەندییەکان و بولگار و ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ... هتد) پێک دێن. (وەرگێڕ)

خەلیفەی موسوڵمانان بن. بۆ بەیانی کە بوو بە ڕۆژی پێنجشەممە خۆمان ئامادە کرد، ئاڵامان هەڵکرد و پۆشاکی ڕەشمان پۆشی (ڕەنگی ڕەش هێمای عباسییەکان بووە. وەرگێڕ) لەگەڵ عەمامە؛ هەروەها ئەسپەکانمان زین کردن و وەک چۆن دەڕۆین بۆ پێشوازی. کاتێک نزیک بووینەوە چووینە لای پادشا، نامەی خەلیفەم دەرهێنا و خوێندمەوە و وتم: ئابێت ئێمە دابنیشین و نامەکە بخوێندرێتەوە، بۆیە یەکسەر خۆی و هەموو وەزیر و کاربەدەستەکانی هەستانە سەر پێ، کەسێکی هەتا بڵێیت قەڵەو بوو. کاتێک دەستم کرد بە خوێندنەوەی نامەکە و گەیشتمە ئەو برگەیەی کە دەڵێت: (فإني احمد إليك الله الذي لا إله إلا هو)، وتم: ئەی خاوەنشکۆ! وەڵامی سڵاوی خەلیفە بدەنەوە، هەموویان بە دەنگێکی بەرز سڵاوی خەلیفەی ئیماندارانیان دایەوە بەردەوام و لەسەر یەک. وەرگێڕەکە دەقی نامەی بۆ پادشا وەردەگێڕا. کە تەواو بووین لە خوێندنەوەی، هەموو پێکەوە تەکبیریان کرد و هێندە دەنگیان بەرز بوو زەوی لە ژێر پێیاندا دەلەرزیەوە.

دواتر نامەی جەنابی وەزیر، حامدی کوڕی عەببباسم خوێندەوە، پادشا هەر بەپێوە وەستابوو، ئینجا پێم وت: فەرموو دابنیشە. لە کاتی خوێندنەوەی نامەینەزیری حەرمی دانیشت. کاتێک تەواو بوو، هاوڕێکانی درهەمێکی زۆریان بەسەریدا بەخشاندەوە. ئینجا دەستم کرد بە دەرهێنان و پێشکەشکردنی دیارییەکانی ئەمیری ئیمانداران، لە بۆن و پۆشاک و مرواریی بەنرخ بۆ خۆی و خێزانەکەی کە لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو، هەتا دوا دیاری هەموویم پێشکەش کرد، ئینجا پۆشاکەکەم پێشکەش بە خێزانی پادشا کرد لە پێش چاوی هەموو خەڵکی. ئەوان نەریتیان وایە خێزانی پادشا لە تەنیشت پادشاوە دادەنیشت. کە تەواو بووم لە پێشکەشکردنی پۆشاک و قوماشەکان، نافرەتە خزمەتکارەکان دەستیان کرد بە بەخشینەوەی درهەم بەسەریدا (بەخشاندەوەی درهەم، یان شیرینی، نەریتێکە لای کوردیش هەبووە. وەرگێڕ). دواتر ئێمە ئەوێمان جێهێشت.

دوای کاتژمێرێک پادشا ناردی بە دوامانداء ئیمەش خێرا چووین بۆ شوێنی حەوانەوەی خۆی کە لەنێو گومەزێکدا بوو. پاشا بچووکەکان لای ڕاستییەوە بوون و کوڕەکانیشی بەرانبەری، فەرمانی پێ کردن، تا لای چەپییەوە بوەستین و ئێمە

وەستاین، خۆیشی لە سەر تەختە خەوێکی جوانی ڕووپۆشکراو بە ناوریشمی ڕۆمی[1] دانیشتبوو. فەرمانی کرد کە خواردن بێت، ئیدی هێندەی نەبرد خواردن هات و بریتی بوو لە گۆشتی برژاو. ئینجا خێرا بە چەقۆی تایبەت دەستی کرد بە بڕینی گۆشتە برژاوەکە، یەکەم پارچەی لێ کردەوە و خواردی، پاشان دووەم و سێیەمی لێ کردەوە هەر بۆ خۆی، دوای ئەوە پارچەیەکی تری لێ کردەوە (واتە چوارەم پارچە) پێشکەشی سەوسەنی نوێنەری ئیمپراتۆری کرد. ئەوەندەی نەبرد خواردنی تریان هێنا، قاپێکی تایبەتی بچووک بوو و خواردنی تێدا بوو لەبەر دەستی سەوسەندا دانرا، نەریت وا بوو هەر یەکێک دەبوو دەفری خواردنی تایبەتی خۆی لەبەر دەستیدا بێت، تا دەست درێژ نەکات بۆ خواردن؛ ئینجا پادشا دەستی دەکرد بە خواردن و دواتریش میوانەکان دەستیان پێ دەکرد. لە نەریتیاندا بوو کاتێک خواردن پێشکەش دەکرێت، سەرەتا کە بۆ پادشا دانرا چەند پاروویەکی لێ دەکردەوە، پاروویەکی پێشکەشی من کرد، دواتر خواردن بۆ من هات و ئینجا پاروی پێشکەش بە پاشاکانی لای ڕاست و چەپی خوی کرد؛ دواتر خواردن بۆ ئەوانیش هات، هەروەها پاروی پێشکەش بە پاشای چوارەمیش کرد و ئیدی هێندەی نەبرد خواردن بۆ ئەویش هات و بەو شێوەیە خواردن بۆ هەموو میوانەکان دانرا. هەر کەس لە خواردنی تایبەتی خۆی دەخوارد بێ ئەوەی کەس دەست ببات بۆ خوانی کەسێکی تر. دوای تەواوبوونی خواردن، هەر کەس پاشماوەی خواردنەکەی خۆی بردەوە بۆ ماڵەوە، کاتێک تەواو بوونی خواردنەوەیەکیان هێنا ناوی «سەجۆ»[2] بوو، ئەو شەو و ڕۆژە بەردەوام ئەو شەرابەیان دەهێنا.

---

[1] دیباجی ڕۆمی، یان ناوڕێشمی ڕۆمی، یەکێک بووە لە قوماشە باش و گرانبەهاکانی سەدەی چوارەم، زۆربەی کات لە وڵاتی فەرمنسای ئەوکاتەوە لە لایەن موسوڵمانانەوە هاوردەی خاکی ئیسلامی دەکرا. (پەراوێز ـ لاپەڕە ٧٦)

[2] سەجۆ یان سوجی: ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێن: شەرابە، بە بڕوای یاقووتی حەمەوی شەراب نییە و ئیبن فەزلان لێیشی خواردووەتەوە بۆیە دەڵێت: (فشرب وشربنا). سامی دەهانیش بڕوای وایە کە هەر لێی نەخواردووەتەوە، هەروەها ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت: (فشرب وشربنا) لەو دەقەی لای یاقووتی حەمەوی لە کتێبی (معجم البلدان)دا هەیە، بەڵام لای سامی دەهان نییە. (پەڕوایژی کتێبەکە، لاپەڕە ٧٧).

پادشا کوپێکی لێ خواردەوە و هەستایە سەر پێ و وتی: "ئەم خواردنەوەیەم بە خۆشیی ئەمیری ئیماندارانەوەیە خوای گەورە تەمەنی درێژ بکات"، هەر لە دوای ئەو هەرچوار پاشا بچووکەکە هەستانە سەر پێ لەگەڵ کوڕەکانی، ئیدی ئێمەش هەستاین و سێ جار ئەو کارەی دووبارە کردەوە، دواتر ئەوێمان جێهێشت.

پێش چوونم بۆ ئەوێ بەردەوام لە کاتی وتاردا لەسەر میمبەرەوە دەیانوت: **(اللهم اصلح الملك يلطوار مللك بلغار)**. واتە: "خوای گەورە کاروباری پادشای بولگار، یەڵتەواری پادشا چاک و ئیسڵاح بکات." وتم ئەوە بۆ من دابنێن، پێم وتن: لەسەر میمبەر ناوی کەس نابردرێت، تەنیا ناوی (اللە) نەبێت! ئەمیری باوڕداران کە ئەمیری تۆیشە ئەی پادشا یەڵتەوار! قایل بووە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا تەنیا لەسەر میمبەرەوە بوترێت: **(اللهم اصلح عبدك وخليفتك جعفر الإمام المقتدر بالله امير المؤمنين)**.

واتە: "خوایە! ئیسڵاحی بەندە و جێنشینی خۆت، جەعفەری کوڕی موقتەدیر، ئەمیری ئیمانداران بکەیت." هەروەها پێش ئەویش، باوک و باپیرانی لە خەلیفەکانی ئەم ئیسلامە هەر وایان وتووە، پێغەمبەریش (درووی خوای لێ بێت) فەرموویەتی **(لاتطروني كما اطرت نصرى مسيح إبن مريم فإنما أنا عبد فقولوا عبدالله ورسوله)**.[1]

وتی: "باشە چۆن وتار بە ناوی منەوە بخوێنرێتەوە؟" وتم: "بە ناوی خۆت و باوکتەوە." وتی: "ئاخر باوکی من کافر بوو، بۆیە پێم خۆش نییە لەسەر میمبەر ناوی ئەو ببرێت و تەنانەت نامەوێت ناوی خۆیشم لەسەر میمبەر بوترێت، چونکە بێباوەڕێک ناوی لێ ناوم." ئینجا وتی: "ئەمیری ئیمانداران ناوی چییە؟" وتم: "ناوی جەعفەرە." وتی: "دەبێت ناوی خۆم بگۆڕم و وەک ناوی ئەو بێت؟" وتم:

---

[1] واتە: "زۆر مەدح و ستایشی من مکەن وەک چۆن گاورەکان مەدح و ستاییشی زۆری پێغەمبەر عیسای کوڕی مەریەمیان کرد و دواتر وتیان: کوڕی خودایە! بۆیە بڵێن: پێغەمبەر بەندە و نێردراوی خودایە." ئەم فەرموودەیە سەحیحە و بوخاری ڕیوایەتی کردووە بە ژمارە ٣٤٤٥، ڕاوییەکەی پێشەوا عومەرە (ڕەزای خوای لێ بێت). (وەرگێڕ)

"بەڵێ." وتی: "کەواتە با ناوی من جەعفەر بێت و ناوی باوکم عەبدوڵڵا." ئیتر بەو شێوە بە وتارێژەکەیان وت: دەبێت بەم شێوازە ناوی بخوێنرێتەوە لەسەر میمبەر و منیش هەر وام کرد.

دوای سێ ڕۆژ لە خوێندنەوەی نامەکە و گەیاندنی دیاریەکانی ئەمیری ئیمانداران، هەواڵیان بۆ ناردم کە پادشا یەڵتەوار دەیەوێت بمبینێت، زانیم کە هەواڵی چوار هەزار دینارەکەی پێ گەیشتووە، چونکە لەنێو نامەکەدا نووسرابوو و ئەوەشی زانیبوو کە چۆن موسای نەسرانی ئەو بڕە پارەیەی نەناردووە و پشتگوێی خستووە.

گفتوگۆی نێوان ئیبن فەزلان و پاشای سەقالیبە لەسەر بڕە پارەکە

کاتێک چوومە لای، فەرمانی پێ کردم کە دابنیشم، منیش دانیشتم، ئینجا خێرا نامەکەی ئەمیری ئیمانداراني فرێدایە بەردەستم! وتی: "کێ ئەم نامەیەی هێناوە؟" وتم: "من." پاشان نامەکەی وەزیری فرێدایە بەردەستم و وتی: "ئەی ئەمە؟" وتم: "بەڵێ، ئەوەش من هێناومە." وتی: "ئەی کوا ئەو بڕە پارەیەی کە دەبوو من وەری بگرم و لەنێو نامەکەدا باس کراوە؟" وتم: "نەتوانراوە کۆبکرێتەوە، بۆیە نێمەش کاتمان لەبەردەستدا نەبوو ترساین کە سەختیی زستانمان بەسەردا بێت، بڕیارمان دا بکەوینە ڕێ و دواتر نێردراوەکە[1] کە بەجێمان هێشت پارەکە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت و بێت." وتی: "ئەمیری ئیمانداران پارەیەکی زۆری بۆ نێوە و کاروانەکە (نێردەکە) خەرج کردووە، تا نێوە ئەو بڕە پارەیە بگەیەننە دەستی من و منیش قەڵای پتەوی پێ دروست بکەم و مەملەکەت و گەلەکەمی پێ بپارێزم لە دەست هێرش و ستەمی جوولەکەکانی خەزەر کە دەمانکوژن و دەمانکەن بە کۆیلە. ئەگەر کارەکە تەنیا دیاری بوویێت، ئەوا خزمەتکارەکانم دەیانتوانی ئەوە ئەنجام بدەن و بە جوانی دیاریەکانی ئەمیری ئیمانداراانم بۆ بهێنن." وتم: "ئیدی ناوەها بوو، بڕیارەکەمان بەو شێوەیە بوو و وامان بە باش زانی." وتی: "من نازانم ئەوانە کێ بوون کە تۆ باسیان دەکەیت، من تۆ دەناسم. ئەوانە عەجەمن، ئەگەر مامۆستا (مەبەستی خەلیفە موقتەدیر بووە. وەرگێڕ) بیزانیایە وا دەکەن هەرگیز تۆی ڕەوانە نەدەکرد، تا لێرە نامە بۆ من بخوێنیتەوە و گوێبیستی وەڵامی من بیت. لەبەر ئەوە

---

[1] مەبەست لە نێردراوەکە (ئەحمەدی کوڕی موسای خوارەزمی) بوو کە دواتر دەستگیری دەکەن و بڕە پارەکە دیارنامێنێت، پێشتر ناماژەمان بەم بابەتە داوە. (وەرگێڕ)

داوای یەک درهەم لە کەس ناکەم جگە لە تۆ، بۆیە بۆ تۆ باشترە هەرچۆنێک بێت پارەکە بهێنیت."

ئیدی کە گوێم لە قسەکانی بوو زۆر ترسام و دڵتەنگ بووم و نەوێم جێهێشت، پادشا دیمەنێکی ترسناکی هەبوو، کەسێکی قەڵەوی زەبەلاح بوو کاتێک قسەی دەکرد دەنگێکی گرپی هەبوو وەک ئەوە وا بوو لە ئەشکەوتێکدا قسە بکات. بەپەلە هاوڕێکانم کۆکردنەوە و باسی گفتوگۆی نێوان خۆم پادشام بۆ کردن و وتم: "پاشا داوای پارەکە دەکات و کاتی خۆی وتم لەم بەزمە دەترسم."

گفتوگۆی ئیبن فەڵان لەسەر ئیقامەی نوێژ

بانگبێژەکەی پادشا لە کاتی هەستان بۆ نوێژ دوو جار ئیقامەی دەکرد، وتم: "یەک جار بڵێ (قد قامت الصلاة)، چونکە خەلیفەی موسوڵمانان لە شوێنی نیشتەجێلوونی خۆی یەک جار ئیقامە دەکات." پادشا کە گوێی لێ بوو، بە بانگبێژەکەی وت: "بە قسەی بکە." ئیدی چەند ڕۆژێک بانگبێژەکە بەو شێوەیە یەک جار یەک جار ئیقامەی دەکرد. لەو ماوەیەدا بەردەوام پادشا موناقەشەی پارەکەی لەگەڵم دەکرد و پرسیاری لێ دەکردم، منیش ئاگومێدم کرد لە پارەکە و تێم گەیاند لە دەسەڵاتی مندا نییە، ئیدی پادشا فەرمانی بە بانگبێژەکە کردبوو کەوا دوو دوو ئیقامە بکات، کاتێ گوێم لێ بوو دوو ئیقامەی دەکرد، هاوارم لێ کرد وتم: "یەک جار ئیقامە بکە، نەک دوو جار."

لەو کاتەدا پادشا گوێی لێ بوو، بانگی من و هاوڕێکانمی کرد و هەموو لای ئەو ئاماده بووین، ئینجا پادشا بە وەرگێڕەکەی وت: "پێی بڵێن (بە ئیبن فەزلان) ئەگەر دوو بانگبێژ یەکێکیان یەک جار ئیقامە بکات و ئەوەی تریان دوو جار هەریەکەیان بە کۆمەڵەیەک پێشنوێژی بکەن، ئایا نوێژەکەیان دروستە، یان نا؟" وتم: "دروست و جائیزە." ئینجا وتی: "جائیزبوونەکە ئیختلافی لەسەرە، یان بە ئیجماع (کۆی زانایان) بە دروستیان داناوە؟" وتم: "کۆی زانایان بە دروستیان داناوە." وتی: "باشە ئەگەر کەسێک پارە بدات بە کەسێک، تا بیگەیەنێتە دەست کۆمەڵە خەڵکێکی چەوساوە، بۆئەوەی بەو پارەیە پارێزگاری لە خۆیان بکەن دژی ستەمکاران، بەڵام ئەو خیانەت بکات و پارەکە نەگەیەنێتە شوێنی مەبەستی خۆی، ئایا ئەوە دروستە؟" وتم: "نەخێر دروست نییە، ئەوانەی وا دەکەن کەسانی خراپن." وتی: "بە ئیجماعی ڕای زانایان خراپن، یان بە ئیختلاف؟" وتم: "بە ئیجماعی ڕای زانایان ئەوەی خیانەت بکات خراپەکارە." ئینجا پادشا ڕووی کردە وەرگێڕەکە و وتی پێی بڵێ: "ئایا ئەگەر خەلیفەی موسوڵمانان سوپایەک بنێرێت بۆ سەر ئێمە، دەتوانێت دەستی پێمان بگات؟" وتم: "نەخێر." وتی: "ئەی ئەگەر

ئەمیری خۆراسان سوپایەک بنێرێت، دەتوانێت دەستی پێمان بگات و زاڵ بێت بەسەرماندا؟" وتم: "نەخێر." وتی: "ئایا ئەمە بە هۆی دووریی نێوان ئێمە و ئەو نییە لەگەڵ بوونی ئەو هەموو هۆزە بێباوەڕەی کە دەکەونە نێوانمانەوە؟" وتم: "بەڵێ وایە."

پاشان وتی: "وەڵڵاهی من دەگریم و زۆریش دەترسم لە خەلیفە و گەورەمان ئەمیری ئیمانداران، ئەگەر من لە شوێنی خۆمەوە کارێک بکەم و خەلیفەی موسوڵمانان پێی بێزار بێت و پاشان نزام لێ بکات، ترسم هەیە خۆم و مەملەکەتەکەم نغرۆبین و لەناوبچین، بەڵام ئێوە هەموو ڕۆژێک ئەوتان بینیوە و لە نان و ئاوی ئەوتان خواردووە و پۆشاکی ئەوتان پۆشیوە؛ کەچی نەتانتوانی ئەمانەتەکەی بگەیەننە دەست خەڵکێکی چەوساوەی وەک ئێمە! ئێوە خیانەتتان کردووە، بۆیە من بە هیچ شێوازێک زانستی شەرعی لە ئێوە وەرناگرم، تا کەسێکی شیاوتر دێت و ئەو کات ئێمە هەموو شتێکی لێوە فێردەبین."

ئیبن فەزلان دەڵێت: (هیچمان پێ نەوترا و بێدەنگ بووین، باشتر بوو کە هیچ قسەیەک بەرانبەری نەکەین. بەڕاستی قسەکانی حەق بوون و کاریان تێ کردم.[1] بەردەوام منی لە خۆی نزیک دەکردەوە و هاوڕێکانیشمی دوور دەخستەوە، ناوی (ئەبا بەکری سدیقی) لێ نام).

[1] پێدەچێت پاشای سەقالیبە لەوە تێگەیشتبێت کە قسەکانی کاریگەرییان هەبوو بەسەر ئیبن فەزلانەوە و دوای ئەو هەموو موناقەشەیەی کە لەگەڵ ئیبن فەزلان ئەنجامی داون لەوەش تێگەیشتبێت ئەم کەسە بێتاوانە لە دواکەوتن، یان دیارنەمانی بڕە پارەکە و ئیدی باسی ئەو مەسەلەیە نەکرایەوە. (وەرگێڕ).

دیاردە سەیرەکانی ئەو ناوچەیە

لە مەملەکەتی ئەم پادشایەدا شتگەلێکی زۆر سەرسوڕهێنەرم دەبینین، لەوانە: پێش خۆرئاوابوون بە کاتژمێرێکی[1] تەواو، بینیم ئاسۆی ئاسمان ڕەنگی بوو بە سوورێکی تۆخ، ئینجا گوێم لە هەندێک ژاوەژاوی سەیروسەمەرە بوو لە ئاسمانەوە وەک بڵێیت دەنگی ئاژەڵ بن، کاتێک سەرم هەڵبڕی و تەماشام کرد؛ هەورێکی سووری نزیکم بینی وەک ئاگری سوور وا بوو، ئەو دەنگە دەنگەش لەوێوە دەهات، لەنێو هەورەکەدا وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵم بەدی دەکرد، وەک وێنەی دێوەزمە دەهاتنە پێش چاوم؛ هەندێکیان سوپا و سەرباز بوون و ڕم و شمشێریان بەدەستەوە بوو. لە شوێنێکی تریش بە هەمان شێوە ئەوەم دەبینی لە سەرباز و ئاژەڵ و چەک، وەک بڵێیت دەستەیەکی سەربازی بن هێرشیان کردبێتە سەر دەستەیەکی تر! بەڕاستی زۆر ترساین، دەستمان کرد بە نوێژ و پاڕانەوە، بەڵام ئەوان پێمان پێدەکەنین و سەربان سوڕمابوو لەوەی کە ئێمە وا دەترسین![2]

بەردەوام تەماشای ئاسمانمان دەکرد کە ئەو دەستە سەربازییە هێرشیان دەکردە سەر دەستەکەی تر و تێکەڵی یەکتری دەبوون و دواتر پەرشوبڵاو دەبوونەوە، ئەمە بۆ ماوەی سەعاتێک ناوەها بوو و دواتر نەما. پرسیارمان لە پادشا کرد، وتی:

---

[1] مەبەست پێی کاتژمێرێکی تەواوە، هەڵبەتە کاتژمێری ئەوان و لەو سەردەمەدا تەقدیری بووە، واتە بە ماوەیەک، بەڵام بە واتای ئەو کاتژمێرە نایەت کە ٦٠ خولەکە. (وورگێڕ)

[2] ئەو دیاردەیەی کە ئیبن فەزلان باسی دەکات و بەلایەوە شتێکی نامۆ بووە، دیاردەی شەفەقی قوتبیی پێ دەوترێت (الشفق القطبي) و خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە و دەفەرموێت: (فلا اقسم بالشفق، والليل وماوسق، والقمر إذا اتسق). بە زمانی لاتینی پێی دەوترێت (AURORA) بە واتای سپێدەی بەرمبەیان دێت، کۆمەڵێک تیشکی هەمەڕەنگی جوانهن بە ئاسمانەوە دەردەکەون، لە کاتێکدا نەگەر چالاکی موگناتیسیی گۆی زەوی بەرز بێت ئەم دیاردەیە ڕوو دەدات؛ بەتایبەت لە وڵاتەکانی باکووری گۆی زەوی، وەک: ڕووسیا و سوید و نەرویج و کەنەدا و ئایسلەندا و ئالاسکا و ... هتد. لە ڕۆژگاری نەمرۆشدا جێی سەرنجی گەشتیارانی نەو ناوچەیەیە. (ئەم زانیارییانە بە وێنەوە لە مالپەڕەکانی ئینتەرنێتدا هەن بە ناوی: (ظاهرة الشفق القطبي). (ومرگێڕ)

"باپیرانمان وتوویانە گوایە ئەوە جەنگی نێوان جنۆکە موسوڵمانەکان و بێباوەڕەکان بووە و بەردەوام هەموو خۆرئاوابوونێکی هەموو ڕۆژێک ئەو جەنگە لەنێوانیادا ڕوو دەدات و لێک دانەبڕاون!"

نێوارەیەکیان من و بەرگدووڕێکی پادشا کە بەڕەچەڵەک خەڵکی بەغداد بوو و ڕێی کەوتبووە ئەو مەملەکەتە و لای پادشا گیرسابووەوە، چووینە نێو خێوەتەکەی من و دانیشتین و کەوتینە گفتوگۆ بۆ ماوەی کەمتر لە سەعاتێک. کاتێکمان زانی گوێمان لە بانگبێژەکە بوو بانگی فەرموو و وتم: "ئەوە بانگی کەی بوو؟" وتی: "بانگی نوێژی بەیانییە." وتم: "چۆن دەبێت؟ ئەی نوێژی خەوتنان؟" وتی: دەبێت لەگەڵ نوێژی بەیانیدا بکرێت؟" وتم: "ئەی شەو؟" وتی: "تەواو، جار هەیە لەوە کەمترە کە بینیوتە." ئینجا وتی: "مانگێک دەبێت نەنووستووم لە ترسی ئەوەی نەکا نوێژی بەیانم بچێت! مرۆڤ مەنجەڵی خواردن لە نێواراندا دەخاتە سەرئاگر، نوێژی بەیانی دەکات هێشتا خواردنەکەی پێنەگەیشتووە!"

بەڕاستی ڕۆژگارم بینی لەو مەملەکەتەدا نێجگار درێژ و شەویش زۆر کورت بوو، دواتر پێچەوانە دەبێتەوە، شەو درێژ دەبێت و ڕۆژیش کورت.

بۆ شەوی دووەم لە دەرەوەی خێوەتەکەی خۆم دانیشتم و تەماشای ئاسمانم دەکرد، تەنیا ژمارەیەک ئەستێرەی کەمم بینی، نزیکەی پازدە ئەستێرەیەکی پەرشوبڵاو بوون. شەفەقی سووری لای ڕۆژئاوا هیچ کات کۆتایی نایەت، شەوی ڕووناک بوو، مرۆڤ بەئاسانی هاوڕێکەی دەناسییەوە زیاتر لە دووریی کەوتنی تیرێک!

مانگم بینی لە ناوەڕاستی ئاسمانەوە دەرنەدەکەوت، بەڵکوو لە لایەکی ئاسمانەوە بوو، ماوەیەک لە لایەکەوە دەردەچوو، پاشان بۆ بەیانی ون دەبوو.

ڕۆژێکیان پادشا باسی نەوەی بۆ کردم و وتی: "لە دووریی سێ مانگە ڕێ لە ولاتەکەی منەوە گەلێکی لێیە پێیان دەڵێن «ویسو»[1]، شەویان کەمترە لە

[1] بە بڕوای فێرمانی ڕۆژهەڵاتناس، ویسو بریتییە لە ڕووسیای سپی و دەکەوێتە نزیک مۆسکۆ لە ←

سەعاتێک (واتە ماوەیەکی زۆر کەمە)."

ئەو مەملەکەتم بینی لە کاتی خۆرهەڵهاتندا هەموو یەکپارچە سوور دەبوو، هەر لە زەوی و چیا و ئەوەی مرۆڤ تەماشای دەکرد وەک پەڵە هەورێکی سوور دەردەکەت، ئەو سوورییە بەردەوام دەبوو، تا ئەو کاتەی خۆر دەکەوتە ناوەڕاستی ئاسمانەوە؛ خەڵکی ئەو مەملەکەتە ئەوەیان پێ وتم کاتێک زستان دێت ڕۆژ کورت دەبێتەوە و شەویش درێژ. جاری وا هەبوو ئەو کەسانەی لەگەڵ ئێمە بوون، لە سپێدەی بەیانیدا دەچوون بۆ ناوچەی «ئیتەڵ»[1] و بەرلەوەی بگەنە ئەوێ ئەستێرەی تاریکیی شەو هەڵدەهات، لە کاتێکدا (نێوان ئێمە و ڕووبارەکە کەمتر لە فەرسەخێک بوو). بەو شێوەیە لەوێ ماینەوە، تا ئەو کاتەی شەو درێژ بوو و ڕۆژگار کورت بوو.

کاتێ گوێبیستی لوورەی سەگ دەبوون دڵیان خۆش دەبوو، بە پیرۆزیان دادەنا، چونکە بڕوایان وا بوو ئەگەر سەگ بلورێنێت، ئەوە نیشانەی بەپیتیی ساڵە و دەیانوت: (ئەمساڵ، ساڵێکی بەپیت و بەرەکەت و پڕ لە ئاشتی دەبێت."

هەروەها ماریان ئێجگار زۆر بوو، جاری وا هەبوو لقە دارێکم دەبینی بە دەیان مار، یان زیاتری پێوە دەلکا و نە دەیانکوشتن و نە ئازاریان دەدان. **جارێکیان تەماشای درەختێکی مەزنم کرد، زۆر درێژ بوو، نزیکەی سەد باڵێک دەبوو، درەختەکە کەوتبوو؛ قەدەکەی زۆر گەورە بوو، بەڕاستی گەورەیی قەدەکەی سەرنجی ڕاکێشام، بینیم دەجوڵێتەوە، ئەوەندەم زانی مارێکی زۆر درێژ لەسەری کەوتە جوواڵە و خۆی خزانە نێو دارستانەکە. منیش زۆر ترسام و حەپەسام، بەپەلە ڕامکرد و چوومە لای پادشا، لە شوێنی خۆی دانیشتبوو، وتم: "مارێکی زۆر گەورەم بینیوە." گوێیان پێ نەدام و قسەکەمیان وەرنەگرت، ئینجا وتی: "مەترسە ئازارت نادات." ئیدی لەگەڵ پادشا چووین بۆ ماڵێک، من و تەکین و سەوسەن و پارس بووین لەگەڵ پەکێک لە پیاوەکانی پادشا. دواتر دارێکی بارێکم بینی**

ڕۆژهەڵاتی وەرنەک. (سامی دەهان، لاپەرە ١٢٦).

[1] ڕووباری فۆڵگا گراوە و دەکەوێتە خاکی ڕووسیاوە. (پەراوێزی لاپەرە ٨٤)

قەدەکەی وەک تەشی باریک بوو، بەڵام سەرچڵی دارەکە سەوز بوو، گەڵایەکی پانی هەبوو؛ بەرێکی هەبوو وەک هەنار، بەڵام پێناوهک بوو، هێندە بەتام بوو بەردەوام لێمان دەخوارد. [1]

جگە لەوە سێوی هەبوو زۆر سەوز بوو و تامێکی ترشی هەبوو، لە خەڵی مەی ترشتر بوو، کەنیزەکان لەم جۆرە سێوەیان دەخوارد و پێی قەڵەو دەبوون؛ هەروەها ڕەوکی بندوقیان ئێجگار زۆر بوو، جێگەی وا هەبوو بە درێژایی چل فەرسەخ هەمووی داری چڕوپڕی بندوق بوو؛ هەروەها جۆرە دەختێکی تری لێبوو درێژ بوو، قەدەکەی هیچ گەڵایەکی پێوە نەبوو، بەڵام سەرەوەی وەک داری خورما، یان داری گوێزی هیندی وا بوو؛ دەهاتن لە ژێرەوەی دارەکە کونێکیان تێ دەکرد و لەوێوە ئاوێک دەردەچوو لە هەنگوین بەتامتر بوو، بەڵام زۆر خواردنەوەی سەرخۆشی دەکردیت، وەک چۆن مەی مرۆڤ سەرخۆش دەکات.

زۆربەی خواردنیان جارووس بوو لەگەڵ گۆشت، هەروەها دانەوێڵەیان زۆر بوو لەگەنم و جۆ، خەڵکی ئەوەی تۆوی دەکرد بۆ خۆی هەڵدەگرت و پادشا کاری نەبوو بەسەریانەوە و هیچی لێ وەرنەدەگرتن، بەڵام خەڵکی خۆیان ساڵانە پڕ پێستەی سەمورەیەکیان[2] بۆ پادشا دەبرد.

ئەگەر دەستەیەکیان هێرشیان بکردایەتە سەر ناوچەیەک و دەستکەوتیان هەبوایە، ئەوا بەشی پادشایان لێ دەدا؛ هەروەها هەر کەسێک خواردنێکی ئامادە

---

[1] ئەو بڕگەیەی کە بە تۆخی نووسراوە و خەتی بە ژێردا هێنراوە، لای یاقووتی حەمەوی نییە. (بڕواڕێزی لاپەڕە ۹۰)، بەڵام لای سامی دەهان هەیە کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۱۹۵۱ دەستنووسەکەی دووبارە نووسیوەتەوە (سامی دەهان، لاپەڕە ۱۲۸)

[2] گیاندارێکی وشکانییە و لە پشیلەی کێوی دەچێت، پێستەکەی وەک فەرووپەکی بەنرخ مامەڵەی پێوە کراوە، چونکە نەرم و جوان و سەرنجڕاکێش بووە، نەک ئەو سمۆرە بچووکەی وڵاتی خۆمان، لە جۆری مەمکدارەکانە و لە ناوچە ساردەکانی وەک: (ڕووسیا و کازاخستان دەژی). (بڕوانە ـ وکیپیدیا ـ حیوان سمور). هیچ کات نە ئەسپێ و نە کیچ تێی نادەن، بۆیە پادشا و دەوڵەمەندەکان بۆ کڵاو و جوانکاری بەکاریان هێناوە. هەروەها ئیبن بەتووتەش لە باسی ناوچە تاریکەکانی بولگاردا باسی ئەم گیاندارەی کردووە کە بازرگانیی پێوە کراوە. بڕوانە (سەفەرنامەکەی ئیبن بەتووتە، لاپەڕە ۳٤۹، چاپی دووەم).

بکردایە بۆ ئاهەنگی خۆشیی ژنهێنان، یاخود هەر بۆنەیەک بوویێت، ئەوا دیسانەوە بەشی پادشایان لێ دەدا، بەپێی توانای کەسەکە؛ یاخود ئەگەر کەسێک شەرابی هەنگوینی هەبووایە ساخرخێکیان[1] پێشکەشی پادشا دەکرد لەگەڵ گەنمی خراپ ئەگەر هەبووایە، بۆیە دەڵێین خراپ، چونکە زەوییەکانی ئەم مەملەکەتە خاکەکەی ڕەش و بۆگەن و کەم خێرە.

هەروەها جێگەیان نەبوو خۆراکی تێدا هەڵبگرن، بۆیە چاڵی قوواڵیان هەڵدەکەند وەکوو بیر، پاشان لەوێدا خۆراکەکانیان تێدا عەمبار دەکرد، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک خواردنەکان ڕەنگیان تێکدەچوو و دواتر بۆگەنیان دەکرد و بێکەڵک دەبوون. بە هیچ جۆرێک نە ڕۆنیان هەبوو و نە زەیت و نە ڕۆنی کونجی، بەڵکوو تەنیا ڕۆنی ماسییان بەکار دەهێنا. هەرچی خواردنیان هەبوو بۆنی دڕنە (بۆسارد)یان لێ دەهات. بۆ کەنیز و خزمەتکارەکان شۆربایان دروست دەکرد لە جۆ، هەندێک جار شۆربای جۆ لەگەڵ گۆشت دروست دەکرا، گۆشتەکە بۆ خزمەتکارەکە بوو و شۆرباکەش بۆ کەنیزەکە، بەڵام جاری وا هەبوو کەللەی ئاژەڵەکە دەدرا بە کەنیزەکە، بۆیە بە ناچاری گۆشتەکەی دەخوارد.

---

[1] ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێن: لە بنەڕەتدا وشەکە (ساخرج) بووە، بەڵام گۆڕاوە، جۆرێک بووە لە پێوانە و بۆ شلەمەنییەکان بەکار هاتووە. (سامی دەهان، لاپەڕە ۱۳۰)

نەریتی خەڵکی سەقالیبە

خەڵکی هەموو سەری خۆیان بە مەندیلێک دەبەست، جاری وا هەبوو پادشا بە تەنیا و بەبێ پاسەوان بەنێو خەڵکدا تێپەڕ دەبوو، خەڵکی وەک ڕێزێک مەندیلەکەی سەریان دادەنا و دەیانخستە ژێر باڵیان، تا ئەو کاتەی تێپەڕ دەبوو؛ ئینجا دووبارە دەیانپێچایەوە، یاخود هەر کاتێک سەردانیان بکردایە گەورە، یان بچووک وەک ڕێزێک مەندیلەکەی سەریان دادەنا، تا ئەو کاتەی لای پادشا دەمانەوە لە سەریان نەدەکردەوە؛ کاتێک پادشا دەهات سەریان بۆ دەلەقاند و وەک ڕێزێک ئاماژەیەکیان بۆ دەکرد و ئەویش فەرمانی پێ دەکردن دابنیشن، ئینجا بەچیچکانەوە دادەنیشتن و بە هیچ شێوەیەک مەندیلەکانیان دەرنەدەخست، تا ئەو کاتەی لای ئەو دەبوون.

هەموویان خێوەتی گەورەیان هەبوو بە شێوەی قوچەکی، بەڵام ئەوەی پادشا لە هەموویان گەورەتر بوو، هێندە گەورە و فراوان بوو جێی هەزار کەسی تێدا دەبووەوە، ژوورەوە بە ڕاخەری جوانی گرانبەهای ئەرمەنی ڕووپۆش کرابوو؛ لە ناوەڕاستەوە تەختە خەوێکی جوانی ڕووپۆشکراو بە قوماشی دیباجی ڕۆمیی دانرابوو.

نەریتان وا بوو ئەگەر پیاوێک کوڕێکی لەدایک بووایە، ئەوا باپیری بۆ خۆی هەڵی دەگرت، نەک باوکی، ئینجا دەڵێت: (من شاییستەترم وەک لە باوکی)، بۆیە لای ئەو دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی گەورە دەبوو؛ هەروەها ئەگەر کەسێک بمردایە، ئەوا براکەی میراتی وەردەگرت، نەک کوڕەکەی! بۆیە بە پاشام وت: "ئەوە کارێکی ناڕەوایە و جایز نییە"، دواتر چۆنیەتیی دابەشکردنی میراتیم تێگەیاند.

ئەگەر هەورەبرووسکە لە هەر مااڵێکی بدایە، مااڵەکە و کەرەستە و پێداویستیی نێو مااڵەکەیان جێدەهێشت، تا دەڕزان و لەنێو دەچوون لەگەڵ کەسە مردووەکانی نێو

مالّەکە و دەیانوت خوا غەزەبی لەم شوێنە گرتووە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک لێی نزیک نەدەبوونەوە!

ئەگەر کەسێک، کەسێکی بکوشتایە، ئەوا دەکوژرایەوە، بەڵام ئەگەر بەهەڵە بیکوشتایە؛ ئەوا سندووقێکیان بۆ دروست دەکرد و دەیانخستە نێوییەوە و سێ کولێرە و گۆزەیەک ئاویان دەخستە نێوی، دواتر بزمارڕێژیان دەکرد! سندوقەکەیان بە سێ داری چەسپاودا هەڵدەواسی و دەیانوت: (دەبێت لەنێوان زەوی و ئاسماندا بمێنێتەوە، باران و خۆر لێی بدات، تا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت!) بۆیە بەردەوام بەو شێوەیە دەمایەوە، تا بەپێی تێپەڕبوونی کات لاشەکەی لەناودەچوو!

باسی بیروباوەڕە نامۆکانیان

ئەگەر هەستیان بکردایە کەسێک ژیر و دانایە و پێشبینیی ڕووداوەکان دەکات، دەیانکرد بە قوربانی و دەیانوت: (باشترە ئەم کەسە خزمەت بە خودا بکات). کوشتنیشی بەو شێوەیە بوو گوریسێکیان بە گەردنییەوە دەبەست و بە درەختێکەوە هەڵیاندەواسی، تا ئەو کاتەی ملی دەقرتا و لە لاشەکەی جیا دەبووەوە!

وەرگێڕەکەی پادشا ئەوەی بۆ گێڕامەوە و وتی: (جارێکیان پیاوێکی دانای خەڵکی «سند» ڕێی دەکەوێتە ئەم ناوچەیە و ماوەیەک لە خزمەتی پادشادا دەبێت، کەسێکی ڕۆحسووک و زیرەک دەبێت. ڕۆژێکیان کۆمەڵێک بازرگان دەیانەوێت گەشت بکەن بۆ مەبەستی بازرگانی، بۆیە ئەمیش داوای مۆڵەت لە پادشا دەکات کە ڕێی پێ بدات، تا لەگەڵیان گەشت بکات، بەڵام پادشا قایيل نابێت و پێی دەڵێت گەشت نەکات؛ بۆیە زۆر لە پادشا دەکات و ئەویش ڕێی پێ دەدات و لەگەڵ بازرگانەکاندا گەشت دەکات. جا کاتێک تەماشا دەکەن کە ئەم کەسە وریا و ژیرە، بۆیە لەنێوان خۆیاندا دەست دەکەن بە پیلانگێڕان و دەڵێن: (ئەم کەسە زۆر شیاوە بۆ خزمەتکردنی خودامان، باشتر وایە بینێرین بۆ لای ئەو)، ئیدی کاتێک بە لای دارستانێکی چڕوپڕدا تێپەڕ دەبن، دەیبەنە نێو دارستانەکە و سەر و ملی توند بە گوریسێک دەبەستنەوە و بە درەختێکی بەرزدا هەڵیدەواسن و بەجێی دەهێڵن!

نەریتێکی ئەنتیکە و سەیری تریان ئەوەیە کاتێک سەربازێک بە چەکەوە لابدات و میز بکات، دەیگرن و ڕووتی دەکەنەوە، پۆشاک و چەکەکەی لێ دەستێنن؛ ئەگەر چەکەی دانابوو، ئەو کات وازی لێ دەهێنن و کاریان بەسەرییەوە نییە!

نافرەت و پیاویان لە سەر ڕووبارەکان بە ڕووتی خۆیان دەشۆن بەبێ ئەوەی کەسیان خۆیان داپۆشن! بە هیچ شێوەیەک پەنا نابەن بۆ داوێنپیسی، هەر

کەسێک لای ئەوان زینا بکات، جا ئیتر هەر کێ بێت، ئەوا چوار مێخی لە زەویدا بۆ دادەکوتن و قاچ و دەستەکانی پێوە دەبەستن؛ پاشان بە تەورێکی تیژ لە ناوەڕاستەوە دەیکەن بە دوو کەرتەوە، لە گەردنییەوە، تا دەگاتە ڕانی! دواتر هەر پارچەیەک لە لاشەکەی بە درەختێکدا هەڵدەواسرێت. زۆر هەوڵمدا لە و کارە دوور بکەونەوە لە کاتی خۆشۆردن خۆیان دابپۆشن، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم. هەروەها وەک چۆن داوێنپیس دەکوژرێت، بە هەمان شێوە دزیش دەکوژرێت.

دارستانەکانیان پڕە لە هەنگ و هەنگوین، بۆیە خۆیان دەزانن لە کوێی دارستانەکاندا هەیە و دەڕۆن و دەیهێنن. جاری وا هەبوو دەکەوتنە نێو ئەو هۆز و تیرانەی دوژمنیان بوون، دەکوژران!

هەروەها بازرگانی زۆریان هەبوو، دەچوونە وڵاتی تورکان بۆ هێنانی مەڕ و بۆ شاری ویسو [1] سمۆرە و ڕێوییە ڕەشەیان هاوردە دەکرد.

هۆز و تیرەی وا هەبوو ژمارەیان لە پێنج هەزار کەس زیاتر دەبوو، لە ژن و پیاو هەموو موسوڵمان بوون و بە هۆزی «برنجار»[2] ناسرابوون، مزگەوتی گەورەیان لە دار دروست کردبوو و نوێژیان تێدا دەکرد؛ هەروەها خوێندنەوە و نووسینیان نەدەزانی، کۆمەڵێکیانم فێری نوێژ کرد.

یەکێک لە پیاوەکانی ئەم هۆزە لەسەر دەستی من بوو بە موسوڵمان ، ناوی «تالووت» بوو، بەڵام ناوەکەیم گۆڕی بۆ عەبدوڵڵا و وتی: "پێم خۆشە بیگۆڕیت بۆ موحەممەد، وەک ناوەکەی خۆت"، بۆیە منیش وام کرد و گۆڕیم، دواتر خێزان و منداڵەکانی و دایکی بوون بە موسوڵمان و هەموویان بە موحەممەد بانگیان دەکرد. هەروەها کەسێکم فێری هەردوو سورەتی (الفاتحة) و (الإخلاص) کرد، هێندە دڵخۆش بوو بە فێربوونی ئەو دوو سورەتە ئەگەر ببوایە بە پادشای سەقالیبە، هێندە دڵخۆش نەدەبوو!

---

[1] پێشتر ناماژە بەم شارە دراوە کە دەکەوێتە کوێوە. (وەرگێڕ)

[2] مەبەست لێی (مەنغۆلە). (سامی دەهان، لاپەڕە ١٣٥)

کاتێک چووینەوە بۆ لای پادشا، بینیمان هەوارگەی خۆی لەسەر ئاوێک خستووە پێیان دەوت (خلجە) کە لە سێ دەریاچە پێک هاتبوو، دووانیان گەورە بوو و یەکێکیان بچووک. نێوانی ئەم دەریاچانە و ڕووباری مەزنی ئیتەڵ[1] کە دەڕژایە نێو دەریای خەزەرەوە نزیکەی فەرسەخێک دوور بوو، هەر لەسەر ئەم ڕووبارە بازاڕی تێدا بوو و خەڵکی ناوبەناو و لە هەر چەند هەنگاوێکدا شمەکی بە نرخ و گرانبەهایان تێدا دەفرۆشت.

[1] پێشتر ناماژە بەم ڕووبارە دراوە و بریتییە لە ڤۆلگا. (وەرگێڕ)

باسی پیاوە زەبەلاحەکە

تەکین ئەوەی بۆ باس کردم لە پایتەختی پادشادا پیاوێک هەیە زۆر مەزن و زەبەلاحە، کاتێک ڕۆیشتم بۆ ئەوێ پرسیارم لە پادشا کرد، وتی: "بەڵێ ئەو پیاوە لە شارەکەی ئێمە بوو، بەڵام ئێستا مردووە، خەڵکی وڵات و مەملەکەتی ئێمە نەبووە."

ئینجا پادشا وتی: "جارێکیان هەندێ لە بازرگانەکان دەڕۆن بۆ سەر ڕووبارێ ئیتەڵ، نێوان ئێمە و ڕووبارەکە ڕۆژە ڕێیەکە، کاتی وا هەبوو ئاوەکەی هەڵدەکشا، ڕۆژێکیان هەندێک لە بازرگانەکان هاتن و وتیان: ئەی پادشا! پیاوێک لەسەر ڕووبارەکەیە جێمان هێشتووە، ئەگەر خەڵکی ئەو نەتەوەیە بێت کە لێمانەوە نزیکن، ئەوا دەبێت ئێمە ئێرە بەجێ بهێڵین و هیچ چارەیەکمان نییە جگە لە کۆچ لەم شوێنە!

بۆیە لەگەڵیان کەوتمە ڕێ و چوومە ئەو جێیەی باسیان دەکرد، بینیم پیاوێکی زەبەلاحی لێیە بااڵی دەوازدە گەز دەبوو، سەری هێندەی یەک مەنجەڵی گەورە بوو، لووتی یەک بست درێژ بوو و چاوەکانی گەورە و زەق بوون! بەڕاستی سەرم سوڕما لە دۆخی ئەو پیاوە! قسەم لەگەڵ کرد، بەڵام ئەو قسەی نەدەکرد و تەنیا سەیری دەکردین، بۆیە منیش هێنام بۆ لای خۆمان، ئینجا نامەم بۆ خەڵکی وێسۆ نارد کە سێ مانگە ڕێ لە ئێمەوە دوور بوون؛ باسی ئەم پیاوەم بۆ کردن، وەاڵمیان داینەوە و وتیان: ئەو پیاوەی تۆ باسی دەکەیت لە قەومی (یەئجووج و مەئجووج)ـە و سێ مانگە ڕێ لێمانەوە دوورن، لە نێوانماندا دەریایەک هەیە، ئەمانە ڕووتن و وەک ئاژەڵ تێکەڵی یەکتری دەبن و جووت دەبن. هەموو ڕۆژێک خودای گەورە لە دەریاکە ماسییەکی گەورەیان بۆ دەنێرێت، هەر کەسێکیان بە چەقۆیەکی تیژ بە هێندەی بەشی خۆی و منداڵەکانی گۆشتی لێ دەکاتەوە، ئەگەر زیاتر لێ بکاتەوە، خۆی و منداڵەکانی تووشی نازاری سک دەبن و لەوانەشە هەموویان

بمرن، بەڵام ئەگەر هێندەی پێداویستی خۆیانی لێ بکەنەوە ئەوا دووبارە ماسییەکە دەچێتەوە نێو دەریاکە و بەو شێوازە هەموو ڕۆژێک دووبارە دەبێتەوە![1]

لایەکی نێوان ئێمە و ئەو قەومە دەریاکە بوو و لایەکی تری چیا مەزنەکان دەوریان دابوون، ئەو بەربەستەی کە بە ڕووباندا دروست کرابوو دەکەوتە نێوان دەربەندێکەوە کە قەومی یەئجووج و مەئجووج لێوەی دەهاتنە دەرەوە. کاتێک خودا ویستی لەسەر بێت بێنە دەرەوە، بەربەستەکە دەشکێت و دەریاکەش و وشک دەبێت و ئیتر ماسییەکەیان نامێنێت."

ئینجا پرسیاری پیاوەکەم لە پادشا کرد، وتی: "ماوەیەک لای من مایەوە ئەگەر منداڵ تەماشای بکردایە دەمرد، یان ئەگەر ئافرەتێکی دووگیان تەماشای بکردایە خێرا منداڵەکەی لەبار دەچوو، خۆ ئەگەر کەسێک بەر دەستی بکەوتایە بە هێزی خۆی دەیگوشی، تا دەمرد! بۆیە کاتێک ئەوەم لێ بینی منیش بە درەختێکی مەزنەوە بەستمەوە، تا ئەو کاتەی مرد. ئێستا ئەگەر دەتەوێت سەیری

---

[1] خوای گەورە لە قورئاندا لە سورەتی کەهفدا باسی چیرۆکی یەئجووج و مەئجووجی کردووە. لە فەرموودەی سەحیحیشدا هاتووە لە نەوەی ئادەمن. زانای گەورە و میژوونووسی نیسلام ئیبن کەسیر لە کتێبی (البداية والنهاية)دا دەڵێت: (ئەم قەومە لە نەوەی ئادەمن و ئەمەش هیچ خیلافی تێدا نییە. لە ئەبی سەعیدی خودرییەوە ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لێ بێت) دەفەرموێت: "لە ڕۆژی قیامەتدا خودای گەورە بە ئادەم دەفەرموێت: لە هەزار کەسی نەوەی تۆ، ٩٩٩ کەسیان بۆ دۆزەخە و یەکێکیان بۆ بەهەشت. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەی ئێمە؟ فەرمووی مژدە بێت لە نوممەتی من یەک کەس بۆ دۆزەخە و هەزاری لە یەئجووج و مەئجووجە."

هەر لەم بارەیەوە دەیان فەرموودەی صەحیح هاتوون، زانایان لە کۆن و ئێستادا بە دوورودرێژی ڕاڤەی ئەو فەرموودانەیان کردووە کە باسی یەئجووج و مەئجووج دەکەن کە لە ئاخرزەماندا دووبارە بە ویستی خودا دێنەوە سەر زەوی و ئەو بەربەستەی زولقەرنەین بە ڕووباندا دروستی کردبوو تێک دەشکێنن. هەروەها لە سەردەمی عەباسییەکاندا لە لایەن خەلیفە (ئەلواسیق بیللا ـ هاروونە ڕەشید)ـەوە خەڵکی شارەزا نێردران بۆ ئاشکراکردنی شوێنی بەربەستی یەئجووج و مەئجووج، بەڵام بێ ئەنجام بوونە. بڕوانە (النهاية في الفتن والملاحم لإبن الكثير ـ دار المعرفة ـ بيروت، ط ٢٠٠٤). (ذوالقرنين وسد الصين من هو.. واين هو، محمد راغب الطباخ، دار غراس، ط٢٠٠٣، ص ٢١٩).

ناوچەی سەقالیبەکان (سلاڤییەکان) کە نیبن فەزلان گەشتی بۆ کردووە، تا ڕادەیەک نزیک بووە لە ناوچەی یەئجووج و مەئجووجەوە، هەروەها ئەو باسەی کە لەسەر زاری سلاڤییەکانەوە هێناویەتی، هیچ بنەمایەکی نییە. والله اعلم. (وەرگێڕ).

ئێسکەکانی بکەیت، وەرە دەتبەمە شوێنەکە." وتم: "وەڵڵاهی زۆر ئارەزووی ئەوە دەکەم تەماشای ئێسکەکانی بکەم." ئینجا وتی: "فەرموو با بڕۆین." پێکەوە ڕۆیشتین بۆ دارستانێکی چڕوپڕ، چووینە لای درەختێکی زۆر مەزن و بینیم ئێسکی سەر و پەیکەرە ئێسکەکانی تر لە ژێر درەختەکەدا کەوتبوون، سەری بە هێندەی شانە هەنگێکی گەورەی خڕ دەبوو، پەراسووەکانی هێندە گەورە بوون دەتوت لقە دارخورمایە و بەیەکدا چووبوون؛ هەروەها ئێسکی قاچ و دەستەکانیشی هەر وا گەورە بوون، کاتێک ئەو دیمەنەم بینی تووشی سەرسوڕمان بووم، ئیتر ئەوێم جێهێشت!

ئیبن فەزلان دەڵێت: (پادشا لەو هەوارگەیەی کە لایاندابوو لەسەر ڕووباری «خەلجە»[1] ڕۆیشت بۆ ڕووبارێکی تر ناوی «چاوشیز» بوو، ئینجا ویستی لەوێش کۆچ بکات، بەڵام نزیکەی دوو مانگێک مانەوە؛ پاشان نامەی ڕەوانە کرد بۆ نەتەوەیەک پێیان دەوترا «سواز» و داوای لێ کردن لەگەڵیدابن، بەڵام ئەوان قایل نەبوون کۆچ بکەن و دواتر بوون بە دوو بەشەوە و بەشێکیان ڕەدیان کردەوە لەگەڵی گەشت بکەن، سەرکردەکەیان ناوی «وێرغ» بوو. پادشا نامەیەکی بۆ ناردن و پێی وتن: (خوای گەورە چاکەی لەگەڵ کردووین و هەموومان بووین بە موسوڵمان، بووین بە سەربازی ئەمیری ئیمانداران، منیش گوێڕایەڵی ئەوم و هەر کەسێک پێچەوانەی من بێت بە شمشێر ڕاستی دەکەمەوە."

کۆمەڵەکەی تریان دوای پادشای هۆزێکی تر کەوتن ناوی «ئەسکەڵ» بوو و پێشتر گوێڕایەڵی پادشای سەقالیبە بوو، بەڵام موسوڵمان نەبوو، کاتێک نامەکەی پێگەیشت ترسا و ئیدی هەموو لەگەڵی کۆچیان کرد بۆ ڕووباری «چاوشیز».[2]

---

[1] لەوانەیە لقێکی ڕووباری کاما بێت. (سامی دەهان، لاپەڕە ١٤١)

[2] بە بڕوای فرای ڕۆژهەڵاتناس بریتییە لە ڕووباری ئۆکتا. (پێشتر ناماژەی پێدراوە)

باسی کەرکەدەن

چاوشیز ڕووبارێکی پان نییە، نزیکەی پێنج گەز دەبێت، قوواڵییەکەی کەمە و لە هەندێک جێدا دەگاتە ناوکی مرۆڤ و لە هەندێک شوێنی تردا قووڵییەکەی زیاتر بوو، دەگەیشتە گەردن. قەراغی ئەم ڕووبارە درەخت و سەوزایی زۆرە، جۆرە درەختێکی لێیە پێی دەڵێن: خەندەک (جۆرێکە لە دارچنار. وەرگێڕ). هەر لە نزیک ئەم ڕووبارەدا بیابانێکی پان و فراوانی لێیە و دەڵێن: جۆرە گیاندارێکی تێدا دەژی لە وشتر بچووکترە و لە گا گەورەترە، سەری وەک سەری وشترە و کلکی وەک هیی گایە، بەڵام لاشەی وەک لاشەی هێسترە و سمی پێیەکانی وەک سمی گایە؛ لە ناوەڕاستی سەریدا شاخێکی تیژی چەماوە هەیە وەک ڕم وایە. هەندێک لەم جۆرە گیاندارە سێ بۆ پێنج باڵ درێژن. خواردنی ئەم گیاندارە گژوگیا و گەڵای دارەکانە. هەر کاتێک سوارێک ببینێت هێرش دەکاتە سەری، کەسەکە زۆر بەخێرایی و زەحمەت دەتوانێت لە هێرشی ئەم گیاندارە خۆی ڕزگار بکات، ئەگەر بکەوێتە بەردەستی ئەوا بە شاخەکەی هەڵیدەدا بە ئاسماندا و دووبارە هێرش دەکاتەوە سەری و بەو شێوەیە وازی لێ ناهێنێت، تا دەیکوژێت!

بەڵام بە هیچ شێوەیەک هێرش ناکاتە سەر ئاژەڵی کەسەکە، خەڵکی لەنێو دارستان و دەشتاییەکاندا ڕاوی ئەم گیاندارە دەکەن. ڕاوکردنی بەو شێوازە دەبێت کە ڕاوچییەکان دەچنە سەر درەختی بەرزی نێو دارستانەکان و لە بەرزاییەوە تیر و ڕمی ژەهراوی تێ دەگرن، تا پەکی دەکەوێت و دەیکوژن!

کاتێک لای پادشای سەقالیبە بووم، سینی و قاپی جوانم بینی و سەرنجڕاکێش بوون، دەتوت لە بەردی لووسی یەمەنیی گرانبەها دروست کراوە (جزع الیمانی). پێیان وتم کە: هەموو ئەو کەرەستانە لە شاخی ئەو گیاندارە دروست کراون، خەڵکی ناوچەکە پێیان دەوت کەرکەدەن.[1]

---

[1] بە هەمان شێوە ئیبن بەتووتەش لە سەفەرنامەکەیدا باسی ئاژەڵی کەرکەدەنی کردووە و باسی ←

ئیبن فەزلان دەڵێت: (کەسم نەبینی سوور هەڵبگەڕێت و ڕەنگی ڕووخساری بگۆڕێت، بەڵکوو زۆربەیان بە نەخۆشی دەمرن، بەتایبەت بە نەخۆشیی قۆڵۆن (قەبزی)، تەنانەت هەندێ لە منداڵەکانیان کە شیرەخۆرەن هەر بەم نەخۆشییە دەمرن!)

نەریتی سەقالیبەکان لە کاتی ناشتنی مردووەکانیاندا

ئەگەر موسوڵمانێک، یان کەسێک هاوسەرەکەی خواڕەزمی بوو و لای ئەوان کۆچی دوایی کرد، ئەوا وەک موسوڵمان دەشۆردرێت و کفن دەکرێت، پاشان دەخرێتە سەر گالیسکەیەک و خەڵکی لەگەڵی دەکەونە ڕێ؛ لە پێشەوەی گالیسکەکە ڕم بەدەست و ئەوانەی ئاڵایان پێیە پێشی دەکەون، تا دەچنە ئەو شوێنەی دەنێژرێت، ئینجا مردووەکە لەسەر زەوی دادەنرێت؛ پاشان بە چواردەوری مردووەکەدا هێڵێک دەکێشن و لەنێو ئەو هێڵەدا گۆڕەکە هەڵدەکەنن، پاشان گۆڕێچکەی بۆ دەکەن و دواتر بە خاکی دەسپێرن؛ مردووەکانی خۆیشیان هەر بەو شێوازە دەنێژن!

ئافرەتان لای ئەوان لەسەر مردوو ناگرین، بەڵکوو پیاوان دەگرین! یەکەم ڕۆژی مردووەکە لە تەنیشت دەرگای خێوەتەکەی دەوەستن و زۆر بەکوڵ و گریانێکی ناشرین و سەیروسەمەرە دەگرین! ئەو کەسانەی کە دەگرین ئازادن، دوای ئەوان کویلەکان دەگرین و هەریەکێکیان بە پشتوێنکی لە پێست دروستکراو لە خۆیان دەدەن و هاوار دەکەن و بەردەوام دەبن، تا شوێنی لێدانەکە سوور هەڵدەگەڕێت و وەک جێی قامچی دەردەکەوێت! بێگومان دەبێت ڕم و ئاڵایەک لە دەرگای خێوەتی مردووەکەدا دابنرێت لەگەڵ هەڵواسینی چەکەکەی لەسەر گۆڕەکەی، بۆ ماوەی دووساڵ ئەم گریانە بەردەوام دەبێت![1]

چۆنیەتیی ڕاوکردنیشیی کردووە. (بروانە سەفەرنامەکەی، لاپەڕە ٤١٨. وەرگێڕ)

[1] گەڕیدەی ناوداری میژووی نیسلام ئیبن بەتوتە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باسی نەریتی خەڵکی چین دەکات لە ناشتنی مردووەکانیاندا کە تاوەکوو ڕادەیەک نزیک بووە لە نەریتی سەقالیبەکان و ←

دوای ئەوەی دوو ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕ دەبێت، ئاڵا و ڕەمەکانی بەر دەرگای خێوەتەکەی لادەبەن، ئینجا ماتەمگێڕان و کەسە نزیکەکانی مردووەکە پرچیان دەبڕن و بانگی خەڵکی دەکەن و ئەوەیان پێ دەڵێن کە ئەوان ئیدی ماتەم ناگێڕن. خۆ ئەگەر مردووەکە سەرکردە بوو و ژنیشی هەبوو، ئەوا ژنەکەی جارێکی تر هاوسەرگیری دەکاتەوە. خەڵکە ئاساییەکە بە هەمان شێوە ئەو کارە دەکەن!

دەڵێت: (ماوەیەک بوو ئێمە لە پایتەخت بووین لەپڕ هەواڵمان پێگەیشت کە خانی مەزن کوژراوە، بەر لە گەڕانەوەی تەرمەکەی، شار ڕازێنرایەوە؛ ماوەی یەک مانگ لە تەپڵی گەورە دەدرا و فوو بە کەڕەنادا دەکرا، ڕۆژانە جۆرە یارییەکی وەرزشی پێشکەش دەکرا و تایبەت بوو بە نەریتی خۆیان! پاشان تەرمەکەی خان و نزیکەی سەد کەس لە ئامۆزا و کەسە نزیکەکانی گەیشتنەوە پایتەخت و گۆڕێکی مەزنی شاهانەیان بۆ ئامادە کرا، گۆڕەکە بە هێندەی ژوورێکی مەزن بوو و لە قوواڵیی زەویدا هەڵکەنرابوو و جوانترین ڕاخەریان لە زەویدا بۆ ڕاخستبوو! ئینجا تەرمەکەیان دەخستە نێو تابووتێکەوە، پاشان هەموو ئالتوون و زیوەکانی لەگەڵ قاپوقاچاخ و گۆزەی ئاوخواردنەوە و پێداویستییەکانی تایبەت بە خۆیان دەخستە نێو گۆڕەکەوە، جگە لەوانەی باس کران، شەش کەس لە خزمەتکار و کۆیلەکانی لە گۆڕ نران؛ دواتر گۆڕەکەیان بە خۆڵێکی زۆر داپۆشی، خۆڵەکە هێندە زۆر بوو وەک گردێکی مەزنی لێ هات، ئینجا چوار داری مەزنیان لەسەر گۆڕەکە داکوتی، هەر دارێک نەسپێکی خۆی پێوە هەڵواسرا؛ لەسەر گۆڕی ئەوانی تر یەک دار و یەک نەسپ بوو، ئەوەش نەریت بوو!

بەڕاستی ئەو ڕۆژە لە بیر نەکراو بوو، خەڵکی هەموو ئامادە بوون لە پیاوان و ئافرەتانی بێباوەڕ و موسوڵمان، هەموو پۆشاکی ماتەمیان پۆشیبوو، بێباوەڕان لەچکێکی سپییان دابوو بە سەریاندا، بەڵام موسوڵمانەکان پۆشاکی سپییان لەبەرکردبوو. دوای ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن، کەنیزەکانی خان لە نزیک گۆڕەکەی، خێوەتگەی تایبەتی خۆیان دادەکوتن و دەمێننەوە بۆ ماوەیەی چل ڕۆژ و هەندێک جاریش، تا ساڵێک. لە نزیکیشیانەوە بازارێکی بچکۆلانە دەکرێتەوە، تا کەنیزەکان پێداویستیی خۆیان لەوێ بکڕن لە خواردن و پۆشاک. ئەم جۆرە نەریتە لەم سەردەمەی ئێستادا لای هیچ نەتەوەیەک بوونی نییە، جگە لە چینییەکان و هیندۆسەکان و بەشێک لە چینییەکانیش مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن. چەند کەسێکی باوەڕپێکراو ئەوەیان بۆ گێڕامەوە کە ڕەشپێستەکان کاتێک پاشاکانیان دەمرێت، گۆڕێکی گەورەی بۆ هەڵدەکەنن، پاشان سی کەس لە خزمەتکار و کەنیزەک و ئەوەی کاربەدەستەکانی لەگەڵدا لە گۆڕ دەڕێن دوای ئەوەی دەست و قاچیان دەشکێنن! جارێکیان هەندێک لەو پیاوە بەتەمەنە گەڕیدانەم بینی کە سەردانی وڵاتی (کۆبەری)ی سوودانیان کردبوو، یەکێکیان وتی: (جارێکیان پاشاکەیان مرد، کاتێک لە گۆڕیان نا چەندان منداڵی خۆیانیان بە زیندوویی لەگەڵ تەرمەکەیدا ناشت و ویستیان منداڵێکی منیش بنێژن وتم: بۆ وا دەکەن؟! ئەوە نە منداڵی نێومیە و نە لەسەر ناینی نێومیش بووە! بۆیە سامانێکی زۆرم پێدان، تا لە دەستیان ڕزگارمان بوو!) (ئیبن بەتووتە، سەفەرنامەکەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی حسیب ملا حامد، لاپەڕە ٦٧٩، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر)

باسی باج وەرگرتن

پاشای سەقالیبە سالانە دەبوو باج بدات بە پادشای خەزەرییەکان (جوولەکەکانی قەفقاز)، لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەستی و لە هەموو مالێک ئەو باجەی کۆدەکردەوە؛ هەروەها لە هەموو مالێکی سەقالیبە پێستی سەمۆرە[1] هەبوو و دەبوو بیدەن بە پادشای خەزەر، کاتێک کەشتیی خەزەرییەکان لە ولاتی قالیبەکان لەنگەری دەگرت، پاشای قالیبەکان شمەکەکانی دەژمارد و بۆ هەر شمەکێک کە باریان کردبوو دەیەکی وەردەگرت؛ هەروەها ئەگەر لە ولاتی ڕووسەکانەوە کەشتی ڕووی لە ولاتی ئەوان بکردایە و کۆیلەیان پێ بووایە، ئەوە بۆ هەر دە کەسێک یەکێکیان بۆ خۆیان دەبرد!

کوڕی پادشای قالیبەکان بارمتە بوو لای پادشای خەزەرییەکان، لەبەر ئەوەی پادشا دەیستێت کە پادشای قالیبەکان کچێکی جوانی هەیە، بۆیە بەزۆر کچەکەی لێ دەستێنێت کە موسوڵمان بوو و ئەویش جوو؛ دوای ماوەیەک کچەکە وەفات دەکات، دواتر داوای کچێکی تری لێ دەکات، بەڵام ئەم جارەیان پادشای قالیبە قایل نابێت و دەزانێت بە دەردی کچەکی تری دەڕوات، بۆیە لە ترساندا خێرا لە پادشا «ناسکلی» مارە دەکات کە ئەویش یەکێک بووە لە ژێردەستەکانی. لەبەر ئەوە بوو کە پادشای سەقالیبە نامەی ڕوانە کرد بۆ سوڵتان و ئەمیری باوەڕداران، تا قەڵا و شووڕای بۆ بنیاد بنێت بە ڕووی خەزەرییەکاندا.

ئیبن فەزلان دەڵێت: (ڕۆژێکیان بە پادشای قالیبەم وت تۆ خاوەنی ولاتێکی مەزن و خاکێکی فراوانیت، داهات و باجێکی زۆرت دەست دەکەوێت، بۆچی داوای یارمەتی لە سوڵتانی موسڵمانان دەکەیت، تا قەڵا و شووڕای تۆکەمەت بۆ دروست بکات؛ لە کاتێکدا ئەو توانای نییە دەستی بە ئێرە بگات؟! لە وەڵامدا وتی: دەزانم

[1] پێشتر باسی ئەم گیاندارە کراوە. (وەرگێڕ)

و دەبینم دەوڵەتی ئیسلام لە پێشکەوتندایە و داهات و سەرچاوەکانی و مااڵ و سەروەتیان پاک و حەاڵاڵە، لەبەر ئەم هۆکارەیە حەز دەکەم بە مااڵ و سەروەتی ئەوان قەاڵ و شووڕا دروست بکەم. خۆ ئەگەر بمەوێت بە مااڵ و سەروەتی خۆم دروستی بکەم، ئەوە هێندە زیو و ناڵتوونم هەیە هیچ کات پەکم ناکەوێت، بەاڵم بۆ پیرۆزی ئارەزوو دەکەم بە پارەی سوڵتان ئەو قەاڵ و شووڕایانە دروست بکەم!)

باسی ڕووسەکان

ئیبن فەڵان لەبارەی ڕووسەکانەوە دەڵێت: (ڕووسەکانم[1] دەبینی لە ڕێگەی بازرگانییەوە[2] دەهاتن لە قەراغ ڕووباری نیتەڵدا بار و شمەکی خۆیان دادەگرت.

---

[1] دەربارەی ڕووسەکان ئیبن بەتووتەش باسیان دەکات کە نزیکەی پێنج سەد ساڵ دوای ئیبن فەزلان ژیاوە، لە سەردانیدا بوو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی محەمەد نۆزێک کە لە سەردەمی نێستادا نۆزباکستان و ناوچەکانی قەفقازە، ویستویەتی لەوێوە سەردانی قوستەنتینییە (ئەستەنبوڵ) بکات. ئیبن بەتووتە گەشت دەکات و دەڵێت: (لە شاری تەرخانەوە لەگەڵ شاژن بەیەلونیی ژنی محەمەد نۆزێک کەوتینە ڕێ، یەکەم شارێک بۆی چووین «نوکەک» بوو، نێوان ئەم شارە و مەڵبەندی سوڵتان شاری «سەرای» دە ڕۆژە ڕێ بوو، ئەم شارە تەنیا یەک ڕۆژ لە چیاکانی ڕووسەوە دوور بوو. ئەمانە (ڕووسەکان) گەلێکن چاویان شینە و پرچیان زەردە و ڕووخسار ناشرین و خوێنتاڵن، ئەهلی غەدرن و ستەمکارن، خاوەن کانی زیو بوون و بە بار زیویان دەهێنا لە وڵاتی تورکەکان ساغیان دەکردەوە. هەر بارێکی دەیکردە پێنج نۆقە زیو و... هتد!. (ئیبن بەتووتە، سەفەرنامەکەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی حسیب ملا حامد، لاپەڕە ۳۵۵، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر).

[2] ئیبن خوردازبە لە ساڵانی (۳۰۰ک - ۹۱۲م) دەربارەی ڕووسەکان دەڵێت: (ڕێچکەی بازرگانی ڕووسەکان کە بەشێکن لە ڕەگەزی سەقالیبەکان، لەوسەری وڵاتی سەقالیبەوە بە دەریادا شمەکی خۆیان دەهێنا بۆ وڵاتی ڕۆمەکان، شمەکەکان بریتی بوون لە: پێستی ڕێوی ڕەش و پێستی سمۆرە و شمشێر و تیر و ڕم. ئالۆگۆڕیان لەگەڵ خەڵکی ڕۆم دەکرد، ئەگەر بە ڕووباری «تەنیس»ی سەقالیبەکاندا تێپەڕ ببوونایە، ئەوا لە کەنداوی خەزەرەوە دەڕۆیشتن و لەوێوە مۆڵەتی تێپەڕبوونیان وەردەگرت و دەچوونە دەریای جورجانەوە، هەر جێگایەکی نەو شوێنەیان پێ خۆش بوایە کەشتییەکانیان لەنگەری دەگرت بۆ بازرگانی. پانی دەریایی جورجان پێنج سەد میل دەبوو، جار هەبوو شمەکەکانیان لەسەر پشتی وشتر ڕوانەی بەغداد دەکرد، لەوێ خۆیان وا دەردەخست کە ئەهلی کیتابن و گاورن، بۆیە لە بەغداد جزیەیان دەدا بە دەوڵەتی ئیسلامی). لە کتێبی (المسالك والممالك)ەوە وەرگیراوە، ئیبن خوردازبە لە پێش ئیبن فەزلانەوە ژیاوە.

بەڵام ئیستخری دەربارەی ڕووسەکان دەڵێت: (ڕووسەکان سێ بەشن: یەکەمیان زۆر نزیکن لە بولگارییەکانەوە لە جێگایەک نیشتەجێ بوون ناوی «کۆیابە» بوو و گەورتر بوو لە بولگار، پاشاکەیان هەر لەوێ کارووباری ژێردەستەکانی بەڕێوە دەبرد. دووەمیان: دوورتر بوون لە بولگارەکان و پێیان دەوترا «سڵاوەیە». سێیەمیان: «ئەرسانییە» بوو پاشاکەیان لە ئەرسا نیشتەجێ بوو، زۆربەی خەڵکی بۆ بازرگانی دەچوون بۆ کۆیابە و لەوێ ئالۆگۆڕی بازرگانییان دەکرد، بەڵام هیچ کەسێک سەردانی ←

پێشتر هیچ کەسم نەبینیبوو وەک ڕووسەکان زل و کەڵەگەت بێت، هەر دەتوت دارخورمان هێندە باڵا بەرز بوون، پرچیان زەرد و ڕووخساریان سوور بوو، نەریتیان وایە نە کورتەک و نە پۆشاکی ژێرەوە ناپۆشن؛ بەڵام هەر یەکێکیان کراسێکی لەبەر دەکرد دەستی ڕاست و چەپی لێوە دەردەهێنا، لای خوارەوەی دوو بەشە، لایەکی بۆ قاچی ڕاست و لایەکەی تری بۆ قاچی چەپ (وەک بەدلەیەک لە خوارەوە بۆ سەرەوە. وەرگێڕ)، هەر یەکێکیان چەقۆیەکی تیژ و شمشێر و تەورێکی پێیە و هەرگیز دایان نانێت!

شمشێرەکان لە ئاسنێکی پتەوی ڕووپۆشکراو دروست کرابوون و خەتیان تێدا بوو، تا نووکەکەی و وەک شمشێری ئەفرەنجییەکان وا بوو.[1] پێستی ڕووخسار و لاشەیان هەموو نەخشێنراو (تاتۆ) بوو بە وێنەی سروشت و شتی تر!

هەرچی ئافرەتەکانیان بوو مەمکیان داپۆشیبوو بە قاپێکی دروستکراو (ستیان) لە ئاسن، یان زیو، یان مس، یان ئاڵتوون؛ بەپێی توانای مێردەکەی. لە هەر لایەکی مەمکی ئەڵقەیەک هەبوو چەقۆیەکی پێوە بەسترابوو، هەروەها زنجیری ئاڵتوون و زیویان لە ملیان دەکرد و تۆند لە گەردنیان دەبەست. ئەگەر پیاوەکانیان دە هەزار درهەمیان هەبێت، ئەوا یەک زنجیریان بۆ دەکەن، ئەگەر خاوەنی بیست هەزار بووایەن دوو زنجیریان بۆ دەکردن. بەو شێوەیە بۆ هەر دە هەزارێک تەوقێک،

ناوچەکانی ئارسای نەکردبوو و دەیانوت: هەر کەسێکی نامۆ، یان بازرگانێک پێ بخاتە سەر زەویی ئەو ناوچەیەوە دەیکوژن. زۆربەی کات بازرگانیی خۆیان لەنێو ڕووبارەکان ئەنجام دەدەن و هاتوچۆ دەکەن، هیچ کات نهێنیی خۆیان ناشکرا ناکەن و داخراون و ڕێگاش بە کەس نادەن هاوڕێیەتییان بکات و شوێنی خۆیان ناشکرا بکەن. هەر لە ئارساوە پێستی سمۆرەی ڕەش و قورقوشمیان دەهێنا بۆ بازرگانی. ڕووسەکان گەلێکن مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن لەگەڵ دەوڵەمەند و خانەدانەکان، کەنیزەکەکانیش بە ڕەزامەندیی خۆیان دەسووتێنران. هەندێکیان ڕیشیان دەتاشن و هەندێکیان درێژ و لوولی دەکەن، جلوبەرگیان کورتەکی کورتە، لەگەڵ پۆشاکی خەزەر و بجناک و بولگار. بۆ بازرگانییش جاری وا هەبوو دەچوونە ناوچەکانی خەزەر و ولاتی ڕۆمەکان و بولگاری مەزن؛ هەروەها لای باکوورەوە هاوسنوور بوون لەگەڵ ڕۆمەکان). لە کتێبی (المسالك والمالك)ی نیستخرییەوە وەرگیراوە. (پەراوێزی لاپەڕە ١١٨)

.(ئەوروویییەکان، ڕۆمەکان، یان فەرەنسییەکان. وەرگێڕ)[1]

یان زنجیرێکی زیاتری بۆ دەکرا. ژنی وا هەبوو چەندان زنجیری گەردەنەی[1] لە مل بوو!

جوانترین خشل و زێڕ لای ئەوان، بەردی گرانبەها و گوێچکە ماسی و بەردی شووشەیی (کەهرەمانە) و وەدعی (سەدەفی) دەریایی بوو کە ملوانکەیان لێ دروست دەکرد.

[1] گەردەنەی مل، یان گەردانە: واتە خشلی نەستۆ، یان گەردنبەند. (هەنبانە بۆرینەی هەژار موکریانی، لاپەڕە ٧٢٦، چاپی سێزدەیەم).

سیفەتی ڕووسەکان

بەڕاستی ڕووسەکان بۆگەن و پیس و پۆخڵترین دروستکراوی خوای گەورە بوون، بە هیچ شێوازێک خۆیان لە پیسی پاک نەدەکردەوە، نە لە میز و نە لە پاشەڕۆ و لەشپیسیی خۆیشیان دەرنەدەکرد! تەنانەت لە دوای نانخواردن دەستی خۆیان نەدەشۆرد! وەک کەرەکێوی بەرەڵا وا بوون، لە وڵاتی خۆیانەوە دەهاتن و لەسەر ڕووباری ئیتەڵ باری خۆیان دەخست، پاشان خانووی گەورەیان لە دار دروست دەکرد.

سیفەتیان وا بوو لە مااڵێکدا دە کەس، یان بیست کەس زیاتر، یاخود کەمتر کۆدەبوونەوە. هەر یەکێکیان کورسی، یان تەختەخەوی تایبەت بە خۆی هەبوو لەسەری دادەنیشت و جوانترین کەنیزەکی لەگەڵ بوو، بازرگانێک دەهات و کەنیزەکەکەی لێ دەکڕی و بە ئارەزووی خۆی و لە بەرچاوی سەرجێیی لەگەڵ دەکرد بێ ئەوەی بە شوورەیی بزانن، بگرە لایشیان ئاسایی بوو. جار هەبوو چەند کەسێک بە تەنیشتی یەکەوە بوون ئەو کارەیان دەکرد!

ڕۆژانە دەبوو ڕووخساری خۆیان بشۆرن ئەوەش بەو شێوازە بوو کە: یەکێک لە کەنیزەکان بەیانی زوو مەنجەاڵێک ئاوی دەبرد بۆ گەورەکەی ئەویش ڕووخساری خۆی تێدا دەشۆرد، پاشان هەرچی لیک و چڵم و پیسی هەبوو دەیکردە نێو مەنجەاڵەکەوە، ئینجا بە شانەیەک پرچی شانە دەکرد؛ ئەو کات کەنیزەکەکە دەڕۆیشتە الی کەسێکی تر، ئەویش بە هەمان شێوازی ئەوەی تر، هەرچی پیسی و تف و چڵم هەبوو دەیکردە نێو مەنجەاڵەکە و بەو شێوازە کەنیزەکەکە مەنجەاڵەکەی نەدەگۆڕی، تا هەموان ڕووخساری خۆیان لەنێودا دەشۆرد بە پیسترین شێوە!

بیروباوەڕی ڕووسەکان

جاری وا هەبوو کەشتییەکانیان دەهاتن و لە قەراغی ڕووبارەکە لەنگەریان دەگرت، هەر یەکێکیان نان و گۆشت و پیاز و ماست و شەرابی دروستکراو لە تریٚیان پێ بوو، دەهاتن و دەچوونە بەرانبەر دارێکی لە زەویدا داکوترابو کە سەری دارەکە لە شێوەی مرۆڤدا بوو، لە هەر لایەکی دارەکە وێنەی منداڵی بچووک هەبوو و لە پشتییەوە دارێکی درێژی چەسپاو لە زەیدا هەبوو و لە تەنیشتیشییەوە وێنەیەکی گەورە[1]؛ بازرگانەکە بەرانبەری کرنووشێکی بۆ دەبرد و دەیوت: (ئەی خودایە! خۆت دەزانیت لە وڵاتێکی دوورەوە هاتووم و ئەوەندە و ئەوەندە کەنیزەکم پێیە، ئەوەندە پێستەی سمۆرەم پێیە...)، بەو جۆرە هەموو شمەکەکانی خۆی بۆ دەژمارد کە بۆ بازرگانیی هێنابوون، ئینجا دەیوت: (ئەو دیارییەشم بۆ تۆ هێناوە)، پاشان دیارییەکەی بەرانبەر دارە چەسپاوەکە جێدەهێشت و دەیوت: (داوات لێ دەکەم کە بازرگانێکم بۆ بنێریت دینار و درهەمی زۆری پێ بێت و هەموو ئەو شمەکانەم لێ بکرێت کە من دەمەوێت و پێچەوانەی خواستی من نەجووڵێتەوە)، دواتر ئەوێ جێ دەهێڵێت و دەڕوات.

ئەگەر شمەکەکانی نەفرۆشرێن و ماوەیەک بمێنێتەوە، ئەوە دووبارە دیاریی خۆی پێشکەش دەکاتەوە، خۆ ئەگەر دیسانەوەش کارەکەی قورس بوو و کرین و فرۆشتنی نەبوو بە نسیب، ئەوە ئەم جارەیان بۆ هەر وێنەیەکی منداڵە بچووکەکان دیاری و قوربانیی پێشکەش دەکرد و نزا و داواکاری خۆی دەکرد و ئینجا دەیوت ئەمانە ژن و منداڵ و کچی خواوەندن، بەردەوام نزا و پاڕانەوەی دەکرد و داوای یارمەتی و کۆمەکی دەکرد، تا ئەو کاتەی بازرگانییەکەی بە دڵی خۆی تەواو

---

[1] ئەم جۆرە تقوسانە تایبەت بووە بەو گەل و نەتەوانەی کە بتپەرست بوون و خاوەنی هیچ ئایینێک نەبوون. تا ئێستاش ئەم جۆرە تقوسانە بوونیان هەیە، بەتایبەت لای هەندێک لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا. (وەرگێڕ)

دەبوو، ئەو کات دەیوت: (ئەوە خواوەند بە دڵی خۆم بازرگانییەکەی بۆ ئاسان کردم و ئەوەی من ویستم کردی، بۆیە ئێستا کاتی ئەوەیە پاداشتی بکەم!) هەر بۆیە دەڕۆیشت و چەند سەر مەڕێک، یان مانگایەکی دەهێنا و دەیکوشتەوە و هەندێک لە گۆشتەکەی دەبەخشاندەوە و ئەوەی تری لای دارەکان بەجێ دەهێشت و کەللەی مانگا، یان مەڕەکەی بە دارەکاندا هەڵدەواسی، بۆ شەو سەگ و درێندە گۆشتەکەیان دەخوارد و بۆ بەیانی دەیانوت ئەوە خوا لە دیاری و قوربانییەکانی ئێمە ڕازی بووە، چونکە هەموو گۆشتەکان خوراوە!

نەریتە نامۆکانیان

لە نەریتە نامۆکانی تر: ئەگەر یەکێک لای ئەوان گرفتاری نەخۆشی بووایە، خێوەتێکان لە دوور بۆ هەڵدەدا و لەوێدا دایان دەنا لەگەڵ خواردن و خواردنەوەی پێویست، بە هیچ شێوەیەک نزیکی نەدەبوونەوە و سەردانیان نەدەکرد و قسەیان لەگەڵ نەدەکرد، تا ئەو کاتەی چاک دەبووەوە و دەگەڕایەوە نێویان. خۆ ئەگەر بمردایە لاشەکەیان دەسووتاند[1]، بە مەرجێک ئەگەر کەسەکە ئازاد بووایە، نەک کۆیلە، بەڵام ئەگەر کویلە بووایە بەجێیان دەهێشت بۆ درندە و دالّە کەرخۆرەکان!

ئەگەر دز و چەتەیان بگرتایە، ئەوا بە گوریسێکی بەهێزی توند بە درەختێکەوە هەڵدەواسرا و بەجێ دەهێڵرا، تا گیانی دەردەچوو، ئەو کات لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بەهۆی کەشوهەوا و بارانەوە لاشەکەشی لەناودەچوو.

پێیان وتم: (نەریتیان وایە لە کاتی مردنی سەرکردەکانیاندا کاری سەرنجڕاکێش ئەنجام دەدەن و کەمترینی ئەوەی دەیکەن سووتاندنی لاشەکەیانە!)

بۆیە ئارەزووم دەکرد بە چاوی خۆم ئەوە ببینم کە چی لە لاشەی مردووەکان دەکەن؟ بۆیە جارێکیان پیاوێکی ناوداریان مرد، خسیانە نێو گوڕێکی ئەوتۆوە کە

---

[1] یەکەم: ئیبن فەزلان یەکەم کەس نییە کە ئاماژە دەکات بە تقوس و ڕێوڕەسمی مردووسووتاندن لای ڕووسەکان لە کۆندا، بەڵکوو زۆرێک لە گەڕیدە و جوگرافیناسە موسوڵمانەکان باسی ئەو مردووسووتاندنەیان کردووە ئەوەش لە وتەی ئیبن حەوقەلدا دەردەکەوێت کە دەڵێت: (ڕووسەکان گەلێکن مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن، ئەوانەشی کە دەوڵەمەندن، کەنیزەکەکانیان لەگەڵیدا خۆیان دەسووتێنن بە ڕازیبوونی خۆیان و بەبێ هیچ زۆر لێ کردنێک. جگە لە ڕووسەکان، خەڵکی غانا و کۆغە و ناوچەکانی هیندستان بە هەمان شێواز مردووەکانی خۆیان دەسووتێنن).

هەروەها مەسعودی میژوونووسیش لە کتێبی (مروج الذهب)دا باسی سووتاندنی مردووەکان دەکات. (پەراوێزی لاپەرە ١٠٥)

دووەم: بە هەمان شێوازی ئیبن حەوقەل و مەسعودی، ئیبن بەتووتەش لە سەفەرنامەکەیدا لە باسی هیندستان و چیندا ئاماژە بە سووتاندنی مردووەکان دەکات، پێشتر ئاماژەم پێداوە. (وەرگێڕ)

بۆ ماوەی دە دەڕۆژ سەرقاڵی دروستکردنی میچەکەی بوون! لەو ماوەیەدا پۆشاکیان بۆ بڕی و دووڕییان. خۆ ئەگەر کەسەکە هەژار بوو، ئەوە دەیخەنە نێو بەلەمێکی بچووکەوە پاشان دەیسووتێنن!

بۆ دەوڵەمەندەکان ماڵ و سەروەتەکەی کۆدەکەنەوە و دەیکەنە سێ بەشەوە، بەشێکی بۆ منداڵ و کەسەکانی، بە بەشێکی پۆشاکی بۆ دروست دەکرێت و بە بەشەکەی تریش شەرابی پێ دەکڕن و دەیخۆنەوە لەو ڕۆژەدا کە کەنیزەکەکانی لەگەڵ تەرمەکەیدا خۆیان دەسووتێنن!

زۆر هۆگر و عەودالّی مەینۆشی بوون بە شەو و ڕۆژ، جاری وا هەبووە کەسێکیان مردووە پەرداخێک مەی بە دەستەوە بووە! ئەگەر سەرکردەیەکیان بمرێت، کەسە نزیکەکانی بە کەنیزەک و خزمەتکارەکانی دەڵێن: (کێ لە ئێوە ئامادەیە لەگەڵیدا بمرێت؟) لە وەڵامدا هەندێکیان دەڵێن: (ئێمە). جا ئەگەر هەر کەسێکیان وای وت، ئەوە ئیتر بۆی نییە پاشگەز ببێتەوە، خۆ ئەگەر پاشگەزیش ببێتەوە قایل نابن و هەر دەسووتێنرێت. زۆربەی جار کەنیزەکەکان ئامادە دەبن بۆ سووتاندن!

بۆیە بە کەنیزەکەکانی دەوترێت: (کێ لە ئێوە دەیەوێت لەگەڵ گەورەکەی بمرێت؟) یەکێکیان دەڵێت: (من). ئیتر دوو کەنیزەکی تر ڕادەسپێرن کە چاودێریی بکەن و ئاگاداری بن، ڕۆژانە خزمەت دەکرێت و قاچەکانی بۆ دەشۆرن و هیچ کات لێی جودا نابنەوە، لەو لاشەوە خەڵکیی تر سەرقاڵی برینی قوماش و دووریسی دەبن بۆ پیاوە مردووەکە. لەو ماوەیەدا کەنیزەکەکە بەردەوام خزمەت دەکرێت و خوارن و خواردنەوەی باشی پێ دەدرێت و گۆرانی دەڵێت، وەک کەسێکی دڵخۆش و مزگێنی پێدراو دەردەکەوێت![1]

---

[1] بە هەمان شێوازی ڕووسەکان هیندۆسەکانیش نەو کارەیان کردووە، کاتێک کەسێک لای نەوان مردووە، ژن و کەنیزەکەکانی لەگەڵ مردووەکە سووتێنراون و نەوەش گەورەترین شەرف بووە بۆ کەسوکاری ئافرەتەکە. زۆریان لێ نەکراوە خۆیان بسووتێنن، بەڵام نەو ئافرەتەی کە خۆی نەسووتاندووە بە چاوێکی سووک تەماشا کراوە. ڕێوڕەسمی خۆسووتاندنەکەی بەم شێوازە بووە کە ئیبن بەتوتە بۆمان باس دەکات و دەڵێت: (لە نەریتە سەیرەکانی خەڵکی هیندستان خۆسووتاند بوو. جارێکیان خێزەتگاکەی ئێمە لە جێگایەک بوو لە نزیک هیندییە بێباوەڕەکان، ئەوەندەمان زانی خەڵکی هەڵهاتن ←

ئەو ڕۆژەی کە پیاوە مردووەکەی تێدا دەسووتێنرێت کەنیزەکەکە لە قەراغی ڕووبارەکە دادەنێن لە نزیک ئەو کەشتییەی کە مردووەکەی تێدایە، ئینجا چوار داری کۆڵەکەی پتەو لەسەر کەشتییەکەوە بۆ زەوی دادەنێن بۆ هاتوچۆکردن، کەشتییەکە دەهێنرێتە دەرەوەی ڕووبارەکە، پاشان بەسەر ئەم کۆڵەکانەوە هاتوچۆ دەکەن و قسە دەکەن؛ من نەمدەزانی چی دەڵێن. هێشتا مردووەکە لەنێو گۆڕەکەی دەرنەهێنرابوو، ئینجا تەختەخەوێکیان هێنا و بە قوماشی جوانی دیباجی ڕۆمی ڕووپۆشیان کرد، لەگەڵ سەرینی ڕۆمی. دوای ئەوە پیرەژنێک دێت کە پێی دەڵێن فریشتەی گیانکێشان، یان (جوان پیرە). ئەو، قوماشی سەر تەختەخەوەکە دەدوورێت و ڕێکی دەخات و کەنیزەکەکە دەکوژێت. خۆم ئەو پیرەژنە جادووکەرە (جوان پیرە)م[1] بینی، ئێسکگران و خوێنتاڵ و ناشرین و زل بوو.

و چەند کەسێک لە هاوڕێکانی نێمە ڕۆیشتن، دواتر پرسیارم کرد چی ڕوویداوە؟! وتیان: پیاوێکی بێباوەڕی هیندی مردووە.، ئینجا ناگرێکیان کردەوە بۆ سووتاندنی تەرمەکەی، ژنەکەشی لە کاتی سووتاندنیدا خۆی فرێدایە نێو ئاگرەکەوە لەگەل مێردەکەیدا سووتێنرا. هەروەها وتیان: ژنەکە دەستی لە ملی مێردەکەی کرد، تا بوو بە خەڵووز!

پێش ئەوەی بسووتێنرێن سێ ڕۆژ دەمانەوە و ئاهەنگیان بۆ دەگێڕان و خواردن و خواردنەوەی باشیان پێ دەدرا وەک بڵێیت ئیتر ماڵئاوایی لە دونیا دەکەن ،بۆ ڕۆژی چوارەم هەریەکەیان سواری پشتی وڵاخ دەکران و خەڵکی دوایان دەکەوتن لە هەموو چینەکانی کۆمەڵگە لە بەراهیمە (خانەدانەکان) و خەڵکی ئاسایی و کەسوکاری ئافرەتەکەش؛ هەروەها لە تەپڵ دەدرا و فوو بە کەرەناشدا دەکرا، بێباوەڕەکان لە ئافرەتەکە نزیک دەبوونەوە و پێیان دەوت: سڵاوم بگەیەنە بە دایک و باوک و خوشک و براکەم. ئیتر هەر کەسێکیان مردێت سڵاویان بۆ دەنارد و ئەویش (ئافرەتەکە) بەدەم پێکەنینەوە بەڵێ بۆ دەکرد! خۆم ئەوەم بینی جارێکیان لە شاری «ئابحوری» بووم ئافرەتێکیان هێنا و هاتە پێشەوە پەردەکەی لە دەستیان سەند و وتی: (ما را میترسانی ئەز ئاتش؟ من میدانیم ئوتشاست راهاکانی مارا) واتە: "تۆ من دەترسێنیت بە ئاگر؟ خۆم دەزانم ئەوە ئاگرە و بۆ سووتاندن ئامادە کراوە". دواتر دەستی خستە سەر سەری و خۆی خستە نێو ئاگرەکەوە، پاشان کردیان بە هاوار و دەنگە دەنگ و خێرا خێراش لە تەپڵ و دەف دەدرا و هەندێک کەس تریش داری زیاتریان هەڵدایە نێو ئاگرەکەوە، تا جوولە نەکات و باشتر بسووتێت. من کە چاوم بەو دیمەنە کەوت لە ترساندا خەریک بوو لەسەر پشتی ئەسپەکەم بکەومە خوارەوە. (سەفەرنامەکەی ئیبن بەتووتە، لاپەڕە ٤٣٥ - ٤٣٦، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر)

[1] جوان پیرە: زۆربەی تورژمان دەڵێن: وشەی جوان پیرە، وشەیەکی فارسییە بە واتای گەنجێکی پیر دێت. دەڵێن: مەبەست لێی جادووگەر بووە، یاخود ئەو کەسەی پیشەی سیحر و جادووە و بە خودای مردنیان داناوە لە میسۆلوجیادا (ئەفسانەی پەیوەست بە خودای مردن). (پەراوێزی لاپەڕە ١٠٧)

کاتێک نزیکی گۆڕەکەی بوونەوە خۆڵی سەر گۆڕەکەیان لابرد لەگەڵ خۆڵی سەر تەختەکە، پاشان ئەو پۆشاک و بەرگەی مردووەکەیان داکەند کە پێوەی مردبوو، خۆم بینم لاشەکەی ڕەش داگەڕابوو لەبەر ساردیی ناوچەکە، پێشتر لەگەڵ مردووەکەدا شەراب و میوە و ئامێری موسیقایان خستبووە گۆڕەکەوە و بە هیچ شێوەیەک بۆگەنیان نەکردبوو، جگە لەوەی کە ڕەنگی میوەکان گۆڕا بوو. لە دوای ئەمانە ئەو پۆشاکەیان لەبەر دەکرد کە بۆیان ئامادە کردبوو لە شەروالّ و کورتەک و کراسێکی سووکی ڕەنگکراو بە ئالتوون، هەروەها کلاوێکی فەروودار دروستکراو لە پێستی سمۆرەیان لە سەری کرد و بردیانە نێو ئەو کەژاوەیەی کە لەنێو کەشتییەکە دروست کرابوو، لەسەر تەختەکە دایان نیشاند و لەملاولایەوە سەرینیان خستە تەنیشتی بۆنەوەی نەکەوێت، ئینجا مەی و میوە و گوڵی ڕێحانەیان هێنا و دایاننان؛ لەگەڵ ئەمانەدا نان و پیاز و گۆشتیان هێنا و لە پێشی تەرمەکە دانران، پاشان سەگێکیان هێنا و کردیان بە دوو کەرتەوە و هەڵیاندایە نێو کەشتییەکەوە لەگەڵ هەموو نامێرە جەنگییەکانی مردووەکە و دوو وڵاخ کە درانە بەر ڕم، تا خوێنیان تێدا نەما و دواتر کران بە دوو کەرتەوە و فڕێ درانە نێو کەشتییەکەوە؛ دوو مانگایان هێنا و ئەوانیش کران بە دوو کەرتەوە و فڕێ درانە نێوییەوە، لەگەڵ مریشکێک و کەڵەشێرێکی مردارەوەبوو!

بەردەوام لەو ماوەیەدا کەنیزەکەکە دێت و دەڕواتە نێو خێوەتی نامادەبووان و ئەوانیش بە کەیفی خۆیان داوێنپیسیی لەگەڵ دەکەن و پێی دەڵێن: (بە گەورەکەت بڵێ ئێمە لەبەر خۆشەویستیی ئەو، ئەو کارەمان کردووە!)

ئەو کاتەی کە کەنیزەکەکەی تێدا کوژرا، لە دوای عەسری ڕۆژی جومعە بوو، هێنایان و خستیانە نێو چوار داری لاکێشەوە، کەنیزەکەکەش قاچی خستە سەر پشتی ئەو پیاوانەی کە هەڵیان گرتبوو؛ دواتر بەرزیان کردەوە و دەیڕوانی بەسەر لاکێشەکەدا. گوێم لێ بوو چەند وشەیەکی وت و دایانگرتە خوارەوە، دووبارە بەرز کرایەوە، بە هەمان شێوەی جاری یەکەم دووبارە چەند وشەیەکی وت و دایان گرت، بۆ جاری سێیەمیش بە هەمان شێوە کارەکان دووبارە کرانەوە؛ پاشان مریشکێکیان

پێدا، سەری مریشکەکەی بڕی و فڕێی دا، دواتر مریشکەکەی دا بە پیاوەکان و ئەوانیش کردیان بە دوو کەرتەوە و فڕێیاندایە نێو کەشتییەکەوە.

ئیبن فەزلان دەڵێت: (کاتێک ئەو دیمەنانەم بینین، بە وەرگێڕەکەم وت: ئەوە کەنیزەکەکە چیی وت؟ وتی: لە جاری یەکەمدا کە بەرزیان کردەوە وتی ئەوا باوک و دایکم دەبینم، لە جاری دووەمدا وتی هەموو کەسە نزیکەکانم دەبینم کە پێشتر مردبوون، لە جاری سێیەمیشدا وتی گەورەکەی خۆم (مردووەکە) بینی لە بەهەشتدا بوو و جێگەکەی زۆر خۆش و دڵگیر بوو، منداڵ و پیاوەکان دەوریان دابوو و بانگی منی کرد وتی وەرە بۆ لام!)

دوای ئەو مەراسیمەی باسم کرد، کەنیزەکەکەیان برد بۆ لای کەشتییەکە و لەوێ بازنەکەی دەستی دەرهێنا و دای بە جادووگەرەکە (پیرەژنەکە) کە پێیان دەوت فریشتەی گیانکێشان و ئیشی ئەوە بوو کەنیزەکەکانی دەکوشت. پاشان هەردوو پاوانەکەی پێی داکەند و دای بە ئەو دوو کچەی کە پێشتر خزمەتیان دەکرد و کچی جادووگەرەکە بوون.

پاشان کەنیزەکەیان سەر خستە نێو کەشتییەکە و لەوێ دایان نا و نەچووە نێو کەژاوەکەوە، پیاوەکان هاتن و قەڵغان و دار بە دەستیانەوە بوو، پەردا‌خێک شەرابیان دا بە کەنیزەکەکە و نەویش گۆرانییەکی بۆ وت و خواردییەوە، لەو کاتەدا وەرگێڕەکە پێی وتم: (ئەوا مالْئاوایی لە هاوڕێکانی دەکات)، ئینجا پەردا‌خێکی تر شەرابیان پێدا و زیاتر گۆرانیی بۆ وت وەک لە جاری یەکەم، بەردەوام جادوگەرەکە هانی دەدا کە شەرابی زیاتر بخواتەوە و بچێتە نێو کەژاوەکەوە کە مردووەکەی تێدا بوو. بینیم ڕووخساری کەنیزەکەکە شێوا و حەپەسا، ویستی بڕوات، بۆیە سەری بردە نێو کەژاوەکە و لاشەی لە دەرەوە بوو، جادوگەرەکە سەری گرت و ڕایکێشا بۆ ژوورەوە. کاتێک پیاوەکان ئەوەیان بینی بە توندی بە دار لە قەڵغانەکانی دەستیان دەدا، تا کەنیزەکانی تر گوێیان لە هاواری نەبێت و بترسن و نیدی داوای مردن نەکەن لەگەڵ گەورەکانیان، پاشان شەش پیاو چوونە ژوورەوە

هەر شەشیان داوێنپیسییان لەگەڵ ئافرەتەکە کرد، ئینجا لای مردووەکە دایان نیشاند و دووان دەستیان گرت و دووانیش قاچی، پیرەژنە جادووگەرەکە کە پێیان دەوت فریشتەی مردن، گوریسێکی خستە ملی و دووانی تر بە هێزی خۆیان ڕایان کێشا بۆ دواوە، ئا لەو کاتەدا جادووگەرەکە خەنجەرێکی نووک تیژی دەرهێنا و کردی بە هەناویدا و دەری هێنا؛ چەند جارێک ئەوەی دووبارە کردەوە، تا سنگی بە خەنجەر لەت لەت کرد. ئەو دووانەی دواوەش بەردەوام گوریسەکەیان ڕادەکێشا، تا گیانی دەرچوو![1]

ئیتر نزیکترین کەسی مردووەکە بە ڕووتی دارێکی بە ئاگرەوە هەڵگرت و ڕووی لە خەڵکەکە بوو و بەردەوام دەچووە دواوە، تا لە کەشتییەکە نزیک بووەوە، ئینجا ئاگری لەو دارانە بەردا کە پێشتر لەژێر کەشتییەکە دانرابوون بە مەبەستی سووتاندنی؛ پاشان خەڵکی هەموو ڕۆیشتن و هەر یەکێکیان مەشخەڵێکی داری بە دەستەوە بوو فڕێیدایە سەر ئاگرەکە، تاکوو کەشتییەکە باشتر بسووتێت بە مردووەکە و کەنیزەکەکەی ناوییەوە. کاتێک ئاگرەکە گڕی سەند بایەکی توندیش هەڵی کرد، ئیتر ئاگرەکە زیاتر و زیاتر بەتینتر بوو، لەو کاتەدا پیاوێکی ڕووسی لە تەنیشتمەوە بوو گوێم لێ بوو لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، بە وەرگێڕەکەم وت: "ئەوە چی دەڵێت؟" وتی: "دەڵێت ئەی عەرەب! ئێوە گەمژەن."

وتم: "بۆ وا دەڵێت؟!" وتی: "ئێوە خۆشەویستترین و نزیکترین کەسی خۆتان دەخەنە ژێر گڵەوە و دەیێتە خواردنی کرم و جانەوەر، بەڵام ئێمە خێرا دەیسووتێنین و دەستبەجێ دەڕوات بۆ بەهەشت." پاشان دای لە قاقای پێکەنین، پێکەنینێکی هیستری و وتم: "بۆ وا پێدەکەنیت؟" وتی: "لەبەر خۆشەویستیم بۆ خودا، چونکە

---

[1] لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت نەو گەلانە دوور بوون لە پەیامی پاکی یەکتاپەرستی و چۆن لەوپەڕی وەحشیەتگەراییدا ژیاون. سەیرکە چۆن شەیتان بە ئارەزووی خۆی یاریی بە عەقڵیان کردوە و لە چی گومڕاییەکدا بوون! ڕێوڕەسم و تقوسی قوربانیکردن بە مرۆڤەکان نەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات و نەمەش هەر لای ڕووسەکان بوونی نەبووە، بەڵکوو لای هیندۆسەکان و چینییەکان و وڵاتی ڕەشپێستەکان و شارستانییەتی «ئینکا» و «مایا» هەبووە و بگرە تا ئێستاش هەندێ لەو میللەتانە بە شاراوەیی ئەم جۆرە تقوسانەیان تێدا ماوە و ئەنجامیان دەدەن. (وەرگێڕ)

ئەو با تونـدەی بۆ نـاردین و دەستبەجێ کەشتی و مردووەکـانی نێـوی بـوون بـە خەڵووز."

دوای ئـەو ڕێوڕەسمانەی باسم کردن لـە شـوێنی کەشتییەکە کـە لـە ڕووبارەکـە دەریـان هێنـا و سـووتاندیان، نیمچـە گردێکیـان بـۆ دروست کـرد و لـە سـەر گردەکـە دارێکـی چناریـان داکـوتی، ئینجـا نـاوی مـردووەکە و پادشـای ڕووسـیان لەسـەر نووسی و گەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان!

ئیبن فـەزلان دەڵێت: (لـە نـەریتی پادشـای ڕووسـەکان وا بـوو لـە کۆشـکەکەیدا هەمیشـە چـوار سـەد سـوار چـاک و جەنگاوەری باوەڕپێکراوی تایبـەتی لـە کەسـە نزیکەکانی لەگەڵ بوون! هەر کاتێک پادشا کۆچی دوایی بکردایـە لەگـەڵ نـەودا دەمـردن و دەکـوژران. هـەر یـەکێک لـەو جەنگاوەرانـە کەنیزەیـەکی تایبـەتی هـەبوو سـەری دەشـۆرد و خواردن پێ دەدا و خزمـەتی دەکرد، یـەکێکی تریشی هـەبوو بـۆ سـەرجێیی. هـەموو ئـەو چـوار سـەد سـەربازانە لـەژێر کورسـیی پادشـادا دادەنیشـتن، کورسییەکە زۆر گـەورە جوان و قـەشنگ بوو و بە بـەردی بـەنرخ وگرانبـەها ڕووپـۆش کرابـوو. چـل کـەنیزەک لەگـەڵ پادشـادا دادەنیشـتن، پادشـا بـە ئـارەزووی خـۆی سـەرجێیی دەکرد لەگەڵ هەر کەنیزەیەک کە ئارەزووی لەسـەر بووایە لەو کەنیزانـەی کە لەگەڵ سـەربازەکان بوون و بـە ئاگاداریی ئـەویش ئـەو کارەی دەکرد!

هیچ کاتێک پادشا لەسـەر کورسییەکەی خۆی نەدەهاتـە خـوارەوە، هـەر کاتێک پاشەڕۆی بکردایە تەشتێکیان بۆ دەبرد و لـە تەشتەکەدا دەیکرد، ئەگـەر گەشتیشی بکردایە ئەسپەکەیان بۆ دەبـردە ژوورەوە و لـە تەنیشـت کورسـییەکەیدا سـواری دەبـوو؛ یاخود ئەگـەر ئارەزووی هەبووایـە دابـەزێت، ئـەوە دیسـانەوە ئەسپەکەیان دەبـردەوە لای کورسییەکەی، تا سواری دەبوو و بۆ هەر جێگەیەک ئـارەزووی لێ بووایـە دەچـوو. جێگرێکـی هـەبوو کارەکـانی بـۆ ڕادەپەڕانـد و کـارە سـەربازییەکانی بـەڕێوە دەبـرد و ئاگاداری گەلەکەی بوو.

باسی خەزەرییەکان

پادشای خەزەرییەکان[1] ناوی خاقان بوو، هیچ کات خۆی دەرنەدەخست، تەنیا

[1] زۆربەی تۆژەرەکانی بواری مێژوو، نەوانەی لەسەر خەزەر قسەیان کردووە، تا ڕادەیەک هەواڕان لەسەر ئەوەی کە خەزەرییەکان بنەڕەت و ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر هۆزە تورکە کۆچەرییەکان، هەرچەند زمانی جیاواز و تایبەت بە خۆیان هەبووە وەک لە تورکەکان کە لە ناوەڕاستی کیشوەری ئاسیادا ژیاون. لە سەردەمێک کە زۆر کۆن نییە لە ناوچەی چیاکانی قەفقاز و دەریای قەزوین نیشتەجێ بوون و دەسەڵات و سنووری قەڵەمڕەویان لەوێوە و لە ڕووباری ڤۆڵگاوە درێژ بووەتەوە، تا گەیشتووەتە ڕووباری «دەنیبەر» (ڕووبارێکە لە ڕووسیای سپییەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ئۆکرانیا. وەرگێڕ). پایتەختەکەیان شاری «ئیستراخان»ی ئێستا بووە، پێیان وتوە «بلاندشار»، کەواتە دەسەڵاتیان بەشێکی زۆری باشووری ڕووسیای لە خۆ گرتبوو، تا گەیشتبووە ڕۆژئاوای ئەوروپا. جگە لە سلاڤییەکان و هۆزەکانی تری ناوچەکە، لە ڕابردوودا هەندێک جار کێشمەکێشیان هەبووە لەگەڵ هێزە گەورەکانی ئەو کات و هەندێک جاریش پەیوەندی، وەک فارسەکان و ڕۆمەکان، بۆ نموونە: لە سەردەمی نەوشیرواندا مێژوونووسەکان باسی ڕووداوی دروستکردنی دەربەند دەکەن، کاتێک نەوشیروان دروستی کرد بە ڕووی خەزەرییەکاندا، ئەوەش بەهۆ شێوەیە بوو خاقانی خەزەر داوای لە پادشای فارسەکان، نەوشیروان کرد کە لەتوان خۆیاندا هاوسەرگیرییەک بکەن؛ بەڵکوو ببێتە هۆی دروستبوونی ئاشتی لەنێوانیاندا، چونکە خەزەرییەکان زۆر پێویستیان بە خاکی فارسەکان بووە، بۆیە پادشای خەزەر نامەیەک دەنێرێت بۆ نەوشیروان و تێیدا باسی ئەوە دەکات کە کچێکی خۆی پێ دەدات، لە بەرانبەرا ئەویش کچێکی خۆی پێشکەش بە خان بکات. ئەوە بوو هەردوو لایان قایل بوون، نەوشیروان یەکێک لە کەنیزە جوانەکانی خۆی نارد لەگەڵ کۆمەڵێک دیاری و وای نیشان دابوو کە کچێتی و بە هەمان شێوە خاقانیش کچێکی خۆی بۆ نەوشیروان ڕەوانە کرد. بەو شێوەیە هەردوو لایان ئاشتییان بەرقرار کرد و یەکلابوونەوە بۆ دوژمنەکانی تر. هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن: (نەوشیروان هەندێک لە سەرکردە و سەربازەکانی خۆی ڕادەسپێرێت کە هێرش بکەنە سەر ناوچەکانی خەزەر، نەوانیش ئەوە کارە دەکەن و چەند شوێنێک دەسووتێنن و وێرانی دەکەن. کاتێک خاقان ئەوە دەبیستێت سکاڵای خۆی دەبات بۆ لای نەوشیروان، نەوشیروان ئەوەی ڕەد نەکردەوە، بەڵکوو سێ جار ئەو کارەی دووبارە کردەوە، هەموو جارێکیش داوای لێبوردنی لە خاقان دەکرد و پاساوی بۆ هێرشەکان دەهێنایەوە. ناخرییەکەی خاقان بێزار بوو و فەرمانی بە سەربازەکانی کرد هەمان کاری فارسەکان بکەن و وێرانەیی لە ناوچەی فارسەکاندا دروست بکەن. جا کاتێک نەوشیروان ئەوە دەبیستێت نامەیەک دەنێرێت بۆ خاقان و دەڵێت: "خەریکە سەربازەکانت دەجوولێنیت!" لە وەڵامدا خاقان سوێندی بۆ دەخوات و دەڵێت: "ئاگاداری هیچ شتێک نیم" نەوشیروان دەڵێت: "براکەم! ئێستا دەزانم کە سەربازانی هەردوو لامان ئەو سوڵحەی نێوان من و تۆیان ←

چوار مانگ جارێک نەبێت کە ئەو کات بۆ گەشت و سەیران دەهات و پێیان دەوت خاقانی مەزن. هەر خۆیشی سەرکردایەتیی سوپای دەکرد و کاروباری مەملەکەتەکەی خۆی بەڕێوە دەبرد، چاودێریی جەنگ و شەڕەکانی دەکرد، سەرپەرشتیی داگیرکردنی هەرێمەکانی دەکرد و زۆربەی پادشا و دەسەڵاتدارەکان کە هاوسنووری بوون، لە ژێر ڕکێفیدا بوون. لە نەریتی خاقان وا بوو هەموو ڕۆژێک بە پێخاوسی، دارێکی هەڵدەگرت و سەردانی خاقانی مەزنی دەکرد، هەر کاتێک پێش ئەوەی بچوایەتە ژوورەوە دارەکەی گڕ دەدا و گوێڕایەڵی دەبوو، تا ئەو کاتەی دارەکە تەواو دەسووتا، ئینجا لای ڕاستی پادشاوە دادەنیشت و یەکێکی تر جێی دەگرتەوە کە ناوی «کندر خاقان» بوو، دوای ئەویش یەکێکی تر هەبوو شوێنی ئەوی دەگرتەوە و ناوی «جاوشیگەر» بوو. نەریتی پادشای گەورەی خەزەر وا بوو لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد و دانەدەنیشت، جگە لەوانەی باسم کردن!

پێ خۆش نییە، بۆیە بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە بۆ شەڕ باشتر وایە دەریەندێک دروست بکەین لەنێوان سنووری هەردوو لا." لە مێژوودا بە دەریەندی مەزن (باب الابواب) ناسراوە دەکەوێتە سەر دەریای قەزوین (خەزەر) و بریتی بوو لە شوورایەکی درێژی بەهێز، بەوەش فارسەکان بە ژیری سنووڕێکیان بۆ خەزەرییەکان دانا).

بە هەمان شێوە خەزەرییەکان پەیوەندییان لەگەڵ ڕۆمەکانیش هەبووە، لە سەردەمی هێرەقل ڕۆمەکان هێزی خەزەرییەکانیان بەکار دەهێنا بۆ وەستانی پێشڕەوی فارسەکان لە سنووری زەویی ڕۆمەکان و سەرکوتکردنی هۆزە و گەلە یاخیبووەکانی ناوچەکانی قەوقاز، بەو شێوەیە خەزەرییەکان بۆ سەردەمانێکی زۆر وەکوو هێزێک هەژمون و دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکانی قەوقاز و باشووری ڕووسیای ئێستادا چەسپاند؛ هەروەها لە سەردەمی نومەوییەکان و عەباسییەکان چەندان جار ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوانیاندا هەبووە. لە ساڵی ١٠٨ک خاقانی گەورەی خەزەر بە هێزێکی زۆرەوە هێرش دەکاتە سەر ناوچەکانی ئازەربایجان، بەڵام سوپای موسوڵمانان بە سەرکردایەتیی حارسی کوڕی تائی «حارث بن الطائي» ڕووبەڕوویان دەبنەوە و بە دژواری خەزەرییەکان تێک دەشکێن، بەڵام بەردەوام لە نێوان موسوڵمانان و خەزەرییەکاندا جەنگ هەبووە. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە خەزەرییەکان خاوەن هێز و شەڕکەری نازا بوون، هەرچی دەربارەی ئایینیان دەوترێت ئەوەیە ئەمانە پێشتر بتپەرست بوون و خاوەن هیچ ئایینێکی ئاسمانی نەبوون، بەڵام دەکەونە ژێر کاریگەریی ئایینی جووەکان کە پێشتر لە ترساندا لە ناوچەکانی قەوقاز جێگیر بوبوون، چونکە لەو سەردەمەی ئەوان بوون بە جوولەکە جیهان کەوتبووە نێوان دوو هێزی مەزنی ئیسلامی و مەسیحییەوە. بڕوانە کتێبی (المملكة الخزر اليهودية وعلاقتها بالبيزنطيين والمسلمين في العصور الوسطى، د. محمد عبدالشافي المغربي، دار الوفاء)

پەیمان بەستن و کاروباری مەملەکەت و سزادان و وەرگرتنی ڕاویژچوون لە کەسە ژیر و بەئەزموونەکاندا کاری جێگرەکەی بوو.

نەریتیان وا بوو کاتێک پادشا کۆچی دوایی دەکرد خانوویەکی گەورەیان لە سەر ڕووبارێک بۆ دروست دەکرد بە شێوازێکی وا دروست کرابوو کە ژێرەوەی ئاو بوو، دەیانوت نامانەوێت هیچ مرۆڤ، یاخود شەیتان، یان گیاندار و جانەوەر و کرمێک بگات بە لاشەی پادشا. بیست ژووری تێدا بوو، لە هەر ژوورێکدا گۆڕێکیان تێدا هەڵدەکەند، ئینجا بەردێکی زۆریان دەشکاند، وەکوو کلی چاو وردیان دەکرد و لە ژوورەکاندا دەیانڕشت، پاشان بەردی گەچ؛ یان کلسی تریان بەسەر ئەو بەردە هاڕاوانەدا دەڕشت، دوای ناشتنی تەرمی پادشا لە گەردنی هەموو ئەوانە دەدرا کە پادشایان ناشتبوو، بۆئەوەی کەس ئاگادار نەبێت لە چ گۆڕێکدا نێژراوە!

بەگۆڕەکەیان دەوت بەهەشت، چونکە بڕوایان وا بوو بەدڵنیاییەوە لە بەهەشتە، بۆیە هەموو ژوورەکان بە قوماشی بەنرخی ڕۆمیی نەخشێنراو بە ئاڵتوون ڕووپۆش دەکران!

نەریتی پادشای خەزەرییەکان

نەریتی پادشای خەزەرییەکان وا بوو بیست و پێنج ژنی هەبوو، هەر یەکێک لە ژنەکانی کچی پادشاکان بوو، ئەو پادشایانەی هاوسنووری مەملەکەتی خەزەر بوون، هەندێکیان بە ئارەزووی خۆیان و کەسوکاریان درابوون بە پادشای خەزەر و هەندێکیشیان بەزۆر زەوتی کردبوون. جگە لەو بیست و پێنج ژنەی کە هەیبوون، شەست کەنیزەکی پاک و قەشەنگیشی هەبوون، هەتا بڵێی جوان و سەرنجڕاکێش بوون و تەنیا بۆ سەرجێیی لە خزمەتی پاشادا بوون، هەر یەکێک لە ژنەکانی کە ئازاد بوون و کۆیلە نەبوون خانوویەکی تایبەت بە خۆیان هەبوو، خانووەکان گومەزدار بوون و لە داری ساج دروست کرابوون (دارێکی ڕەسەن و پتەوە و بنەڕەتی وڵاتی هیندستانە. وەرگێڕ). لە پێشی خانووەکانەوە حەوشەی تایبەت هەبوو لەگەڵ پاسەوان و خزمەتکار، هەر کاتێکیش پادشا ئارەزووی هەبووایە سەرجێییان لەگەڵدا بکات، هەوالّی بۆ پاسەوانەکەی دەنارد و ئەویش بەخێرایی خێزانەکەی بۆ دەبرد و تەسلیمی پادشای دەکرد؛ ئینجا لە دەرەوە چاوەڕوان دەبوو، تا پادشا کاری خۆی دەکرد و دووبارە پاسەوانەکەی وەری دەگرتەوە و بۆ ساتێکیش بەجێی نەدەهێشت و خێرا دەگەڕانەوە بۆ شوێنی خۆیان!

کاتێک پادشا سواری ئەسپەکەی دەبوو، هەموو سەرکردە و فەرماندەکانی سواری ئەسپ دەبوون، نێوان خۆی و کەژاوەکەی کە دوای دەکەوتن میلێک بوو. بە هەر شوێنێکدا تێپەڕ بووایە خەڵکەکە سەریان دادەگرت، تا ئەو کاتەی ڕەد دەبوو، ئینجا سەریان بەرز دەکردەوە!

ماوەی دەسەڵاتی پادشاکانی خەزەر چل ساڵ بوو، کاتێک ماوەکە تەواو دەبوو یەک ڕۆژ دواتر خەڵکی و دارودەستەکەی پادشایان دەکوشت، چونکە دەیانوت: عەقڵی کەم بووەتەوە و ڕاوبۆچوونەکانی لاواز بوون و بە کەڵکی پادشایەتی نایەت!

هەر کاتێک پادشا دەستەیەکی ڕەوانە بکردایە بۆ جەنگ، مەگەر بەدەگمەن

ئەگینا هەرگیز و بە هیچ هۆکارێک بە دۆڕاوی نەدەگەڕانەوە، خۆ ئەگەر شکستیان بهێنایە، ئەوا سزای تووندیان وەردەگرت کە ئەویش بەم شێوەیە بوو: هەموو سەرباز و فەرماندە دۆڕاوەکان کۆدەکرانەوە، ئینجا ژن و منداڵەکانیان دەهێنران و لەگەڵ ئەسپ و کەرەستەی جەنگی و ماڵ و زەوییەکانیان بە بەرچاوی خۆیانەوە دەدران بە جەنگاوەرانی تر. جاری وا هەبوو هەمووبان دەکوژران و دەکران بە دوو کەرتەوە! جاری واش هەبوو سزاکەیان کەمتر و بەبەزەییانەتر بوو ئەوەش بەو شێوازە بوو کە ملیان بە کورسییەکەوە بە دار دەبەسترایەوە، تا گیانی دەردەچوو!

پادشای خەزەر شارێکی مەزنی هەبوو لەسەر دەریای ئیتەڵ لە دوو بەش پێک هاتبوو، بەشێکیان موسوڵمانی تێدا نیشتەجێ بوون و لە بەشەکەی تردا پادشا خۆی و داروودەستەکەی. کەسێک سەرپەرشتیی موسوڵمانەکانی دەکرد ناوی «خز» بوو و موسوڵمان بوو و نزیک بوو لە پادشاوە، ئەم کەسە بەرپرس بوو لە هەڵسوڕانی کاروباری ئەوان و بازرگانییان لە ئیتەڵ، کەس بۆی نەبوو حوکمیان بکات جگە لەو؛ هەموو بڕیارەکانی تایبەت بە موسوڵمانانی بۆ دەگەڕایەوە!

ئەو سەرچاوانەی کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا سوودیان لێ وەرگیراوە:

١. كتاب (المذكرات) د. محمد كردعلي، مطبعة الراقي، دمشق، ١٩٤٨م
٢. رسالة إبن فضلان، حققها و علق عليها، د. سامي الدهان، مطبوعات المجمع العلمي، دمشق.
٣. معجم البلدان، ياقوت الحموي، دار صادر لبنان، ١٩٩٧.
٤. (آثار البلاد وأخبار العباد، للإمام ابي زكريا بن محمد بن محمود القزويني، دار صادر، لبنان.
٥. كتاب الحيوان، لأبي عثمان عمرو بن بحر الجاحظ، تحقيق، عبدالسلام محمد هارون، ط١٩٦٥م، ج ٢.
٦ النهاية في الفتن والملاحم لإبن الكثير، دار المعرفة، بيروت، ط٢٠٠٤.
٧.. ذوالقرنين وسد الصين من هو.. واين هو، محمد راغب الطباخ، دار غراس، ط٢٠٠٣.
٨. ئیبن بەتووتە، سەفەرنامەکەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی حسیب ملا حامد، چاپی دووەم، نووسینگەی تەفسیر ٢٠٢٣.
٩.. هەنبانە بۆرینەی هەژار موکریانی، چاپی سێزدەیەم.
١٠. المملكة الخزر اليهودية وعلاقتها بالبيزنطينين والمسلمين في العصور الوسطى، د. محمد عبدالشافي المغربي، دار الوفاء، ٢٠٠٢م.
١١. مئة من عظماء امة الاسلامية غيروا مجرى التأريخ، جهاد الترباني، دارالتقوى . للنشر والطباعة، ٢٠١٠.

سوپاس و ستاییش بۆ خوای باڵادەست کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بوویندەوە

٢٧,٩,٢٠٢٣ _ چەمچەماڵ

١. دکتور محمد کورد علی

٢. دکتۆر سامی دەهان



٣- زەکی تۆغان



نەخشە و هێڵکاریی گەشتەکەی ئیبن فەزلان، ساڵی ٣٠٠ک.



ناوەڕۆک

پێشەکیی وەرگێڕ ٥
پێشەکیی د. سامی دەهان ٨
پێشەکیی نووسەر، شاکر لەعێبی ١١
یاقووتی حەمەوی هۆکاری دۆزینەوەی ئیبن فەزلان بوو ١٤
یاقووتی حەمەوی یەکەم کەس نەبووە کە ئاماژە بە ئیبن فەزلان بدات..... ١٧
ئایا ئیبن فەزلان سەردانی وڵاتانی نەسکەندەنافیای کردووە؟ ٢٠
ئیبن فەزلان کێیە؟..... ٣١
١. پەیوەندیی عەرەب بە گەلانی ترەوە: ٣٢
٢. کۆچی هێزی کار و پیشەوەر بۆ ناوچە دەڵەمەندەکان: ٣٣
بارودۆخی پایتەختی خەلافەت لە سەرووبەندی گەشتەکەی ئیبن فەزلان لە ساڵی ٣٠٩ی کۆچیدا .. ٣٥
پلانی ئیبن فەزلان بۆ ڕێڕەوی گەشتەکەی ٣٩
سەرەتای دەستپێکی گەشتەکەی ئیبن فەزلان ٤١
مەتنی دەستنووسەکەی ئیبن فەزلان وەک خۆی: ٤١
باسی بەڕێکەوتنی کاروانەکە: ٤٤
باسی خوارەزم و دراوی بوخارا ٤٨
باسی کوردەکانی ئاردکۆ (کوردەلیە)..... ٥١
باسی جورجانییە و نەریتی خەڵکەکەی..... ٥٢
بەڕێکەوتن بۆ ناوچەی تورکەکان و ئاشنابوون بە نەریتیان..... ٥٥
هۆزی قەتفانی تورک..... ٦٢
هۆزی باشگرد، نەسپێخۆرەکان و نەریتیان ٦٥

بیروباوەڕی ئەم هۆزانە ٦٩
باسی سەقالیبەکان ٧١
گفتوگۆی نێوان ئیبن فەزلان و پاشای سەقالیبە لەسەر بڕە پارەکە ٧٦
گفتوگۆی ئیبن فەڵان لەسەر ئیقامەی نوێژ ٧٨
دیاردە سەیرەکانی ئەو ناوچەیە ٨٠
نەریتی خەڵکی سەقالیبە ٨٥
باسی بیروباوەڕە نامۆکانیان ٨٧
باسی پیاوە زەبەلاحەکە ٩٠
باسی کەرکەدەن ٩٣
نەریتی سەقالیبەکان لە کاتی ناشتنی مردووەکانیاندا ٩٤
باسی باج وەرگرتن ٩٦
باسی ڕووسەکان ٩٨
سیفەتی ڕووسەکان ١٠١
بیروباوەڕی ڕووسەکان ١٠٢
نەریتە نامۆکانیان ١٠٤
باسی خەزەرییەکان ١١١
نەریتی پادشای خەزەرییەکان ١١٤
ئەو سەرچاوانەی کە لە وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا سوودیان لێ وەرگیراوە: ١١٦
ناوەڕۆک ١٢١

ئیبن فەزلان

IBN FADLAN

سەفەرنامە یەکێکە لە بابەتە گرنگە مێژوویی‌یەکان، بەو پێیەی بەڵگەنامەی کۆنە دەربارەی گەلان و شوێنی نیشتەجێبوون و سنووری جوگرافی و هەروەها سروشتیان، هێزی کار، توانای سەربازی و زانستی و دەستڕەنگینی و بەهێزیی شارستانییەت و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ نەو بارودۆخە کە تێیدا بوون و ... هتد.

کتێبەکە بە شێوەکی گشتی وێنای نەو سەردەمە باس دەکات لە ڕووی سیاسی، نابووری، کۆمەڵایەتی و ئایینی و سنووری نەتەوەکان و بە میراتێکی زانستیی کۆنی بەرز هەژمار دەکرێت.

یەکێک لەو گەڕیدانەی کە لە مێژوودا جێی بایەخی ناوەندەکانی توێژینەوە بووە، ئیبن فەزلانە. لە دووتوێی ئەم پەرتووکەدا بە شێوەیەکی گشتی وێنای جیهانی نیسلامی و نوممەتەکانی ناسیای خواروو و ناوەڕاست باس کراوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، ئایینی، ڕامیاری و پەیوەندیی نێوان گەلان و دابونەریتە سەیرەکان و لەنێویدا نامازەیەک بە کوردیش دەکات. هەر لەم کتێبەدا گەورەیی و مەزنیی خیلافەت و شارستانییەتی نیسلامی دەردەکەوێت کە چۆن ڕۆژگارێک تاکە هێز بووە لە ڕۆژئاواوە، تا ڕۆژهەڵات!

نرخی 4.000 دینار

9 789922 690797

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوە
هەولێر - شەقامی ٣٠مەتری تەنیشت منارەی چۆلی

/TafseerOffice

+964 750 818 08 65
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com